# سیاسەتی دیپلۆماتی

**بەشێک لە یاداشتەکانی جەیمس بیکەر**
**وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا**

جەیمس بیکەر

# سیاسەتی دیپلۆماتی

## بەشێک لە یاداشتەکانی جەیمس بیکەر
## وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەیمس بیکەر
سیاسەتی دیپلۆماتی – بەشێک لە یاداشتەکانی جەیمس بیکەر
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٨٩
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٤ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-58-4

# پێرست


وتەیەک ..... 7
١. پێکهێنانی هاوپەیمانی ..... 9
دیپلۆماتییەتی هێز و پێکهێنانی هاوپەیمانی ..... 15
سۆڤیەت ..... 24
کارتی تورکی ..... 28
جارێکی تر سۆڤیەت ..... 32
گەشتێکی کورتی لەناکاو ..... 36
بەشێکی تر لە مۆسکۆ و هلسنکی ..... 43
دواهەواڵەکان: (دیمەشق و بۆن) ..... 50
٢. هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان ..... 59
زیادکردنی هێز ..... 63
هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان ..... 69
ڕۆژێکی سی و حەوت سەعاتی ..... 70
چینییەکان و ڕووسە بەدگومانەکان ..... 77
ئەوروپایی و ئەفریقیاییەکان ..... 88
لە سەنعاوە بۆ بۆگۆتا ..... 95
کۆبوونەوەی کۆتایی لە نەتەوە یەککگرتووەکان ..... 102
دەنگدانێکی مێژوویی ..... 112
٣. گەیشتن بەڕێککەوتنێک لە نیشتمان ..... 119
ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە کۆنگرێسدا ..... 130
٤. باشترین دواهەل بۆ ئاشتی ..... 139

پێشنیازکردنی چوونی بیکەر بۆ بەغدا و تاریق عەزیز بۆ واشنتۆن ......... 144
بەرەنجام، پێکدادان لە بەرامبەر کۆدەنگیدا ............ 152
کارێکی چاک و بەرەنجامێکی ئێجگار خراپ ............ 159

## وتەیەک

کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای ساڵانی نەوەتی سەدەی ڕابردوو، جیهان گۆڕانکاریی خێرا و گەورە و چاوەڕواننەکراوی بەخۆوە بینی، وەک: (ڕووخانی دیواری بەرلین و لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتێکی پانوپۆڕی وەک یەکەتیی سۆڤیەت و... دوای ئەوانیش داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و بەرپابوونی جەنگی دووەمی کەنداو لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییە لە نێوان عێراق و هێزە هاوپەیمانەکان، بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

سەروەختی ئەو ڕووداوە گەورانەی جیهان، ئیدارەی ئەمەریکا بە دەست جۆرج بۆش و حکوومەتە کۆماریخوازەکەیەوە بوو، جەیمس بیکەری نووسەری ئەم کتێبەش لە پۆستی وەزیری دەرەوەدا بوو. بیکەر دوای تەواوبوونی ماوەی کارەکانی لە وەزارەتی دەرەوەدا، دەستی کرد بە نووسینەوەی هەموو ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی خۆی، بەوانەیشەوە کە بە نهێنی و لە پشتی پەردەوە ڕوویان دابوو.

ئەڵبەتە یاداشتەکانی بیکەر زۆر لەوە گەورەترە کە لێرەدا خستوومانەتە ڕوو، بەڵام ئێمە تەنیا ئەو بەشانەمان کردووەتە کوردی کە تایبەت بوون بە کێشەی کوەیت و گەردەلوولی بیابان لە دژی عێراق... ئەویش لەبەر گرینگیی ئەو قۆناغە و گەورەیی ئەو ڕووداوە لە ناوچەکە و جیهاندا.

لەکۆتاییدا دەبێت باس لەوەش بکەین کە لە کاتی وەرگێڕاندا، چاوپۆشیمان لە هەندێ ڕستە و پەرەگراف کردووە کە شتی لابەلا و دووبارەبووەوە بووە و سوودێکی ئەوتۆی بۆ خوێنەر نەبووە.

١

# پێکهێنانی هاوپەیمانی

"ئەگەر هەوڵەکان کاریگەر نەبوو... گەر نەتوانرا بەشێوەیەکی دەستەجەمعی کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەلامارە دوژمنکارییە بکرێت، ئەوا نازانم جارێکی تر دەبێت چی بکەین بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی."

وتەیەکی جەیمس بیکەر بۆ ئەدوارد شیڤەر نادزە
لە کۆبوونەوە باڵاکەی نێوان بۆش – گۆرباچۆف،
هلسنکی– فنلەندا ٩ی ئەیلوول.

باوکم، قـارەمـانێکی ڕاسـتـەقـینەی ئەمـەریکایی بوو لە جـەنگی جـیـهـانیی یەکـەمدا. ئەفـسـەر بوو بە پلـەی کاپتن لە تیـمی ١٩ی پیادە کـە لە فرەنسا جـێگیـر بووبـوو. بەهۆی ئازایـەتیـیـەوە، گـەورەترین نیـشـانەی ئازایـەتی وەرگرتبـوو. بەڵام وەک زۆربەی ئەو سـەربازانەی کە کـوژرانی هاوڕێکانـیـان بینیـبـوو، حـەزی نەدەکـرد زۆر قـسـە لەو بارەیەوە بکات. لەگـەڵ ئـەوەشـدا جارێکیـان باسی ئەو ڕۆژەی بۆ کردم کە فـەرمـانی بە سـەربازەکانی کردبوو یەکێک لەو حـەشـارگانە پشکنن کە گومـان دەکرا ئەڵمـانییـەکانی تێدابێت، بەڵام سەربازەکان لە وەڵامدا وتبوویان: (حەشـارگەکە هیچ سـەربازێکی تێدا نییە). هـەسـتی کردبوو سـەربازەکان لە چوونـە ناو حەشـارگەکە و پشکنینی دەترسن، بۆیە دەمانچەکەی کە عـەیاری ٤٥ میلیمەتر بوو، هێنابوویە سەرپێ و خۆی چووبووە ناو حەشارگەکەوە.

پاش چەند دەقـیـقـەیەک سـێ سـەربازی ئەڵمـانیـایی بـە دیلی هێنابووە دەرەوە. ئەمـانە چەند وانەیەک بـوون لە سـەرکـردایەتی و جـەربـەزەیی نواندن کـە تا ئەمرۆش هەر لـە یادمـە و هـەروەهـا یارمـەتیـدەرم بـوو بۆ دروسـتـبوونی ئەو قەناعـەتەی کە هـەمبوو، بە سـەرکەوتن و باڵادەسـتیی ئەمەریکا لە هـەموو ناوچەیەکی جیهاندا.

لەسـەر ئەو بڕوایە پـەروەردە بووم کە لە کاتی جەنگی جیـهـانیی یەکـەمدا ئەمـەریکا پێشـەوایەتیی جیـهانـی کـردووە، کاتێک باوکم لە حـەشـارگـەکانی (ئەوێ)دا دژی قـەیسـەر جـەنگیوە و بە درێژاییی جـەنگی دووەمی جیـهانییش بەم مـەزنێتییە ژیاوم. هەمـوو ئەمـەریکاییـیەک لەو نەوەیەی ئێمـە، لە یادیەتی

ڕۆژی ٧ی کـانوونـی یەکـەمی ١٩٤١ چـی دەکـرد. ئەو کـات لاوێک بـووم لە تەمـەنی یازدە سـاڵیدا و هۆگری یاری تێنس بووم. پاش نیـوەڕۆی ئەو ڕۆژی یەکشەمەیە، تازە لەو یارییە تەواو بـووبووم کە لە هیوستون و یانەی ئەواکس ئەنجامم دابوو.

کـاتێ لە یـاریگەی تێنسـەوە بۆ بارەگـەی یانـەکـە دەچووم، بەتایبـەتی ئەو کاتەی گەیشتمە یاریگەی گۆڵفەکە، دەنگی ڕادیۆیەک هاتە گوێم کە دەیوت؛ (بەندەری بیـرل هاربەر پێش کـەمـێک بۆمـبـاران کـراوە). بـاوک و دایکم، ڕۆزفێڵتیان خۆش نەدەویست، ئەوەبوو باوکم تەنیـا یەک جار لە ساڵی ١٩٣٢ دەنگی بۆ دابـوو، بەڵام دووبـارەی نەکـردبـووەوە. باوکـم بەرهـەڵسـتکارێکی توندی ئـەو سـەودا و مـامـەڵە نوێیـەی ڕۆزفـێـڵت بوو کـە پێـی وابوو دەگـاتە ئاستی سۆسیالستی.

هـەنـدێ کـات لـە مـاڵەوە کـە مـیـوانمان دەهات، داوای لـێ دەکـردم چـەند کۆپلەیـەک لەو هـەڵبەسـتـە گاڵتـە ئامێزانە بڵێم کـە دژی ڕۆزفێڵت نـووسرابوو، بەڵام هـەرگیز بە خـەیاڵی من و باوکمدا نـەهاتووە گومان لە مەزنێتی ڕۆزفێڵت بکەین. بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەدا. هـەروەک جۆرج بۆش، من سـەر بەو نـەوەیە بووم کـە قـەناعـەتی بە پـاکس ئەمـەریکانا هـەبوو. واتە ئەمـەریکا ئـەو هێـزەیە بەشـداری دەکـات لە پێناو دروسـتکردنی گۆڕانێکی خەللاق و بنیاتنەرانە لە تەواوی جیهاندا.

تا ئێسـتـاش لەو بڕوایەدام. بە درێژایی ئەم پەنجا سـاڵەی دوایی، زۆر شت لە مـەسـەلە گـەردوونییەکاندا گۆڕاوە و بەشـداری پۆزەتیـڤـانەی ئەمـەریکاش ئەنجـامی کـاریگەری هەبووە. ئەمـە شـتێک بوو بەردەوام بـاوەڕم پێێ هـەبوو، بەڵام ئەوەتـا ئەو مـەزنێـتـیـیـەی ئـەمـەریکا، جـارێکی تر لـە ٢ی ئابی ١٩٩٠ ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە.

بەم داگیرکارییـە بێشـەرمـانەی کوەیت، ئامانجـەکانی سـەدام حوسـێن بە

هەموو هێز و ڕەهەندەکانییەوە خۆی خستە ڕوو. ئەو کات زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوون جموجووڵی سەربازیی عێراقی لەسەر سنوورەکانی کوەیت لە کۆتایی مانگی تەموزدا، هیچ نییە جگە لە ترساندنی کوەیت بۆ والاکردنی گەنجینەکانی. بەڵام هەندێکی تر پێیان وابوو کە ڕەنگە عێراق دەست بگرێ بەسەر کێڵگەی نەوتی ڕومێلە و بوبیان و دوورگەکانی وەعدە کەکروت، بۆ ئەوەی سازش بەمیری کوەیت بکەن و ناچاری بکەن بەهەندێ شت.

کەس لەو باوەڕەدا نەبوو داگیرکردنەکە سەرتاسەری بێ، بەڵام بە ناردنی ئەو هەموو هێزە لە زرێپۆشەکانی بۆ سنووری کوەیت و سعوودیە، ئیدی سەدام ئارەزووەکانی خۆی و ئامادەیی بۆ ڕیسککردن نیشان دا. سەرەڕای ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکەتیی سۆڤیەت لە فڕۆکەخانەی (فنوکوفۆ ٢١)ەوە بڵاو کرانەوە، لە ئەنجوومەنی ئاسایش و لە دووەم ڕۆژی قەیرانەکەدا، بە کۆی دەنگ ئیدانەی پەلاماردانەکەی عێراق کرا. بەڵام عێراق بە درێژایی هەفتەی دووەمی پەلاماردانەکە، بەردەوام بوو لەسەر ناردنی هێزی زیاتر بۆ ناو کوەیت.

لە وەڵامی ئەمەدا کاتێک بۆش لە فڕۆکەی ژمارە (یەک)ی پیادەی دەریایی لە باخچەی کۆشکی سپی دابەزی، پاش نیوەڕۆی یەکشەم ڕێکەوتی ٥ی ئاب وتارێکی دا کە ڕەنگە بە بەناوبانگترین و بوێرانەترین هەڵوێستی ئەو بە درێژایی ساڵانی سەرکردایەتیکردنەکەی بدرێتە قەڵەم. بۆش، لەوێدا وتی: "ئەم داگیرکارییە بۆ سەر کوەیت بەردەوام نابێت"

هەندێ لە ڕەخنەگرەکان پێیان وابوو ئەو سووربوون و بانگەوازەی سەرۆک، هەر لە سەرەتاوە ئاماژەن بەوەی بۆش نیازی هەڵایسانی جەنگی هەیە. ڕەنگە ئەمە خوێندنەوەیەکی هەڵە بووبێت، چ بۆ جۆرج بۆش و چ بۆ ئەو هەڵوێستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مانگی ئابدا خۆی تێدا بینییەوە، بەو پێیەی تاکە هێزێکی مەزن بوو لە جیهاندا مابێتەوە.

بانگەوازەکـەی سـەرۆک بۆش هـەر لە سـەرەتاوە ڕەنگدانـەوەی هەسـتی خۆڕسک و سروشتیی ئەو بوو، بەوەی ئەم کێشەیە کێشـەیەکی ئاسایی نییە و دەبێتە خاڵێکی جیاواز لە مێژوودا. هەروەها بانگەوازەکەی ئەوەی نیشان دا کە سوورە لەسەر ئەوەی ڕێ لە دوژمنکارییەکەی عێراق بگرێت.

لە قۆناغەکانی یەکەمی ململانێکەدا لە ڕۆژانی گەرمـی ئابەوە بۆ ڕۆژانی سەخت و ڕەهێڵەی شوبات هەرکاتێک سەرۆک بیویستایە بڕیارێک بدات، جـار لە دوای جـار جـەختی لەسـەر ئەم خـاڵە دەکـردەوە. لەگـەڵ هەمـوو بڕیارێکیشدا کۆمەڵی نێودەوڵەتی هەنگاوێک لە دەرکردنی عێراق لە کوەیت نزیکتر دەبووەوە. بەڵام ئەو شتـەی وتارەکـەی سـەرۆک ئاشکرای نەکرد، چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بوو.

گـومـان هـەبوو لەوەی کـەسـێک هەبێ بتـوانێ، چـۆنیـەتی ڕوودانـی ئەو کـێشـەیە پێشـبـینی بکات. لە چەند کـەسـێکی کـەم بـەولاوە کـەسـی تر نەیدەتوانی پێشـبـینی ئەو ڕۆڵە یەکـلاییکەرەوەیەی سـۆڤـیـەت بکات، بە سەرکردایەتی وەزیرێکی دەرەوەی لێهاتووی بیرتیژی وەک ئەدوارد شیڤەر نادزە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشـەیەدا. هیچ کەس نەیدەتوانی پێشبینیی ئەوە بکات کـە عـەرەبـەکـان بە کـوێ دەگـەن، لەگـەڵ ئەمـەریکاییـیـەکـان و ئەوروپاییەکاندا دەبن بۆ گۆشەگیرکردنی وڵاتێکی عەرەبی کە سەرۆکەکەی پێی وابوو جێگری شەرعیی عەبدولناسرە.

بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەتوانین ئاماژەی تەواو بدەین بەوەی کە چۆن کۆتاییـهاتنی جـەنگی سارد ڕێگەی دا بە دامـەزراندنی ئەم هاوپەیمانێتییە نێونەتەوەییـەی پێشتر لـە ئارادا نەبووە و بە پشتـێنەی بیابـان ناسراوە، هەروەها هـەسـتـان بەو پرۆسـە سـەربازییـەی گـەردەلوولی بیـابان. هەمـوو ئەمانەش پێکەوە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ بەرەو باشتربردنی ڕەوتی پرۆسـەی ئاشتی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ڕێگەی بۆ ئیسرائیل خۆش کرد، لەگەڵ

هاوسێ عەرەبەکانیدا لە مەدرید ڕووبەڕوو دابنیشێ و گفتوگۆ بکات.

بەبێ بوونی ئەم ڕووداوانە کە فاکتەرێکی بەهێزبوون بوون، ئێستا ئیسرائیل لە ئاشتیدا نەدەبوو لەگەڵ ئوردندا و هەرگیز بڕیاری ئاشتی لەگەڵ فەڵەستینییەکان و لبنانییەکان نەدەدا.

ئەوەی سەرۆک لە کەنداودا کردی، شتێکی ڕاست و دروست بوو، جۆرج بۆش چەند ڕێگەیەکی قورسی گرتە بەر کە هەموو جیهان لە سەرکردایەتیی ئەمەریکایان پێشبینی دەکرد. ئەگەرچی لەو کاتەشدا هەندێ لە دۆستەکانمان، بەئاشکرا گومانیان هەبوو لە مومارەسەکردنی ئەو ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنە.

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئاب کاتێک لە کۆشکی سپیدا پێکەوە لەگەڵ بۆش دانیشتبووین، پێم وت: "دەزانم درک بەو ڕاستییە دەکەیت کە بارودۆخی ئێستا بارگاوییە بەهەموو ئەو کێشانەی بوونە مایەی کەوتنی سیان لە پێنج لە سەرۆکەکانی ئەمەریکای پێش خۆت، وەک: کێشەی بارمتە گیراوەکان، تابووتی کوژراوەکان و قەیرانی ئابووریی گەورە و فراوان، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ ٤٠ دۆلار". سەرۆک بەتەواوی لە مەبەستەکەم گەیشت و بەم جۆرە وەڵامی دامەوە: "جیمی، من هەموو ئەوانە دەزانم، بەڵام ئەوەی دەیکەین شتێکی ڕاستە. ئێمە ئەوە دەکەین کە لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە، ئیتر چی ڕوودەدات با ڕووبدات".

## دیپلۆماتییەتی هێز و پێکهێنانی هاوپەیمانی

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٤ی ئاب و لە کامپ دیڤید سازی دا، سەرۆک بڕیاری دا هەنگاوی یەکەم، بەرپەرچدانەوەی هەر پێشڕەوییەکی عێراقە بەرەو عەرەبستانی سعوودیە. ئەم کردەوەیە

گرتنەبەری سیاسەتی دیپلۆماتییەتی هێزە لە دژی سەدام حوسێن. پاشان دەست دەکەین بە فشاری دیپلۆماتی و دوای ئەوە بەوپەڕی وریاییەوە دەست بە جێبەجێکردنی فشارە ئابوورییەکان دەکەین، لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. دواجار دەست بە فشاری سەربازی دەکەین، ئەویش بە زیادکردنی قەوارەی هێزەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کەنداودا.

ستراتیجییەتی ئێمە، سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانییەکی سیاسیی جیهانی بوو، بەمەبەستی گۆشەگیرکردنی عێراق. هیوامان وابوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکانەوە کارێکی وابکەین، سەدام حوسێن باجێکی گەورەی دوژمنکارییەکەی بدات و ناچاربێت بارمتە گیراوە ڕۆئاواییەکان ئازاد بکات و پاشەکشێ لە کوەیت بکات. ئەگەر نەکشایەوە، ئەوا بەزەبری هێزی سەربازی کوەیتی پێ چۆڵ دەکەین. هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجییەتە، پێویستمان بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک هەبوو لەگەڵ دۆستەکانماندا.

مرۆڤ دەتوانێ پێشبینی ئەوە بکات هەوڵە دیپلۆماتییەکەمان چی بەسەردێت، گەر سۆڤیەتمان پشتگوێ خست کە هاوپەیمانێکی تەقلیدیی عێراقە. هاوکات ستراتیجییەتی ئێمە لە مومارەسەکردنی فشاری ئابووری، بێگومان تووشی شکست دەبوو ئەگەر تورکیا ڕازی نەبوایە بەوەی ئەو بۆڕییە نەوتانە دابخرێ کە لە عێراقەوە دەهات و بەناو خاکی ئەودا تێ دەپەڕێ. هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەی سەربازیدا، پێویستمان بە پشتگیری گەلی ئەمەریکایی و کۆنگرێس دەبوو، بۆ داکۆکیکردن لە شەڕەکە.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم پشتگیرییەش دەبوو بیسەلمێنین کە ئێمە پێش هەرشتێک، هەموو ڕێگەیەکی ئاشتییانەمان تاقی کردووەتەوە. هاوکات وەک سەرکردایەتییەکی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتمان کردووە، نەک وەکو

چاودێرێکی تاکرەوانە. ئێمە سووربووین لەسەر ئەوەی ژمارەیەک لە وڵاتان لەگەڵماندا بچنە ژێر باری هەندێ لە پێویستییەکان، بەتایبەتی لە رووی داراییەوە. شەڕکردن لە کەنداودا نابێتە هۆی دروستبوونی شەڕ لەگەڵ سۆڤیەتدا، چونکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێمەدا هەڵسوکەوت دەکەن.

لە رووی گرینگییەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم ئامراز و جومگەی سەرەکی بوو بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکە. ئەوەبوو لە ٢ی ئابدا و لەسەر داواکاریی ئێمە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بۆ یەکەم جار بڕیارەکانی گەیاندە ١٢ بڕیار. بڕیاری (٦٦٠) تەنیا بە ئیدانەکردنی داگیرکاریی سەدامەوە بۆ کوەیت نەوەستا، بگرە داوای کشانەوەیەکی دەستبەجێ بێ قەید و مەرجی دەکرد.

شێوەی دارشتنی بڕیارەکە، بە زمانێکی ئێجگار ڕوون و ئاشکرابوو. بەمەبەستی جەختکردن لەسەر ئەوەی دەنگدان لەسەر ئەوە بێت، لەگەڵ داگیرکارییەکەن یان لە دژینی. ئێمە پێمان وابوو پێویستە ئەو مشتومڕە دووربخەینەوە، نەک مەسەلەکە ببێتە بەرەنگاربوونەوەیەک لە نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکاندا کە ئەمەش هێندەی تر بنیاتنانی هاوپەیمانییەکە و پاراستنی بەردەوامبوونی قورستر دەکات. لێرەدا بەدڵنیاییەوە سروشتی ئەو دوژمنکارییە ئاشکرایەی سەدام یارمەتیدەر بوو بۆ ئەو مەسەلەیە، چونکە کوباش سەرسامی کردین کاتێ لە دەنگداندا هاتە ناو هاوپەیمانییەکەوە. سەرەنجام دەنگدان لە دژی عێراق بەکۆی ١٤ دەنگ بەرامبەر بە هیچ بوو، لەگەڵ رازی نەبوونی یەمەن بە دەنگدان.

ڕۆژی دواتر لە مۆسکۆ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤیەت پێکەوە ئیدانەی پەلامارەکەیان و کرد و بڕیاریان دا ڕێگەگرتن لە ناردنی چەک بۆ بەغدا. پاش سێ ڕۆژ سعوودیە رازی بوو بە هاتنە ناوەوەی ١٠٠ هەزار سەربازی ئەمەریکایی بۆ ناو خاکەکەی. لە ماوەی کەمتر لە

هەفتەیەکدا پایە سەرەکییەکانی هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە بەتەواوی پێک هات و چەسپی.

***

دەکرا پرۆسەی گەردەلوولی بیابان بە دەستپێشخەرییەکی تەواو ئەمەریکاییانە بکرێت. لە ڕووی یاساییەوە سەرۆک هەڵگری هەموو ئەو مەرجانە بوو، بۆ هەڵسوکەوتکردن بەپێی مادەی (٥١) لە بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێگە بە وڵاتانی ئەندام دەدات پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

هەندێ لە هاوپەیمانەکانمان لەو بڕوایەدا بوون، پێویستە مادەی (٥١) جێبەجێ بکەین و دەست بکەین بە دابەشکردنی هێزەکانمان لە کەنداودا، بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەست بە ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان بکەین. دیارترین کەسێک کە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بوو، مارگرێت تاچەری سەرۆک وەزیرانی ئینگلستان بوو.

لە ٦ی ئابدا سەرۆک لە نووسینگەی خۆی لە کۆشکی سپی، لەگەڵ تاچەر کۆ بووەوە. سەبارەت بە پێوەندیی تایبەتی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا شتی زۆر نووسراوە، ئەو پێوەندییەی هەردوو وڵاتی بە درێژایی دوو سەدە پێکەوە گرێداوە لە هەموو ڕوویەکەوە، پێوەندییەکی ئاشکرا و توندوتۆڵە. ئێمە هیچ هاوڕێیەکمان نییە لە ئینگلیزەکان باشتر بێت.

پێوەندییەکانی نێوانمان ئێجگار تایبەتین، ئەمەش دەرفەتێک دەداتە ئینگلیز کە کەسی تر جگە لەوان نەیبێت. ئەو دەرفەتەی کە هەندێ کات قۆڵیان پێ بادایین. هەندێ جاریش لێهاتوو بوون لەو کارەدا. هەروەک چۆن سەرکردایەتییە لێهاتووەکەی لە شەڕی فۆکلاند ساڵی ١٩٨٢ ئەو ئازایەتییەی دەرخست، ئەو کات تاچەر ئەندامێکی بالادەست بوو لەو قوتابخانەیەی دەڵێت: "ئەوەی ئێستا پێویستە، بەئەنجامی بگەیەنە و دوای ئەوە با نیگەرانیی دات بگرێت". هیچ کاتێکیش دوودڵ نەبووە و لە

ڕاگــەیاندنی ئەوەی بیــری لێ دەکــردەوە. لەو کــاتەدا هەســتی بە هیچ ڕووگیربوونێک نەدەکرد لە دەربڕینی ئەو گومانە ترسناکەی بەرامبەر ئێمە هەیبــوو، لەبەرئەوەی بەرنامــەیەکی چەند لایەنەمــان بەرامــبــەر ســەدام دارشتبوو. پاشان وتی: "زۆر بە سادەیی پێتان دەڵێم کە ناتوانین درێژە بە بەردەوامیی ئەم حاڵەتە بدەین، پێویستە ئێستا چارەسەری بکەین".

لەســەر ئەوە ڕێککەوتین کــە مــادەی (٥١) لە ڕێککەوتننامــەی نەتەوە یەکگرتووەکــان ڕێگەمــان پێ دەدا یەک لایەنانە هەڵسوکەوت بکەین، بەڵام تاچەر لەو باوەڕەدا بوو کە داواکردن لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ سەپاندنی چەند سزایەک دژی عێراق -کە ئەمە هەر لەو ڕۆژدا ڕووی دا- ، لە کاتێکی تردا دەبێتە ڕێگر بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی بەپێی مادەی (٥١) لە بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

بوب کــیــمــیت قــەناعــەتی پێ کــردم کــە تاچەر لە ڕووی یاســاییــیــەوە بەهەڵەداچووە و هەر خــۆشــی لە کــاتێکی تردا ئیــعــتــرافی بەوە کــرد. بەشێوەیەکی عەمەلی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو، جگە لە ئەزموونی پەیڕەوکردنی ئەزموونی هاوپەیمانێتی بۆ مــامــەڵەکــردن لەگــەڵ کــێــشــەکــەدا بەبێ ئەمــەش بەهیچ شــێــوەیەک نەمــاندەتوانی ئەو هەمــوو پشتگیرییە کۆ بکەینەوە، بۆ قــەناعەت پێکردنی سەدام حوسێن بەوەی ڕووبەڕووی هەموو کۆمەڵگەی شــارستــانی دەبێتەوە. ڕەنگە هیچ هێزێکی گەورە بەتەنیا نەتوانێ بیترسێنێ.

بەبێ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکــان، هەرگــیــز نەمــاندەتوانی ئەو بڕە هاریکارییــە بەدەست بهــێنین لە وڵاتەکــان. هاریکارییــەکــەش بەهۆیەکی یەکلاکەرەوە دادەنرا، بۆ گۆشەگیرکردنی سەدام لە ڕووی دیپلۆماتییەوە. هــەروەها بــەبێ بــڕیاری نــەتــەوە یەکگرتووەکــــان، ڕاســــتی و دروســــتــیی مەسەلەکەمان جێی گومــان دەبوو نەک تەنیا لە جیهانی عەرەبیدا، بگرە لای

هەندێک لە ڕۆئاواییەکانیش.

لەم سەروبەندەدا بەپێی پێویست پشتگیری سیاسیی ناوخۆییمان نەبوو بۆ ئەو کارەی دواجار پێی هەستاین، ئەویش دەرکردنی عێراق بوو لە کوەیت و ناردنی (٥٥٠) هەزار سەربازی ئەمەریکایی بوو بۆ کەنداو و شەڕکردن لەوێدا. زۆرجار هێزە گەورەکان ناچاربوون بە درۆ لافی ئەوە لێ بدەن کە هەوڵی ئەوە دەدەن کاری هاوبەش بەئەنجام بگەیەنن، پاشان ئەو کارەیان بەتەنیا جێبەجێ کردووە. هەروەک چۆن ئێمە ساڵی ١٩٨٣ لە گرینادا و ساڵی١٩٨٩ لە پەنەما ئەو جۆرە ئیشکردنەمان بەئەنجام گەیاند، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمجارە بارودۆخەکە بەو جۆرە نابێت.

کاتێ بڕیاری دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکەمان دا، ئیتر هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان بۆ ئەوەبوو وڵاتی ئەندام کۆ کەینەوە و پارێزگاری لە هاوپەیمانییەکە بکەین بەدرێژایی ماوەی کێشەکە.

یەکەتیی سۆڤیەت لەم کاتەدا چەند گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوە بینی ئەوەبوو پاش شەڕەکە، ئەدوارد شیڤەر نادزە دەستی لە کار کێشایەوە. ئەمەش بووە هۆی نائومێدکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەهێزترین هاوپەیمانەکانی خۆی لەناو یەکەتیی سۆڤیەتدا. سیاسەتی سزاکان، کۆمەڵێ بارگرانی خستە سەر شانی ژمارەیەک لە وڵاتان. تەنانەت زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە هاوپەیمانێتییەکەدا بەشدار بوون، سەرەتا دوودڵ بوون بە فیعلیی لەگەڵ عێراقدا بچنە شەڕەوە.

بۆ خۆم لەو بڕوایەدا بووم کە پارێزگاریکردن لە یەکگرتوویی هاوپەیمانییەکە، زۆر قورسترە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە. لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئیقلیمیی قەیرانەکەوە، پێویستمان بەوە هەبوو بیر لە چەند وڵاتێکی تر بکەینەوە تا لە ناوچەکەدا هاوشانی سعوودیە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن، وەکو تورکیا. ئەو وڵاتەی حکوومەتە مەدەنییەکەی لاوازی

بەسیمایەوە دیاربوو، لەگەڵ ئەو نیگەرانییە ڕاستەقینەیەی سەبارەت بە نەتەوەی کورد هەیەتی و بووەتە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی نیشتمانی. سوریا کە سەرۆکەکەی ڕقی لە سەدامە و هەروەها ڕقیشی لەوەیە ئیسرائیل بە ئارامی ببینێ.

میسر، دەنگی سەرەکی میانڕەویی عەرەبی لە ناوچەکەدا. ئیسرائیل کە دەتوانێ هەرکاتێ بیەوێ هاوپەیمانییەکە دوو کەرت بکات، ئەویش بەوەی ڕێوشوێنی خۆپاراستن دژی سەدام بگرێتە بەر. ئێران کە جگە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، عێراق لە ڕیزی پێشەوەی دوژمنە سەرەکییەکانیدایە. ئوردن کە شاکەی سیاسەتی دەستی دەستی پێکردنی پەیڕەو کرد، بۆ خۆدوورخستنەوە لە وروژاندنی نفووزی دراوسێ بەهێزەکەی (سەدام حوسێن). فەلەستینییەکان کە پشتگیریکردنیان لە سەدام، هەڕەشەی لە ئومێدەکانمان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگە نارازییەکان دژی عێراق. یەمەن کە پشتگیریکردنی لە عێراق، ڕیزەکانی هاریکاری عەرەبی کەرت کرد.

سەرباری ئەمە (پرۆسەی پشتێنەی بیابان) پێش هەموو شتێک و بە پلەی یەکەم، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیهانییە. بەم جۆرە و بەشێوەیەکی کتوپڕ، لە دوای بچووکبوونەوەی هێزە گەورەکەی سۆڤیەت، دووان لە مەزنترین سوپاکانی جیهان لە ناوچەیەکدا کە جێگەی بەیەکگەیشتنی سێ کیشوەر و سێ شارستانی و سێ کولتوورە، بەرەو شەڕ دەچن. ئەمە بۆخۆی شیمانەی مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ سەر ئارامیی ناوچەیی و ئاسایشی ئابووریی جیهانی. پێویستیی زۆری ئاسایشی ئابووریی جیهانی لە پاڵ پێویستییەکی بێ ئەندازە، بۆ کۆکردنەوەی ملیۆنان دۆلار بۆ بەمەبەستی درێژەدان بەهەوڵەکانمان، تەئکیدی لەسەر پێویستیی بەشداربوونی چەند هێزێکی جیهانیی تازە پێگەیشتووی وەکو یابان و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەکردەوە. هەر لە سەرەتاوە بڕیاری چوونمان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئاشکرا ڕێگەی

ئەوەی خۆش کرد تا کێشەکە سروشتێکی جیهانیی هەبێت.

***

ڕەنگە پرۆسەی دروستکردنی هاوپەیمانەتییەکی دیپلۆماتیی لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا -بەشێوەیەکی تیۆری-، وا دیار بێت کە ئەزموونێکی سادەی هەڵخەڵەتێنەر بێت. لە هەر مەسەلەیەکدا بە هاوکارەکانمان دەستمان پێ دەکرد، لەنێو پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەدا (ئینگلستان و فرەنسا و یەکەتیی سۆڤیەت و چین) کە لە توانای هەریەکێکیاندایە ئامانجەکانمان لە بار بەرن بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، بێگومان بە بەریتانیا دەست پێ دەکەین، چونکە هەمیشە دڵسۆزترین هاوپەیمانمان بووە. دوای بەریتانیا، فرەنسا دێت، ئینجا پاش ئەویش یەکەتیی سۆڤیەت. لەم کاتەدا و لە ئەنجامی کۆبوونەوەم لەگەڵ شیڤەر نادزەدا لە ٢ی ئابدا، بە فیعلیی ئیلتزامێکمان لە سۆڤیەتەوە دەستکەوت، بە سەپاندنی گەمارۆیەک لەسەر ناردنی چەک بۆ عێراق. فرەنساش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرچاوەیەکی سەرەکیی چەک بوو بۆ عێراق و حکوومەت کەوتبووە ژێر فشاری فرەنسایییەکانەوە. لە توانای فرەنسایییەکاندا نەبوو نەرمتر لە سۆڤیەت دەربکەون. هەر ئەوەندەی بتوانین بگەینە کۆبوونەوەیەکی بەهێز لەگەڵ ئەو سێ لایەنەدا، ئەوسا مامەڵەکردن لەگەڵ چیندا ئاسان دەبێت. لە ڕاستیدا چین هیچ شتێکی بەقەد ئەوە بەلاوە ناخۆش نییە کە هەڵیبوێریت لەوەی، کیمیت حەز دەکات ناوی بنێ (یانەی گەورەکان). ڕوونتر بڵێین، چین ڕقی لەوەیە گۆشەگیر بکرێت. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش ڕقیان لەوەیە وا دەربکەون کە گوایە لە سۆڤیەت زیاتر کۆسپ و تەگەرەیان هەیە.

ئەم مەسەلەیە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەسابخانەیەی، ساڵی ١٩٨٩ کە سەدان بەرهەڵستکار بوونە قوربانیی لە تیانامین و بووە هۆی گۆشەگیربوونیان لە ڕووی دیپلۆماتییەوە.

ئەو ستراتیجەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا گرتبوومانە بەر، ستراتیجێکی بەکەڵک بوو بۆ پەیڕەوکردنی دیپلۆماتییەتی هێز. ئەم ستراتیجەش زۆرجار کاریگەریی خۆی سەلماندووە. سۆڤیەت گرینگیی تەواوی هەبوو نەک تەنیا بەو پێیەی هێزێکی مەزن بوو لە قۆناغی بچووکبوونەوەدا دەژیا، بگرە بەو پێیەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕووی ناوچەییەوە ڕۆڵێکی کارای هەبووە و سەرچاوەی هەناردەکردنی چەک بووە بۆ هەریەک لە عێراق و سووریا. هەریەک لە بەریتانیا و فرەنساش خاوەن مێژوویەکی درێژی شکست و هەستانەوەن لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ نموونە؛ بەریتانیا بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە دروستبوونی عێراق کە لە ساڵی ١٩٣٢دا سەربەخۆیی بەدەست هێناوە. سەرەڕای دووریی هەردووکیان لە ناوچەکە لە دوای شەڕی سوێسەوە، بەڵام ئەم قەیرانەیان بە هەلێکی چاک دەزانی بۆ تەئکیدکردنەوە لە کولتووری خۆیان، وەک دوو هێزی مەزن. چینیش، بەردەوام ئەو وڵاتە بووە کە نەیویستووە پشتگیری هەوڵەکانمان بکات، بەڵام دواجار حەز بە لەناوبردنیشیان ناکات.

لەگەڵ دەستەبەرکردنی پشتگیری پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕەنگە ئاوڕ لەو وڵاتانەی تر بدەینەوە کە ئەندامن لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا و زۆربەیان وڵاتی بێلایەن نین. هاوکات وڵاتە بچووکەکانیش دەتوانرێ دەنگەکانیان مسۆگەر بکرێ. لەگەڵ ئەمەدا ستراتیجێکمان گرتە بەر کە زۆر سەرکەوتووانە بوو. ئەویش بەوەی مەسەلەکەمان بۆ نەتەوە یەککگرتووەکان جێهێشووە کە پەناگەی تەقلیدیی هەژارانە، نەک بەشێوەیەکی تاکڕەوانە هەڵسوکەوت بکەین.

هەروەها دەمانتوانی واقیعێکی تر بقۆزینەوە کە ئەویش ئەوەبوو، لەگەڵ هەرەسهێنانی کۆمۆنیزمدا ڕێگە بۆ وڵاتە یەککگرتووەکان خۆش بوو تا وەک تاکە هێزێکی مەزن و باڵا بمێنێتەوە. لە ئەنجامی ئەوەشدا هەمووان لە هەوڵی ئەوەدان ڕەزامەندیی بەدەست بهێنن. ئەمەش نفووزێکی چاکی بۆ

دروست کـردین و لـه مـاوەی قـەیرانەکـەدا دوودڵ نەبووین لە وەی بەکـاری بهێنین.

**سۆڤیەت**

هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵی سۆڤیەتم بە ڕۆڵێکی کاریگەر دانابوو لە پرۆسەکەدا. بەپێی هەموو حسـاباتێکی سـتراتیجی، پشتگیریی ئەوانم بـە مەرجێکی پێویست دەزانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەک کە پشتی پێ ببەسترێت. دەبوو خـۆمـانیـان لێ نزیک بکەینەوە و دڵیـان بدەینەوە و بـە ڕادەیەک بەشداریيان پێ بکەین کە هیچ سیاسەتمەدارێکی پێشووی ئەمەریکایی کاری وەهای نەکردبێت.

لە ڕاستیدا تەنیا لە مانگی ئابدا من و شیڤەر نادزە، یازدە پێوەندیی تەلەفۆنی و پێنج نامەمان ئاڵوگۆڕ کرد. ئەمەش ئاستێک بوو لە وتووێژ کە ساڵێک لەوەوبەر نەدەتوانرا پێشبینیی ڕوودانی بکرێت. ڕەزامەندیی ئەوان ئێجگار گرینگ بوو. هەتا ئێستاش پشتگیریی ئەوان لەگەڵ هەموو ناڕەحەتییەکاندا هەر پێویستە. ئەم مەسەلەیەم لە نامەکەی شیڤەر نادزەوە بیرکەوتەوە پاش دوو ڕۆژ لەو کۆبوونەوەیەی کە لە فرۆکەخانەی (فنۆکوفۆ/٢) بەستبوومان. ئەو زمانەی نامەکەی پێ نووسرابوو ئێجگار جیاوازبوو، لەو زمانە نەرمونیانەی کۆبوونەوەکەمان پێ ئەنجام دا. لە نامەکەیدا هاتبوو کـە حکوومـەتەکـەی دژی دەرکـردنی هـەر بڕیارێکی تازەیـە لەلایەن نـەتەوە یەکگرتووەکـانەوە، ئەگـەر کـاتی تـەواو نەدەن بە عـێـراق بۆ کـشـانەوەی هێزەکانی لە کوەیت.

شـتێکی ئاشکراشـە کـە لۆبیی عـەرەبی بـەهۆی ئەو بەیانە هاوبەشـەی ئەمەریکا و سۆڤیەتەوە تووڕە دەبێت و شیڤەر نادزەش باجەکەی دەدات. بەرەبەیانی (٥ی ئاب) لە کۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆک و برینت سکۆکرۆفت کۆ بوومەوە، بۆ لێدوانێکی ورد لەسەر ئاگەدارکردنەوەی بەپەلەی سۆڤیەت

لەو هەواڵە خێراییەی کە شا فەهد داوای یارمەتی لە هێزەکانی ئەمەریکا کردووە. لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی شیڤەر نادزە، بەدەرکەوت ئەوان خۆشحاڵ نین. بەپێویستم زانی تەلەفۆن بۆ شیڤەر نادزە بکەم و بەپێی توانا هەواڵەکە بەجۆرێک بگەیەنم بەلایەوە پەسند بێت.

پێم ڕاگەیاند شا فەهد داوای چوونە ناوەوەی سوپای ئێمەی کردووە، بەڵام ئێمە هەوڵی فراوانکردنی نفووزی خۆمان نادەین لە کەنداودا.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، پێشنیازەکەی من سەبارەت بە بەشداریکردنی سۆڤیەت لە هێزی فرە ڕەگەزەکان و پێشنیازی شیڤەر نادزە بۆ زیندووکردنەوەی لێژنەی ئەرکانی شەڕ، بەهیچ ئاکامێک نەگەیشت. چونکە پێم وابوو ئەو داوایەی سۆڤیەت بەرامبەر هێزی سەربازیی ئەمەریکایی بۆ کەنداودا، پێچەوانەی ئەو چل ساڵەی کاری دیپلۆماتی بوو کە بۆ ڕێگرتن لە دەست تێوەردانی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا دانرابوو. سەرەتا هەریەک لە سەرۆک و پاول و دیک چینی و سکۆکرۆفت گومانی خۆیان ڕاگەیاند. پاول نیگەرانییەکی تایبەتی هەبوو، سەبارەت بەوەی ڕۆڵێکی گرینگ بدرێتە سۆڤیەت لە هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر عێراق لە دواڕۆژدا.

***

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧ ی ئاب، لە واشنتۆنەوە تەلەفۆنم بۆ شیڤەر نادزە کرد کە لە شوێنی تایبەتیی حەوانەوەی خۆی بوو لە دەرەوەی مۆسکۆ، سەبارەت بە کێشەکە پێکەوە وتوێژمان لەسەر تازەترین ڕاپۆرتی دەزگا ئیستیخباراتییەکان کرد و پێم وت: سەرۆک لەسەر داوای فەهد، هێزی ئەمەریکایی ڕەوانەی کەنداو کردووە و پێم ڕاگەیاند هێزەکانمان لە سبەینێوە دەست دەکەن بە بڵاوبوونەوە لە ناوچەکەدا. ڕۆژی چوارشەمیەش سەرۆک ڕاگەیاندنێکی تایبەت بەو مەسەلەیە بڵاو دەکاتەوە. لە ڕۆژی ٨ی ئابدا ئەوەم ئاشکرا کرد کە ئەم جموجوڵە سەربازییە شتێکی کاتییە و

هێزەکانمان لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی کێشەکەدا عەرەبستانی سعوودیە جێ دەهێڵن، چونکە هیچ نیازێکمان نییە بۆ ئەوەی هێزی ئەمەریکایی بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە.

لە کاتی تەلەفۆنکردنەکەماندا هەستم بە ڕادەی دووریی نێوانمان کرد، چونکە سۆڤیەتییەکان حەساسییەتێکی زۆریان لە بەرامبەر بارودۆخەکەدا هەبوو. ئەگەرچی پێش ٤٨ سەعات لە بڕیارەکەمان ئاگادارمان کردوونەتەوە کەچی شیڤەر نادزە تووڕە بوو وتی: (دەمەوێت بزانم تۆ ڕاوێژت پێ کردین یان ئاگادارت کردینەوە؟).

لەوەڵامدا وتم: (ئەدوارد، من دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم، چونکە ئەمە شتێکە نامانەوێت تەنیا خۆمان پێی هەستین. من دەمەوێت بزانم ئاخۆ هێزە سۆڤیەتییەکان دەیانەوێت لە هێزە فرە ڕەگەزەکاندا هاوبەشیمان بکەن). ئەمە سووربوونی ئێمەی ئاشکرا دەکرد و کەمترین ئەگەری پەنابردنی بۆ هێز دەهێشتەوە.

لەو ساتەوە هەستم کرد خۆپاراستن لە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی پرسیارێکی ناشایستە، ئێجگار بەسوودە. بەهیوای گواستنەوەی وتووێژەکان بۆ زەوینەیەکی نەرمونیانتر و دۆستانەتر. ئەم هەڵسوکەوتە خۆبەخۆ بوو، بەڵام وادیاربوو کاریگەر بوو. لە قسەکانیدا هەستم بە گۆڕانێک کرد، کاتێ هێندەی نەبرد پرسیاری ئەوەی کرد کە "ڕات چییە لەسەر لێژنەی ئەرکانی شەڕ لە ئەنجوومەنی ئاسایش؟". سۆڤیەت، ساڵانێک هەوڵی دا بۆ زیندووکردنەوەی ئەم دەزگا پەککەوتەیە، بۆ ئەوەی وەک ئامرازێک بەکاری بهێنێت بۆ پێدانی ڕۆڵێکی گرینگ بەخۆیان لە پرۆسەی پاراستنی ئاشتیدا.

سەرەڕای ئەو هەموو دڵنیاییەی پێش ٣ ڕۆژ لە مۆسکۆ دام بە شیڤەر نادزە، کەچی لوبی عەرەبی لە وەزارەتەکەیدا لەو بڕوایەدا بوو کە بۆش

پیلانی وەشاندنی گورزێکی سەربازیی بۆ عێراق دادەڕێژێت. بەم جۆرە لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەکەدا، شیڤەر نادزە جەختی لەسەر بیرۆکەی لێژنەی ئەرکانی شەڕ دەکردەوە. بەو هیوایەی بتوانێ بەکاری بێنێ بۆ ڕێگرتن لە هێرشێک کە لەو کاتەدا ئێمە هیچ نیازێکمان نەبوو ئەنجامی بدەین. پێم ڕاگەیاند کەوا ئەم مەسەلەیە زۆر بە خێرایی لەگەڵ سەرۆکدا باس دەکەم. بە ڕای من، ئێمە لە هەر کەسێکی تر زیاتر پێویستمان بە سۆڤیەتە.

گۆرباچۆڤ و شیڤەر نادزە لەسەر بەیاننامەیەکی هاوبەش، زۆر کۆسپیان هێنایە بەردەم ڕێککەوتنی نێوانمان. ئەو بۆچوونەی پێی وابوو ئێمە دەتوانین بەردەوام بین لەسەر دوورخستنەوەیان لە گۆڕەپانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێجگار ساویلکانە بوو مەترسیشی هەبوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانمان. دواجار سەرجەم ڕاکان گەیشتە ئەوەی کە بەشداریکردنی سۆڤیەت لە هاوپەیمانییە سەربازییەکەماندا، ڕەنگە بایەخێکی زۆری هەبێت. بەدڵنیاییەوە سەدام حوسێن سەرشێت دەبێت هەر ئەوەندەی بزانێت ئەو سەرچاوە سەرەکییەی چەکی لێوە دەهێنێت، زۆر نزیکە ئێستا ئامادەیی نیشان بدات بۆ هاتنە پاڵ ئەو پرۆسە هاوبەشە لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا.

لە ٨ی ئابدا تەلەفۆنم بۆ شیڤەر نادزە کرد، بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنم کە سەرۆک (هیچ کێشەیەکی نییە) سەبارەت بە بەشداریکردنی سەربازیی سۆڤیەت لە هێزی هاوپەیمانەکاندا لە کەنداودا. پەیمانی ئەوەی دامێ، لەگەڵ گۆرباچۆڤدا ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکەن.

پاش چەند سەعاتێک تەلەفۆنی بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی پێم ڕابگەیەنێت کە ئەوان بەشداری ناکەن لە هاوپەیمانێتی سەربازیدا. پاشان بۆم دەرکەوت تراجیدیای سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا کاتێک مۆسکۆ لەگەڵ ئیسلامییە یاخیبووەکاندا تووشی شەڕێکی پارتیزانییانە هات، بووەتە هۆی

زیندەبەچاڵکردنی ئەم بیرۆکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابووم ئەم ڕەتکردنەوەیە خزمەتێکی چاک بە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانمان دەکات و درکم بەوەش کرد کە کۆی پێوەندییەکانمان خراپ نەبووە. ئەویش کاتێک شیڤەر نادزە پێی ڕاگەیاندم کە پشتگیریمان دەکەن لە دەرکردنی هەر بڕیارێکی تازە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پشتگیریمان دەکەن.

***

### کارتی تورکی

ڕۆژی ٨ی ئاب، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ٦٦١ی دەرکرد کە چەند سزایەکی ئابووریی توندی بەسەر عێراقدا سەپاندبوو. ئەم بڕیارە بە فیعلیی بڕیاری سەپاندنی گەمارۆیەکی سەرتاسەری دا بەسەر هەموو مامەڵە بازرگانییەکانی سەدام و حکوومەتە بەکرێگیراوەکەی لە کوەیتدا.

یەکەم هەنگاوی ستراتیجیمان، تەنیا گۆشەگیرکردنی عێراق نەبوو لە ڕووی دیپلۆماتییەوە، بگرە پەککخستنی ئابوورییەکەشی بوو. سووربوونی سەدام لە بەشێکیدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئارەزووەی کە دەیویست گەنجینە بەتاڵەکانی بە فرۆشتنی نەوتی کوەیت پڕ بکاتەوە. بۆ نائومێدکردنی لەم سامانەش، سەلماندنی ڕاستگۆیی سزاکان کارێکی پێویست بوو. دەبوو ئەو بۆرییە نەوتانەی نەوتی عێراقی لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە دەگەیاند بە دەریای ناوەڕاست، دابخرێ.

پاش سێ ڕۆژ لە دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بڕیارەکە، بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ ئۆزالی سەرۆکی تورکیا سەردانی ئەو وڵاتەم کرد. تورکیاش یەکەم وێستگەم بوو لەو بیست وڵاتەی پێویست بوو سەردانی بکەم. یەکتر ناسینی من و ئۆزال دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانێ کە لە وەزارەتی دارایی بووم. لەبەرئەوەی ئابووریناسێکی بەتوانا بوو، لە بانکی

نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکرد لە هەمان کاتدا ئینگلیزییەکی باشیشی دەزانی. پیاوێکی ڕووخۆش بوو، بەردەوام بزە لەسەر لێوەکانی بوو. لە بڕیارداندا پشتی بە ئارەزووەکانی دەبەست، نەک بە بیرۆکراتییەکی حکوومی.

یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئۆزال ئەوەبوو، ڕۆژێک پێش ئەوەی بگەمە ئەوێ و ئەو داواکارییەی پێشکێش بکەم، بە فیعلی بڕیاری داخستنی بۆرییە نەوتەکانی دابوو. پێشی ڕاگەیاندم کە دەزانێ ئەو بڕیارە ڕای جەماوەری لەگەڵدا نابێت، بەڵام بڕیارێکی ڕاستە و ڕێگە بە تێپەڕینی تەنیا یەک دڵۆپیش نادات. هەروەها وتی: "لەو بڕوایەدام سەدام پیاوێکی شێت بێت، ئەگەر شەڕیش هەڵگیرسا ئەوا سوپای عێراقی شەڕ ناکات". لە کاتی کۆبوونەوەکەماندا، ئۆزال تەلەفزیۆنەکەی دادەگیرساند و دەیکوژاندەوە. لە ڕێی کەناڵی (CNN)ەوە، بۆ ئەوەی دەیویست تازەترین گۆڕانکارییەکان ببینێت. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە سەدام وەک زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە شێر دەزانن، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکەدا پلانەکەی دەگۆڕێ. ئاماژەی بەوەش دا لە ماوەی کەمتر لە ٣ هەفتەدا، سزاکان ئەو کاریگەرییە جێ دەهێڵێ کە دەمانەوێ.

چەند حەزم دەکرد ڕاست بکات، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەو جۆرە نەبێت کە دەمانەوێ، ئەوا پێویستە دواجار داوای شتی زۆرتر لە تورکیا بکەین. هەر لە ساڵی (١٩٦٦)ەوە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕێکی زۆری لە فڕۆکەی سەربازیی تاکتیکی، لە بنکەیەکی ئاسمانیی تورکیدا لە نزیک ئەنچەرلیکدا هێشتووەتەوە. مانەوەی هێزی سەربازیی ئەمەریکایی لە تورکیادا، هەمیشە جێی مشتومڕ بووە. بەهۆی دژایەتیکردنی سیاسەتی ناوخۆوە، تورکەکان ئەوەیان ڕەت کردەوە فڕۆکەکانی ئەمەریکا ئاسمانی ئەوان لە کاتی کێشەی بەبارمتەگیراوەکان لە ساڵی ١٩٨٠دا بەکار بهێنن. ئەگەر شەڕ لەگەڵ عێراقدا دەستی پێ کرد، ئەوا پێویستمان بە ڕەزامەندیی ئۆزال دەبێت بۆ

نیشتەجێکردنی زیاتری فڕۆکە جەنگییەکانمان لە تورکیا و ئەنجامدانی چەند هێرشێکی ئاسمانی لە بنکەی ئەنچەرلیک و بنکە ئاسمانییەکانی ترەوە.

سەرەڕای گەشبینییەکەی، گومانی ئەوەم هەبوو ئۆزال لە ناخی خۆیدا هەست بەوە بکات کە ئێمە دواجار پێویستمان بە بنکەکانی تورکیا دەبێت. بۆ یارمەتیدانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیپلۆماتە دەمارگیرەکان و ڕای گشتیی تورکیا، پێم ڕاگەیاند وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادەیە ئەو بڕە پارەیە بدات کە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی تورکیا پێویستن و بە بڕی یەک ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ.

هەروەها دەمزانی پێداویستییە دەروونییەکانی تورکیا زۆر لە داواکارییە ئابوورییەکانی گرینگترن، چونکە بە درێژایی ساڵانێک تووڕەیی تورکیا لەوە بوو کە هەندێ لە هاوڕێکانی لە ناتۆدا ئیلتزامیان نەماوە. تورکیا شەیدای ئەوەبوو وەک ئەندامێکی تەواو لە ناتۆدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها بۆ بوونە ئەندامبوون لە یەکەتیی ئەوروپاییدا هێندە بەپەلە بوون دەتوت لەسەر ئاگرە.

بە ئۆزالم وت: "بە فیعلیی وتووێژم لەگەڵ هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ناتۆدا کردووە و من ڕێپێدراوم بەوەی، دووبارە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ناتۆ مولتەزیمە لەسەر پاراستنی تورکیا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی عێراقیدا، وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە داخستنی بۆرییە نەوتەکان". پێشم ڕاگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەڕەسمی بڕیاری داوە، بەتوندی پشتگیری داواکاریی تورکیا بکات بۆ بەئەندامبوون لە یەکەتیی ئەوروپادا. هەرچەندە ئەم بڕیارە یەکێکە لە بڕیارە هەرە تایبەتییەکانی یەکەتیی ئەوروپا.

ئۆزال لێرەدا پێزانینی خۆی دەربڕی، بەڵام لیستێک داواکاریی تایبەتیی پێ بوو. ئینجا وتی: "خەملاندنی پسپۆرەکانی ئابووریی تورکیا ئاماژە بەوە

دەدەن، بڕی ئەو زیانانەی تورکیا دەیکات لە دەسکەوتەکانی فرۆشتنی نەوت بە ٢,٥ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ، ئەگەر بۆرییە نەوتەکان دابخەن". وەک خۆئامادەکردنێک بۆ ئەم داواکارییە، بەر لە هەفتەیەک گفتوگۆم لەگەڵ سەرۆک و هاوڕێی دێرینم "باربر کۆنابل" کرد کە ئەندامێکی پێشووی کۆنگرێسی سەر بە کۆماریخوازەکان بوو لە نیویۆرک و ڕۆناڵد ڕیگان لەسەر داواکاریی من وەک وەزیرێکی دارایی، کردبووی بە سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی.

هەستم بە کامەرانیی کرد تا بە ئۆزال ڕابگەیەنم کە بانکی نێودەوڵەتی ئامادەیە چەند قەرزێک پێشکێش بە تورکیا بکات، لە نێوان ملیارێک بۆ ١,٥ ملیار و نیوێک دۆلار سالانە و بەدرێژایی دوو ساڵی داهاتووش ئەوە بەردەوام دەبێت. لەو بڕوایەدام هەموو ئەوەی ڕووی دا پاساوی خۆی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی پراگماتی بوو بۆ واقیعێکی سیاسی. ئەوەتا ئێمە پێویستمان بە پشتگیریی ئۆزال هەیە، لەوانەشە زۆر بەتوندی لە کاتێکی تردا پێویستمان پێی هەبێت. ئامادەیی ئەو هەر لە سەرەتاوە بۆ سەرکێشی و هاوبەشیکردنی لە پێناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا، هانی داین بۆ ئەوەی چی دەوێت پێشکێشی بکەین.

بەدرێژایی قۆناغەکانی قەیرانەکە، ئۆزال لەخۆبووردە بوو لە پشتگیریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان. سەرۆکێک بوو خاوەن دڵ و دەروونێکی گەورە و ئازایەتییەکی بەرچاوی هەبوو. هەروەک شیڤەر نادزە جار لە دوای جار ئامادە بوو تەحەفوزاتی وەزارەتی دەرەوەیان تێپەڕێنێ و ئەوە بکات کە ڕاستە. ئەمەریکا چەند خۆشبەخت بووە کە هاوڕێ و هاوپەیمانی وێنەی ئەوی هەبوو. ئەوە شەرەفێکی گەورە بوو کە ببمە نوێنەری وڵاتەکەم و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی و لەسەر داوای سەرۆک کلنتۆن ساڵی ١٩٩٣، لە بەخاکسپاردنی تەرمەکەیدا بەشداربم.

***

## جارێکی تر سۆڤیەت

دوای ئەوە بەشێوەیەکی ڕۆژانە قسەم لەگەڵ شیڤەر نادزەدا دەکرد. ئەوانەی بە پسپۆڕ ناودەبرێن، شیڤەر نادزەیان دڵنیا کردبوو کە سەدام هیچ هێرشێک ناکات و ئێستا وتووێژی ئەوە دەکەن کە لەتوانایدایە کۆنترۆڵی بکەن. زیاتر پێیان لێ هەڵبڕی و وتیان: "هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز کارێکی پێویست نییە، بۆ گێڕانەوەی وڵاتێکی هاوپەیمان بۆ سەر ڕێگەی ڕاست".

دەمزانی شیڤەر نادزە دوودڵە و حەز دەکات پشتی ئێمە بگرێت، بەڵام ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبێتەوە. بەردەوام جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە، مەسەلەکە ئەوە نییە بیانوویەک بۆ بەکارهێنانی هێز شک ببەین، بگرە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئامادەیی خۆمان بۆ بەکارهێنانی هێز نیشان بدەین، تا سەدام ناچار بکەین لە کوەیت بکشێتەوە.

لەو ماوەیەدا شیڤەر نادزە ڕەزامەندیی خۆی لەسەر دوو بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان نیشان دا. یەکەمیان ناڕەوایی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، دووەمیان داوای ئازادکردنی خێرای ئەو هاووڵاتییە بیانییانەی دەکرد کە سەدام بە فیعلیی وەک بارمتە گلی دابوونەوە. بەڵام هاریکاریی نێوان دوو هێزە مەزنەکە خەریک بوو بە بنبەست دەگەیشت، کاتێ لە ناوەڕاستی ئابدا دەزگا ئیستخباراتییەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە کەشتییەکی بازرگانیی سۆڤیەت ڕووەو بەندەری عەدەن لە وڵاتی یەمەن دەڕوات و بڕێک نەوتی عێراقی هەڵگرتووە.

مشتومڕکردن سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەم کەشتییە پێویستە بە زەبری هێز ڕابگیرێت، یەکێک بوو لەو هەڵوێستانەی لە بەرامبەریدا زۆر خۆم بە گۆشەگیر دەزانی و هەڵوێستی هاوڕێکانم (چینی و سکوکروفت و پاوڵ) ئەوەبوو دەبێت کەشتییەکە ڕابگیرێت، تەنانەت هەندێک داوای نوقمکردنی

کەشتییەکەیان دەکرد، ئەگەر خۆی لە فیشەکی ئاگەدارکردنەوەی ئەمەریکا گێل کرد. هەندێک لە وەزارەتی دەرەوە چوونە پاڵ ئەوانەی پشتگیریی ئەم بۆچوونەیان دەکرد. لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆکانم لەگەڵ شیڤەر نادزە، دڵنیابووم هەر کردەوەیەکی تاکڕەوانە لەلایەن ئێمەوە لەم کاتەدا، مایەی ماڵ وێرانییە و عاقیبەتی باش نابێت.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگی لەسەر سەپاندنی چەند سزایەک بەسەر عێراقدا داوە، بەڵام ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی نادات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بەبێ هیچ ڕەزامەندییەکی ئاشکرای تازە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. لەوە دڵنیابووم بە دوورکەوتنەوەی سۆڤیەت لە هاوپەیمانێتییەکە، کارەساتێک ڕوودەدات کە بەدڵنیاییەوە دەبێتە مایەی هەڕەشە لە تەواوی ستراتیجیەتەکەمان.

پێوەندیم بە شیڤەر نادزەوە کرد و ئاگادارم کردەوە کە من پێشنیازی ئەوەم بۆ سەرۆک کردووە دەست نەهێنێتە ڕێی کەشتییەکە، بەڵام بە مەرجێک سۆڤیەت پشتگیری لە دەرکردنی بڕیارێکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکات ئەو بڕیارەش ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات بۆ جێبەجێکردنی گەمارۆ بازرگانییەکە. شیڤەر نادزە بەم هەواڵە خۆشحاڵ نەبوو، بۆیە وتی: "سۆڤیەتییەکان دەیانەوێ پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی تازە بنێن، دڵنیابن لەوەی کە عێراقییەکان گەمارۆکەیان پێشێل کردووە".

لە ٢٠ی ئابدا، شیڤەر نادزە پێی ڕاگەیاندم کە وڵاتەکەی دەتوانێ قەناعەت بە سەدام بکات، بۆ ئەوەی بێ هیچ مەرج بکشێتەوە و داوای کرد پێنج ڕۆژی بدەینێ بۆ کۆتاییهێنان بەم مەسەلەیە. منیش ڕازی بووم لەسەر گەیاندنی داواکارییەکەی بە سەرۆک، بەڵام پێشنیازم کرد ماوەکە کەمتر بکرێتەوە.

تەلەفۆنم بۆ سەرۆک کرد لە کینیبنکبۆرت، بەڵام پێشنیازەکەم تووشی

نائومێدییەکی ئاشکرای کرد. هەمووان ئەوەیان پێ وتبوو کە رێگەدان بەو کەشتییە، کار لە ورەی ئەمەریکا دەکات. منیش بە سەرۆکم وت: "گەر سۆڤیەتمان دۆڕاند هەڵوێستمان زۆر خراپتر دەبێت لەوەی کەشتییەکە بدۆڕێنین". پاش کۆبوونەوەم لەگەڵ "چینی و پاول و سکوکروفت و لاری ئیجلبیر)دا، ئەوانیش بێ چەندوچوون هاتنەسەر ڕاکەی من.

ڕۆژی چوارشەم ٢٢ی ئاب، تەلەفۆنم بۆ شیڤەر نادزە کرد و پێم ڕاگەیاند ٣ ڕۆژ لە بەردەم سۆڤیەتدایە و سەرۆک ڕازی بووە، بە دواخستنی دەنگدان لەسەر بڕیارە تازەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ڕۆژی شەمە ٢٥ی ئاب. پاشان پرسیم: (بەڵام ئێستا پەیمانم دەدەیتێ ئەگەر ڕۆژی شەمە دەستبەکاربووین، پشتگیری ئێوە بەدەست دەهێنین؟). شیڤەر نادزە پەیمانی دامێ لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە.

لە ٢٤ی ئابدا شیڤەر نادزە تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم، گۆرباچۆف نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ سەدام ناردووە و داوای لێ دەکات، ئەگەر دەیەوێت لە کوەیت بکشێتەوە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا وەڵامێکی یەکجارەکی و ڕوونی بداتەوە. پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لە وەزارەتی دەرەوە نامەیەکم پێ گەیشت، ئەمە دەقەکەی بوو: (جیمس، پەیمانم دابوویتێ سەعات (١١) بەکاتی مۆسکۆ تەلەفۆنت بۆ بکەم، بەڵام لەبەر سەرقاڵبوونم لە کریملن، داوای یارمەتی لە ماتلۆکی باڵیۆز دەکەم بۆ گەیاندنی نامەکەم. وەڵامم لە عێراقییەکان وەرگرت، لەو بڕوایەدام تەعلیقدان لەسەر وەڵامەکەیان کارێکی بێ سوودە. بۆیە بڕیارمان دا زانیارییەکانمان بۆ نوێنەرەکانمان بنێرین لە ئەنجوومەنی ئاسایش پێوەندی بەبیکرینجی باڵیۆز و دوو نوێنەرەکەی ترەوە بکەن لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی. هەروەها پێم ڕاگەیاندن پێشنیازی چەند گۆڕانکارییەکی دیاریکراو دەکەین لەسەر پرۆژەی بڕیارەکە و پێم وایە ئێستا لە توانای نوێنەرەکانماندایە، دەست بە وتووێژ بکەن لە نێوان خۆیان و لەگەڵ ئەندامەکانی تری ئەنجوومەنی

ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی کارەکە. هەر پرسیارێکی ترت هەبوو، سبەینێ ئامادەم گەر پێوەندیت پێوە کردم... دڵسۆزتان شیڤەر نادزە).

بۆ خۆم چاک شیڤەر نادزەم دەناسی، ئەمەش بەس بوو تا لە زمانی نامەکەی تێ بگەم کە مانای وایە ئەو بەتەواوەتی بێزار بووە لە لوبی عەرەبی لە وەزارەتەکەیدا و هەروەها لە عێراقییەکانیش. سەدامیش هەڵەیەکی گەورەی لە حساباتی خۆیدا کرد، کاتێک بە ئیجابییانە وەڵامی سۆڤیەتی نەدایەوە. بەمجۆرە کاریگەری لۆبی عەرەبی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، لەسەر گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە کەم بووەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی واتە ٢٥ی ئاب، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٦٥ی دەرکرد کە هەموو مامەڵەکردنێکی بازرگانیی لەگەڵ عێراقدا قەدەغە دەکات، بە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەک. ئەم بڕیارە بە زۆرینەی ١٣ دەنگ بەرامبەر بە هیچ دەرچوو، لەگەڵ دەنگنەدانی دوو وڵات کە کوبا و یەمەن بوون.

پێم وایە پشتگیریکردنی سۆڤیەت لە بڕیارەکە، بۆخۆی چرکەساتێکی زیندوو بوو لە پرۆسە دیپلۆماتییەکەدا، چونکە بەبڕوای من دەنگدان لەسەر بڕیاری بەکارهێنانی هێز بێ ئەو پشتگیرییە، لە تشرینی دووەمدا قورس بوو.

ئەگەر مادەی (٥١)مان جێبەجێ بکردایە و ئەو کەشتییە سۆڤیەتییەمان نوقم بکردایە، لەو بڕوایەدام پشتگیریی ئەوانمان بەدەست نەدەهێنا، بۆ ئەو بڕیارەی ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەدات بۆ جێبەجێکردنی گەمارۆ بازرگانییەکە. هەروەها بۆ بەکارهێنانی هێز لە پێناو دەرکردنی عێراق لە کوەیتدا. ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە، لەوانەبوو هاوپەیمانییەکە خۆشی لەناوبچووایە. بەڵام دواجار ڕێگە بە کەشتییەکە درا تێپەڕێت.

## گەشتێکی کورتی لەناکاو

گۆشەگیربوونی سەدام، خەریکبوو ڕەوتی خۆی وەردەگرت. لەگەڵ سەرەتای مانگی ئەیلولدا، نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج بڕیاری دەرکرد. پشتگیریکردنی دیپلۆماتیی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەرچەندە گرینگ و یەکلاکەرەوەیە، بەڵام هێشتا بەس نییە. هەروەها لە دیدێکی دیپلۆماتی و ئەخلاقییەوە پێویستییەکی ئێجگار زۆرمان هەبوو بەوەی کۆمەکی دارایی لە وڵاتانی ترەوە مسۆگەر کەین، تا یارمەتیمان بدات لە زامنکردنی ئەو بڕە پارەیەی پرۆسەکە پێویستی پێی دەبێت.

لێرەدا کەمترین شتێک کە پێشبینی بکرێت لەو وڵاتانەی یارمەتییان دەداین، هەروەها لە هەمـوو ئەو هاوپەیمانانەمـان کـە لە کێشەکەدا لەگەڵماندابوون ئەوەبوو، لەبەرامبەر ئەمەدا بێنە سەنگەری ئێمەوە، نەک تەنیا بە هێنانی هێزی گەورەی سەربازی، بگرە بە دابینکردنی تێچوونی داراییی پرۆسەی پشتێنەی بیابان.

گومانمان لەوە نەبووە کە ئەگەر شەڕەکەش ئەنجام نەدەین، هێشتا هەر بڕێکی زۆر پارەی تێ دەچێت. ئەوەتا ئێمە سەدان هەزار سەربازمان کۆ کردووەتەوە و بەخۆیان و کەرەستەکانیانەوە بەرەو کەنداو بە دەریا و ئاسماندا دەیانگوێزینەوە. تەنیا بە گەیشتنیان بۆ ئەوێ، پێویستە بۆ ماوەی چەند مانگێک هەموو شتێکیان بۆ دابین بکەین. هەر لە مووشەکەوە بیگرە هەتا بچووکترین شت کە دەرمانی دەمـودان شـوشتنە. خەمڵاندنە سەرەتاییەکانمان بۆ تێچوونی ئەم پرۆسەیە کە لەلایەن وەزارەتی داراییی ئەمەریکاییەوە ئامادە کرابوو، دەگەیشتە دەیان هەزار ملیار دۆلار. جگە لەوە هەستمان کرد ئیلتیزامێکی ترمان لەسەرە، ئەویش دابینکردنی ئەو پارانەی پێویستن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە ئابوورییە قورسانەی ڕەنگە گەمارۆ بازرگانییەکە بەهەندێ لە هاوەڵەکانمانی بگەیەنێ لە

هاوپەیمانێتییەکەدا، وەکو میسر و تورکیا.

لە کاتێکدا بارودۆخێکی دژواری ئابووری ئەمەریکای گرتبووەوە، مەحاڵ بوو لە ڕووی سیاسییەوە پشتگیرییەکی ناوخۆیی بۆ پرۆسەکە بەدەست بهێنرێ. ئەگەر ئەوە نەسەلمێنین کە ئەمەریکا ناچێتە ژێر باری تێچوونی ئەو شەڕەوە، لە کاتێکدا دەوڵەمەندەکانی تری وەک ئێمە خۆیان دوورەپەرێز و تەریک کردووە.

ئەمە ئەسڵی ئەو مەسەلەیە بوو کە لە ڕۆژنامەگەریدا بەناوی (گەشتە کورتە لەناکاوەکەی بیکەر دەنگی دابووەوە). ئەو گەشتە، یازدە ڕۆژی خایاند بۆ نۆ وڵات. جگە لەوەی کۆبوونەوە باڵاکەی بۆش و گۆرباچۆفیشی لە هلسنکی تێ کەوت لەگەڵ وتووێژێکی تری یەکلاییکەرەوە لە مۆسکۆ سەبارەت بە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و سەردانێکی دیمەشق، بۆ قەناعەتپێکردنی سەرۆک حافز ئەلئەسەد تا بەشداریی لە هاوپەیمانییەکەدا بکات.

گەشتەکە دەستی پێ کرد و لە دوو وڵاتدا کۆتایی پێ هات کە پشتگیریکردنی داراییان بۆ هەوڵەکانمان ئێجگار گرینگ بوو، ئەو دوو وڵاتەش سعودیە و ئەڵمانیای ڕۆئاوا بوون. لەو گەشتەی لە واشنتۆنەوە بۆ عەرەبستانی سعوودیە کە ١٢ سەعاتی خایاند، لەگەڵ هاوکارەکانمدا بەدوای ئەو ژمارە دیاریکراوەدا دەگەڕام کە دەمانویست لە هاوپەیمانە عەرەبەکان دەستمان بکەوێت. بە هەموو ئەو لاپەڕانەدا چووینەوە کە تایبەت بوون بە حساباتی دارایی و لەلایەن پنتاگۆن و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی دەرەوە ئامادە کرابوون، بەمەبەستی خەملاندنی تێچوونی پرۆسەی پشتێنەی بیابان.

دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە ئێمە ماندوو بووین لە پێداچوونەوەی ئەو ڕاپۆرتانەدا، بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ڕاستگۆیانە سەبارەت بە

قەوارەی ئەو بڕە پارەیەی پێشبینی دەکرێت پرۆسەکە بیەوێت و بەشێوەیەکی عـادیلانەش بزانـین هەریەک لـە سـعـوودیە و کـوەیت هـەریـەکـەیان چـەندی بەردەکـەوێت. بەڵام ئەوەی ڕاسـتـیی بێت، ئێـمـە لەو قۆنـاغـەی کـێـشـەکـەدا دەمـانزانی پێویسـتـیی دابەشکردنـی تێچوونـەکە بـە پلەی یەکـەم تەقـەلایەکی سیاسییە نەک ئابووری.

پێـویست بـوو لەســەرمـان لە نـاوەخـۆدا بـە هـاووڵاتیـیـان ڕابگەیەنین کـە هەمـووان وەک یەک نـەک تەنیـا ئێمـە، ڕووبەڕووی مـەترسـیـیـەکان دەبنەوە و قوربانیی دەدەن.

***

لە ٦ی ئەیلوولدا گـەیشـتـمـە جدە و سـەعـات ٩ لەگـەڵ فـەهد کـۆ بوومـەوە. پێش گەیشتنم بە سعوودیە، ئەو هەستەم لا دروست بـوو کە هـاوکاریی تەواو دەکرێین لـەلایەن سـعـوودیـیـەکانـەوە. وەک دەسـتـوپێـوەندەکانی فـەهد خـۆی، ئێـجگار سـەرقـاڵی هـەرەشـەکـانی سـەدام بوو کـە هـەمووی نزیکەی چەند سـەد مـیلێک لە سنوورەکـانـیـیـەوە دوور بوو. فـەهد دەیزانی وڵاتـەکـەی لە بەردەم مـەترسـیـیـەکی گـەورەدایە. هەر لە سـەرەتاوە سـعـوودیـیـەکـان لـە هـەمـوو ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە بەجۆشتر بوون بوون.

کـاتێ چینی گـەیشـتـە سـعـوودیە بۆ ئـەوەی داوای ئەوە بکات ڕێـگەی پێ بدرێت هێزێکی ئەمـەریکایی ڕەوانەی ناوچەکە بکات، شـا فەهد زۆر بە وردی بیری لە مەسەلەکە کردبووەوە، پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکە بکات.

سـعـوودیـیـەکـان ئـاواتیـان دەخـواست لەگـەڵ عـێـراقـیـیـەکـان نەگـەنە چارەسـەرێکی دیپلۆمـاتیـیـانە، چونکە ئەوان نـەیاندەویست تەنیـا لە کـوەیت دەربکرێن، بگرە دەیانویست دەسـەڵاتەکـەی سـەدام حـوسـێن بۆ یـەکجـاری لەناوببرێ. لەلای ئـەوانەوە تەنیـا چارەسـەر شـەڕێک بوو بە سـەرکـردایەتی وڵاتە یـەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا، بـەمـەبەسـتی لەناوبردنی ئامـێـرە

جەنگییەکانی سەدام بەیەکجاری و بۆ هەتاهەتایە.

هەر لە سەرەتاوە و بەردەوام سعوودییەکان پشتگیرییان لە بەکارهێنانێکی فراوانی هێز دەکردەوە. دەمانزانی گەر شەڕەکە دەستی پێ کرد، دەستبەجێ ڕێگەمان پێ دەدرێ بۆ بەکارهێنانی بنکە سعوودییەکان لە پرۆسەکاندا، بەڵام گومانمان هەبوو فەهد ئامادەیی تێدا بێت بچێتە ژێر باری هەر داواکارییەک لە ڕووی داراییەوە کە ئەمەریکاییەکان داوای لێ بکەن.

شاس فریمانی باڵیۆزمان، لە سعوودیە هانی دام تا زیادەڕەوی لە ژمارەکاندا نەکەم. پێش کۆبوونەوەکە پێی ڕاگەیاندم (ئەوان لە خۆئامادەکردندان بۆ دابینکردنی پارەکە، لەبەر ئەوە ئێستا داوای زۆریان لێ مەکە)، بەڵام من ڕازی نەبووم.

لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، فەهد پێزانینی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو هەوڵانەی ئەمەریکا داویەتی و وتی: "ئێمە لە نێوان ئاشتی و ئەو وێرانکارییەی سەدام بەسەر وڵاتەکەماندا دەیهێنێ وەستاوین". قسەکانی فەهد دژی سەدام توند و بە توێکڵ بوون. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڕەشەیەی وڵاتەکەی ڕووبەڕووی دەبووەوە. منیش پێم وت: "ئێمە ئامادەین نەک هەر سامانەکەمان، بگرە خۆیشمان بخەینە خزمەت وڵاتەکەتانەوە. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئێوە لای خۆتانەوە بەشی خۆتان لە تێچونی پرۆسەکە بدەن". بەردەوام بووم و وتم: "پێم وایە بڕی ١,٥ ملیار دۆلار بەشداریکردنێکی گونجاوە بۆ ئێوە". فەهد خێرا ڕەزامەندیی خۆی نیشان دا و ڕایگەیاند: (پێویستە پێمان ڕابگەیەنیت تۆ چیت دەوێ و ئێمە پێویستە چی بکەین. دەبێت وتووێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەش بکەیت).

ئەمە پێزانینی فەهد بوو بەرامبەر ئەو ئامادەییەی ئەمەریکا نیشانی دا بۆ وڵاتەکەی. کاتێ کۆبوونەوەکەم جێ هێشت، هەستم کرد لەسەر هەر

ژمارەیەک کە پێشنیازی بکەم، ڕازی دەبن. سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی کاتی بەرچایی، چاوم بە وەزیری دەرەوە (سـعـوود ئەلفـەیسـەڵ)ی دەرچووی برینستـۆن و میـر بەندەری باڵیـۆزی سـعـوودیە لە واشنتـۆن کـەوت کـە هەردووکیـان بە ئاشکرا بۆچوونی خـۆیان سـەبارەت بە دابەشکردنی بڕە پارەکە دەربڕی. پاشان بەندەر وتی: "داوای ١,٥ ملیار دۆلار لە ئێمە مەکە، گەر هێندەی ئەوە لە کوەیتییەکان وەرنەگریت، چونکە ئەوان دەتوانن بچنە ژێر باری ئەم بڕە پارەیە و ئەوان چییان دەست دەکەوێت گەر وڵاتەکەیان بۆ نەگەڕێتەوە و ڕزگار نەکرێن؟ لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەندەیان داوا لێ بکەیت کە لە ئێمەت داوا کردووە، ئەو کات هەرچییەکت داوا کردووە دەستت دەکەوێت".

دوای ئەوە ڕووم کردە تائیف بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ میری کوەیت، ئەو پیاوە هێمنەی بە ناز و نیعمەتدا گەورە بووە و سێزدە ژنی هێناوە. داگیرکارییەکە کاریگەرییەکی ئێجگار توندی لەسەر میر هەبوو. ئەوەتا میرێکی دەربەدەر لە وڵاتەکەی خۆی دەرکراوە و بۆ ماوەیەکی کاتی و بەناچاری، پەنای بردووەتە بەر میوانخانەی شیراتۆن لە وڵاتێکی دراوسێدا.

لە هەمووی خراپتر ئەوەبوو، سەردانەکانی وەزیری دەرەوە مایەی ڕق و بێزاریی ئەو بوو کە داوای ملیۆنان دۆلاریی لێ دەکرد. ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام بە لێشاوێک لە پرسیاری ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکاییەکان کۆتایی دەهات. لەو کاتەدا میری کوەیت لەوپەڕی نارەحەتیدا بوو، چونکە بەدرێژایی ژیانی تووشی شتی وا نەبووبوو. کاتێ بۆ یەکەم جار قسەم لەگەڵدا کرد، ناچار بووم ئەو بڕەی سەر ڕووم بشارمەوە. بینیم زۆر خراپ ڕووی گرژ کردبوو. پاش ڕۆیشتنی ڕۆژنامەنووسەکان، پێی وتم: "ئەمە تەقلیدی ئێمە نییە". منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و وتم: "من دڵنیام بەڕێزتان لەگەڵیدا ڕادێن". لەوکاتەدا هەستی بە ئارامییەک کرد، هەرچەند ئەزموونێکی ناخۆش بوو. میر وەک شا فەهد، بەئاسانی لەسەر پێشکێشکردنی بڕی ئەو ١,٥ ملیار

دۆلارەی سعوودییەکان وتبوویان بە ئاسانی دابینی دەکەن ڕازی بوو.

دوای سەردانێکی لەناکاو بۆ وڵاتی ئیمارات، بۆخاتری بینینی هاوڕێیەکی دێرینم سەردانی قاهیرەم کرد. یەکەم جار کە حوسنی موبارەکم بینی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حوکمی ڕیگان لە ساڵی ١٩٨٠، ئەوکات سەرۆکی دەستەی کارمەندانی کۆشکی سپی بووم. تائێستاش ئەو چەند وشەیەم لە یادە کە لەوێدا پێی وتم. موبارەک بە گورج و گۆڵییەکەوە هاتە ژوورەوە و بە گەرمی تەوقەی لەگەڵدا کردم و پرسی: (کوا تانکەکانم؟). کاتی خۆی ئیدارەی کارتەر پەیمانی پێ دابوو ژمارەیەک تانکی بداتێ، بەڵام هێشتا وەری نەگرتبوو. بە نەرمی گلەیی لێ کردم و وتی: "پەیمانی چەند تانکێکتان دابوومێ، ئەو تانکانە لە کوێن دەمانەوێت؟".

لەو کاتەوە موبارەکم خۆشویست. حەزی ئەو لە شۆخی و ڕووخۆشیی کە خەسڵەتی گەلی میسرییە، تەواوکەری ئەو کارەکتەرە جەسوور و ئازایەیە کە ئەنوەر ساداتی پێش خۆیمان وەبیر دەهێنێتەوە. ئەو ڕۆژەی لە ئەسکەندەریە لە کاتی بەرچاییدا بینیم، موبارەک هێشتا هەر تووڕە بوو، چونکە سەدام حوسێن چاوبەستی لێ کردبوو، کاتێک پێش ٢ی ئاب پێی وتبوو بەنیاز نییە کوەیت داگیر بکات.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، موبارەک لە سەدام حوسێن زۆر بەداخ بوو. وەک خوویەکی ئاشکرای خۆی کە لە کاتی تووڕەبووندا هەیبوو، پەنجەی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و وتی: "جیم، من پێت دەڵێم پیاوێکی شێتە. چۆن هەتا ئەم ڕادەیە شێت دەبێت؟ چۆن بەم شێوەیە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت و گوێ لە هیچ کەس ناگرێت". کاتێ زانیم ڕقی موبارەک لە سەدام بێ ئەندازەیە، سەرسام بووم. موبارەک تەئکیدی کردەوە کە سەدام ئەفسانەیە لە کڕینی هاوسێکانیدا. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٩دا قەناعەتی بە موبارەک کردبوو تا بچێتە پاڵ عێراق و ئوردن و یەمەنی باکور، بەمەبەستی دامەزراندنی

ئەنجوومەنی هاریکاریی عەرەبی بۆ پتەوکردنی پێوەندییە ئابوورییەکان، بەڵام پاش داگیرکارییەکە، بۆ موبارەک ئاشکرا بوو کە سەدام بەنیازە ئەنجوومەنی هاریکاریی عەرەبی بقۆزێتەوە بۆ پتەوکردنی ئامانجە ستراتیجییە ناوچەییەکانی خۆی.

سەدام چەند دیارییەکی بۆ موبارەک و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی پێشنیاز کردبوو کە ژمارەیەک مارسیدس بوون. موبارەک ئەو دیارییەی خۆی و وەزیرەکانیشی ڕەت کردەوە، بەڵام ئەوانی تر دەستبەجێ ڕەتیان نەکردەوە. موبارەک وتی: "بچۆ بۆ عەممان لەوێ هەموو مارسیدسە تازەکان دەبینی".

موبارەک هەڵوێستی لە دژایەتیکردنی سەدام، وەکو سعوودییەکان تەواو توند بوو. ئەو پێی وابوو دەبێت تواناکانی سەدام حسێن لەناوببرێ، لەسەر هەڕەشە لێکردنی دراوسێکانی. ئامادەیی خۆشی نیشان دا بۆ ناردنی هێزی میسری، تا بەشداری لە هاوپەیمانێتییەکەدا بکات. موبارەک هەستی بە خۆشحاڵییەکی زۆر کرد، کاتێک زانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە ئەو قەرزانەی لەسەر هەڵبگرێ کە بڕی ٧ ملیار دۆلار دەبوو.

دەبوویست ڕێوشوێنی پێویست دژی سەدام بگیرێتەبەر و لەو بڕوایەشدا بوو مەسەلەکە زۆر ناخایەنێت. لە ماوەی شەش هەفتەدا سزاکان سەدامی زەلیل ناچار دەکەن، بە شەرمەزاری و سەرشۆڕییەوە لە کوەیت بکشێتەوە. منیش وتم: "جەنابی سەرۆک، ئومێد دەکەم ئەمە ڕاست بێت، بەڵام نابێت نەخشەکانمان لەسەر بنچینەیەک دابنێین کە ئیتر ئەوە ڕاستییە. پێویستە پلانەکانمان لەسەر ئەو بنچینەیە دابڕێژین کە فشاری بەردەوامی لەسەر زیاد بکەین".

### بەشێکی تر لە مۆسکۆ و هلسنکی

لە قاهیرەوە بەرەو هلسنکی بەڕێ کەوتم بەمەبەستی بەشداریکردن لەگەڵ سەرۆک بۆش، لەو کۆبوونەوە باڵایەدا کە بە پەلە لەگەڵ گۆرباچۆفدا ڕێک خرابوو. بەمەبەستی یەکخستنی هەوڵی دەوڵەتە زلهێزەکان بەرامبەر بە کێشەی کەنداو. ئەم کۆبوونەوەیە، بەرەنجامێکی مەنتیقیی ئەو وتووێژانە بوو کە پێش مانگێک لە فڕۆکەخانەی (فنۆکۆفۆ/ ٢)، لەگەڵ شیڤەر نادزە کردبوومان.

لەو ماوەیەدا سەدام سەرقاڵی ئەوەبوو کەلێنێک بکاتە ڕیزی وڵاتانی عەرەبی و لێبڕاوانەش لەگەڵ هەوادارەکانی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتیدا کاری بۆ ئەمە دەکرد. لەو کاتەدا زۆر پێویست بوو جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە هێزە گەورەکان هەڵوێستیان لە کێشەکە وەکو خۆیەتی. شەوێک پێشتر لە کاتی کۆبوونەوەمدا لەگەڵ سەرۆک و کسۆکرۆفتدا سەبارەت بەو کۆنگرە باڵایەی یەک ڕۆژ دەخایەنێت، جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆبوونەوەی سەرۆک و گۆرباچۆف، نابێت سەرلەنوێ هەر جەختکردنەوە بێت لەسەر ئەو ڕاگەیاندنانەی کە وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات لە فڕۆکەخانەی فنۆکۆفۆ/ ٢ ڕایانگەیاندبوو.

لێرەدا پێویست بە دەرکردنی بەیانێکی هاوبەش دەکات، بۆ پتەوکردنی زمانی بەیانەکەی پێشوو. لە کاتی گەشتەکەماندا لە قاهیرەوە بۆ هلسنکی، داوام لە هاوکارانم کرد پرۆژەی بەیانێکی هاوبەش ئامادە بکەن. دەرکردنی بەیانێکی هاوبەشی بەهێز ئاشکرای دەکات کە سەربارى هەوڵەکانی سەدام، سەرانی هاوپەیمانێتییەکە هێشتا یەکەتیی نێوانیان بەکارە و لە کاتی پێویستدا ئامادەن، ڕێوشوێنی توندتر بگرنەبەر بۆ ناچارکردنی سەدام تا لە کوەیت بکشێتەوە. هەروەها سەرۆک ویستی بانگەوازێکی شەخسی ئاڕاستەی گۆرباچۆف بکات، چونکە هەستی بە نیگەرانییەکی ئاشکرا و

گەورە دەکرد لە نیازەکانی سیاسەتی ئەمەریکایی و ئەگەری بەکارهێنانی هێز بە ڕادەیەک زیاد لەوەی شیڤەر نادزە پێی ڕاگەیاندبوو.

سەرلەبەیانی ٩ی ئەیلوول لە کاتی کۆبوونەوەکەی سەرۆک بۆش لەگەڵ شیڤەر نادزە و گۆرباچۆف لە کۆشکی سەرۆکایەتی، دووقۆڵی لەگەڵ شیڤەر نادزەدا کۆبووینەوە.

چەند ڕۆژێک بەرلەوە گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە، دوو گوتاریان خوێندەوە و تێیدا چارەسەرکردنی کێشەی کەنداویان بە کێشەی فەڵەستینەوە بەستبووەوە. من وتم: "ئەدوارد، ئەمە دەبێتە مایەی کارەساتێک. ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێی سەدام ئەو گوتارەی خوێندووەتەوە و شتێکی دەستکەوتووە کە کەس بێجگە لەو ناتوانێ بەدەستی بهێنێ. ئەمە دەبێتە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی سەدام و سەرەنجام عەرەبە میانڕەوەکان دەخاتە هەڵوێستی بەرگریکردنەوە و جۆران کێشە لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا دەخوڵقێنێ".

با زۆر بە سادەیی بدوێم و بڵێم: (نابێت ئەم کارە بکەین). دوای وتووێژێکی زۆر، شیڤەر نادزە وتی: "باشە ڕازیم، بەڵام ڕێگەمان بدەن بەشێوەیەکی تر قسە لەسەر ئاشتی بکەین". وەڵامم دایەوە: "پێویستە جەخت لەسەر گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بکەینەوە، هەروەها بایەخ بە زامنکردنی سەرکەوتن بدەین. ئەگەر سزاکان کاریگەریی خۆیان نەبوو، ئەوا ئامادەین ڕێگەی تر بگرینەبەر. ئەگەر سزاکان سوودی نەبێت، ئەوکات هیوادارم بێنە پاڵ ئێمە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا. لەوێدا وتووێژ لەسەر بەکارهێنانی ڕێوشوێنی گونجاو دەکەین. من داوات لێ ناکەم کاغەزێکم بە سپێتی بۆ ئیمزا بکەیت و بڵێم دەبێ هەر ئەمڕۆ هەموو شتەکان ئەنجام بدەی".

***

شیڤەر نادزە وەڵامی دایەوە و وتی: "من تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانتدا تەبام،

هەموو ئەوانەی کردمان ڕاست بوون، لەوانەیشە شکست بهێنێ. پێویستە بڵێم ئێمە مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا دەکەین ناتوانرێ پێشبینی هەڵسوکەوتەکانی بکرێ، بەڵام ئامادەیە سەرکێشیی بکات".

هێندەی نەبرد ئەو کات پرۆژەی بەیانێکی هاوبەشی پێشنیازکراو ڕاگەیەنرا. ئەو بەیاننامەیەی هاوکارەکانم ئامادەیان کردبوو، بۆ شیڤەرنادزەم خوێندەوە. دارشتنی پرۆژەی بەیانەکە چەند ئاماژەیەکی تێدابوو، لەوانە: (هەنگاونانی زیاتر کە بۆش و گۆرباچۆف لە کاتی ڕازی نەبوونی سەدام بە کشانەوە لە کوەیتدا دەیگرنەبەر). بۆ ئەمە وتی: "باشە، ئەمە زۆرباشە. با دینس ڕۆس و سێرجی تاراسنیکۆ دەست بکەن بە ئیشکردن لە پرۆژەی بەیانەکەدا".

کاتێ گەڕامەوە بۆ ئەوەی ئەنجامی کۆبوونەوەکەمان بە سەرۆک ڕابگەیەنم، هەر زوو بۆم ئاشکرا بوو کە گۆرباچۆف بە توندی پێی لەسەر مەسەلەی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگرتووە. گوێم لێ بوو دەیوت: "چاکە، لەو بڕوایەدام خەریکە داوای ئەوە بکات کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ببەسترێت". نیگەرانیی دایگرتم لە ئەگەری ڕازیبوونی سەرۆک بە بیرۆکەکە. سەرەنجام کۆمەڵێکی بچووکمان بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکەوە خەریک بووین کە لەمانە پێکهاتبوو: (سکۆکرافت و سنونوو ڕۆس و جۆن کیلی و کوندی ڕایس و ریچارد هاس). ئەمەی دواییان یاریدەدەری تایبەتی سەرۆک بوو، بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی دوور.

ڕۆس بێ ئەندازە هەڵچوو و وتی: "نابێ ئێمە ئەمە بکەین، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی لەناوبردنی هەموو ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین. ئێمە بەم کارە عەرەبە میانڕەوەکان دەخەینە هەڵوێستێکەوە، تێیدا سەدام شتێک دەبەخشێتە فەلەستینییەکان کە ئەوان ناتوانن بیاندەنێ. ئەگەر ئەمە بکەین ئەوا سەدام دەتوانێت جاری سەرکەوتن بدات هەرکە ئەمەش ڕووی دا ئەوا

بەجـۆرێک ڕووبەڕووی ڕۆهەڵاتـی ناوەڕاست دەبینەوە، زۆر مــەترسـیـدارتر لەوەی بینیومانە".

سـەرۆک لـە وەڵامـدا وتـی: "باشــە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیـم هیـچ شـتـێک لەوە کەمتـر قبوڵ بکات". بۆمان روون کردەوە کە شیڤەر نادزە بە فـیعلیی پرۆژەی ئەو بەیانـە هاوبەشـەی بەدڵ بووە کـە ئامـادەمـان کردبوو، ناوی کـۆنگرەشی تێـدا نەهـاتووە. لێـرەدا بەشـداریی وتووێژەکـەم کـرد و وتم: "چار نـیـیـە و ناتـوانین قــســە لـەســەر کــۆنگرەیەکی نێـودەوڵـەتی بکەین. ئەوە دەبێـتــە سەرکەوتنێکی بێ وێنە بۆ سەدام، بەڵام بۆ هاوڕێ عەرەبەکانمان لە جیهانی عەرەبیدا ماڵوێرانی دەبێت".

ســەرۆکـیش وەڵامـی دایـەوە: (باشــە، من دەترسم بـەناچاری هـەسـتین بە ئەنجـامـدانی ئەم کـارە. ئێـمــە دەمــانەوێ بەیـانێکی هاوبەش دەربکەین و گۆرباچۆڤـیش ئەمـەی دەوێ لەبەرامـبـەر ئەوەدا). بیـرم خسـتـەوە کـە (ئێـمـە پرۆژەی بەیانە هاوبەشـەکەمـان دەسـتکەوتووە و نابێت نیگەران بیت، چونکە بەهیچ جۆرێک ناوی کۆنگرەی نێودەوڵەتی تێدا نەهاتووە). سەرۆک هێندە بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە کـە نە لەوەوپێش بەو جـۆرە تووڕە بووە و نـە بیـریشـم دەچێــتـــەوە، وتـی: "بێگومـــان نیگەران دەبم، چونکە هـەمـــوو ئەو ڕۆڵانەم ناردووەتە دەرەوەی وڵات. کەسێک ئەم کارەی نەکرد، بەڵام تۆ کردت، دەستم کــرد بە گــرتنەبـەری ئەو ڕێگەیانـەی زامنی ئـەوە دەکــەن کــە ژیانـی ئەوانم نەخستووەتە مەترسییەوە ئەگەر پێویستی نەکردایە. ئەگەر بشتوانم بەبێ شەڕ بیانگێڕمەوە بۆ ئێرە، ئەوا ئەم کارە دەکەم". لەناکاو بێدەنگییەکی تەواو باڵـی بەســەر ژوورەکــەدا کـێـشــا. ســەرۆک بە دڵ و بە هـەمــوو هـەست و نەسـتییـەوە قسـەی لەسـەر ئەو بەرپرسیـارێتییـانە کرد کە جگە لە سـەرۆک کـەسی تر هەستی پێ ناکات. پاش چەند خولەکێک سنونو ئەو بێدەنگییـەی شکاند و وتی: "ڕەنگە بتوانین لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیەک بدەین بە کۆنگرە نێودەوڵـەتییـەکـە". بە تووڕەییـیـەوە هاوارم کرد (واز لـەم شـێـتـیـیـە بهـێنە).

دواجـار سـەرۆک ئەمـەی وت: "جـیـمی سـەیرکـە، ئەگـەر دەتوانی بەیانەکـەت دەسـتکەویت بێ ئەوەی باسـی ئەو مـەسـەلەیـەی تێدا بێت، ئەوا کـارێکی باش دەبێت".

ڕۆس و تاراسـینکۆ پرۆژەی بەیانە هاوبەشـەکەیان دانابوو، بە هیچ جۆرێ باسـی کـۆنگرە نێـونەتەوەییـیـەکەی تێـدا نەهاتبـوو. بەڵام چەند ئامـاژەیەکی ئاڵۆز و تەمومـژاوی تێدابوو، سـەبارەت بە ئیشکردنی پێکەوەیی لـەناوچەکەدا پاش کۆتاییـهاتنی قـەیرانەکە، بۆ یەکلاییکردنەوەی هـەمـوو ئەو کێشـانەی لە ڕۆهـەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا هەبوون.

پاش ئەوەی من و شــیــڤــەر نادزە ڕازی بووین لەســەر پرۆژەی بەیانە هـاوبـەشــەکـە، چاوەڕێی کـۆبوونـەوەی داهاتووی نێـوان شـیـڤــەر نادزە و گــۆرباچۆف بـووین. گــۆرباچـۆف دێر بەدێر بە دەقی پرۆژەکــەدا چووەوە و داوای کرد چەند گۆڕانکارییـەکی ئێجگار کـەمی تێدا بکرێت، پێش ئەوەی باسـی زیادکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی هاووڵاتییە مەدەنییەکانی عێراق بکرێت. دوای دەسکاریکردنێکی بـەیاننامەکە گۆرباچۆف هەسـتی بە ئارامی کـرد و وتی: "باشــە با دایبـڕێژینەوە". هـەروەک ئاشکرابوو ئەندامـانی لۆبی عەرەبی لە ژوورەکەی ئەودیودا، ئومێدی ئەوەیان هەبوو ناوەڕۆکی ئەو دەقەی گۆرباچۆف کەمێک لەوەوبەر بڕیاری لەسـەر دابوو، بەتاڵ بکرێتـەوە و کـاری پێ نـەکـرێ. بۆ دووبـارەنەبوونـەوەی ئەو ئەزمــوونەی من لـە فـرۆکــەخــانەی فنۆکـۆفـۆ، هەســتــان بـە ئامــادەکـردنی پرۆژەیەک بـۆ گـرتنەبەری چەند هەنگاوێکی تازە. ئیـدی ئەو داوایە نەمـا کـە دەیویست سـەدام بـەبێ مـەرج پاشـەکشێ بکات. کـاتێک ڕۆس لە مـەسـەلەکە ئاگاداری کـردم، هەوڵی ئەوەم دا ئاراسـتـەی کۆبوونەوەکە بگۆڕم، بۆ ئەوەی ڕاسـتـەوخۆ مـەسـەلەکە لەگەڵ گـۆرباچۆفـدا بورووژێنـم. لە کـاتێکدا دەقـە ئەسـڵـیـیـەکـەم بۆ دەخـوێندەوە، پرسـیـم: (جەنابی سـەرۆک، ئەمە ئەو بەیانە نییە کە ڕازی بوویت لەسـەری؟). ئەویش وەڵامی دایەوە (با). لەو کاتەدا لۆبی عـەرەبی وایان بەباش زانی لانی

کەم ددان بەخۆیدا بگرێت.

ڕەنگە تەمومژێکی بونیادنەرانە لە مومارەسەکردنی کاری دیپلۆماتیدا سوودی هەبێت، بەڵام زۆربەی کات ئامرازێکی ترسناکە گەر بەشێوەیەکی لەرزۆکانە بەکار هات. بەشێوەیەکی گشتی من وای بەباش دەزانم لە کۆبوونەوەیەکدا بچمە دەرێ پڕ بێت لە کەشوهەوای جیاواز، نەک لە بەدحاڵیبوون کە ڕەنگە کێشەی گەورەترمان بۆ دروست بکات.

هیچ شتێک هێندەی ئەو گفتوگۆیانە تووڕەم ناکات کە هەوڵ دەدات بەو ڕێککەوتننامانەدا بچێتەوە کە ئامادەکردنی، کاتێکی ئێجگار زۆری پێویست بووە. ئەو بەیانە هاوبەشەی بۆش و گۆرباچۆف دەریانکرد، زیاد لە نیوە نانێکی داینێ. ئەوەبوو سۆڤیەت ڕازی بوون بەوەی ئێمە سوورین لەسەر کۆتاییهاتنی ئەم دوژمنکارییە. ئەگەر ئەم هەوڵانەی ئێستاش شکستیان هێنا بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەکە، ئەوا ئێمە ئامادەین بۆ گرتنەبەری چەند ڕێگەیەکی تر. لە بەرامبەردا و بەنهێنی ئیلتزاممان بەوەوە کرد کە بێ ئەوەی پێویستی بە ڕاگەیاندنی گشتی هەبێت لەگەڵ سۆڤیەتدا، هەوڵ بۆ بەستنی کۆنگرەیەک دەدەین بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش پاش کشانەوەی عێراق لە کوەیت و بێبەشکردنی هەریەک لە سەدام و هاوڕێکانی لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە دەستکەوتنی ئیلتیزامێکی ئاشکرا بۆ پێکەوە بەستنەوەی کێشەکان بەیەکەوە، چونکە ئەمە ئەو مەبەستە بوو ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا. ئەمە سەودایەکی تازە بوو کە هاریکاریی سۆڤیەت، بە ڕادەیەکی باش ستراتیجییەتی ئێمەی پتەوتر دەکرد.

دوای دوو ڕۆژ و لە ١٢ی ئەیلوولدا، لە مۆسکۆ هاوتا سۆڤیەتییەکەی خۆم بینی، بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامانەی بەیەکجاری بڕیاری دووبارە یەکگرتنەوەی مێژوویی ئەڵمانیا دەدات. پاش کۆبوونەوەی دوو زائید چواری

وەزیران، ڕۆژێکی تریش لە کرملین مامەوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە، تا لە هەموو ئەو مەسەلانە بکۆڵینەوە کە لە کۆبوونەوە باڵاکەی هلسنکیدا مابوونەوە. لەدواییدا گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە پرسی ئەوەیان کردبوو، ئاخۆ دەکرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ من و دینس ڕۆسدا بە تەنیا ئەنجام بدرێ. دوای ئەوە چووین بۆ ژووری کۆبوونەوە بچووکەکان و لە دەوری مێزێکی بازنەیی بچووک دانیشتین. هیچ ئاگادار نەبووم لەوەی چی بە مێشکی گۆرباچۆفدا دێت، کاتێ بە پاڕانەوەوە باسی خەونەکانی دەکرد سەبارەت بە گۆڕینی ڕێژیمی سۆڤیەتی بۆ ئابووریی بازاڕی ئازاد.

گۆرباچۆف بەم جۆرە دەستی پێ کرد: (ئێمە یارمەتیمان دەوێت، چونکە ئێستا ئێمە لە قۆناغی وەرچەرخاندایین. هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕیفۆرمانە، نارەزایییەکی گەورە دروست دەکات. ئێستا مەسەلەکە زۆر قورسە بۆ ئێمە. باری ناوەخۆ بە توندی شڵۆق بووە. ڕەنگە لە ماوەی شەش تا نۆ مانگدا کاروبارمان باش بێت، بەڵام ئێستا یارمەتیمان دەوێت. پێویستە لەسەرمان لە ماوەی ئەو وەرگۆڕانەدا هەموو پێداویستییەکانی گەل دابین بکەین. دەزانم ئەوەی ئێوە دەتوانن پێی هەستن دیاریکراوە، بەڵام داخۆ دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ دەسکەوتنی بڕێک پارە لەلای سعوودییەکانەوە؟). ئەو بڕە پارەیەی دیاری کرد، لە نێوان ٤ بۆ ٥ ملیار دۆلاردا بوو.

پاش گەڕانەوەم بۆ واشنتۆن و دوای هەڵسەنگاندنی لایەنە یاساییەکان بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی ڕێگر بۆ داواکردنی یارمەتی دارایی بۆ سۆڤیەت لە لای سعوودییەکان، سەردانی سەرۆکم کرد و ئەویش ڕێگرێکی لە مەسەلەکەدا نەدەبینی. ئێمە پێویستە بەردەوام یارمەتی سۆڤیەت بدەین. ئەم مەسەلەیەش لەسەرمان ناکەوێ گەر لەبری ئەوان واتە سۆڤیەت، داوای پارە لە سعوودییەکان بکەین.

پاش دوو هەفتە و لە کاتی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک و لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سعوود ئەلفەیسەڵ و بەندەردا، باسەکەم لەگەڵدا کردنەوە و پێم وتن: "ناکرێ ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم پێویستە ئێوە چی بکەن، بەڵام گۆرباچۆف بە بارودۆخێکی قورسدا تێ دەپەڕێت و ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر بووەتەوە لە گاردە کۆنەکەوە، لەبەر ئەوە یارمەتیدانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم فشارە ئێجگار گرینگە".

سعوود وەڵامی دایەوە و وتی: "تێگەیشتم، شتێک دەکەین". ئەوە بوو خاوەنی قسەی خۆی بوو. ئەو شتە دانی بڕە قەرزێکی ٤ ملیار دۆلاری بوو بە سۆڤیەت. گۆرباچۆف هەستی بە پێزانینێکی گەورە کرد بەرامبەر ئەو هەنگاوەی سعوودییەکان و لە کاتێکی تردا تەلەفۆنی بۆ سەرۆک کرد، تا سوپاسی بکات لە بەرامبەر ئەو یارمەتییەدا. پێم وایە ڕۆڵی ئێمە لە بەدەستهێنانی ئەو قەرزە بۆ سۆڤیەت، کارێکی جەوهەریی بوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوان لە بڕیاری بەکارهێنانی هێز و بەردەوامبوونیان لە هاوپەیمانێتییەکەدا بە درێژایی قەیرانەکە.

**دواهەوڵەکان: (دیمەشق و بۆن)**

دوای کۆبوونەوەکەم لەگەڵ گۆرباچۆف، لە مۆسکۆوە بە سەردانێک چووم بۆ سووریا. ئەمەش مشتومڕێکی زۆری لە وەزارەتی دەرەوەدا ورووژاندبوو، بەڕادەیەک هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکردم کە نابێت سەفەرەکەم تەواو کەم. ڕۆس لە دژایەتیکردنی سەردانەکە پێی لێ هەڵبڕی، چونکە ئەو پێی وابوو سەرۆک ئەسەد بێ چەندوچوون دێتە پاڵ هاوپەیمانییەکەمانەوە.

ئەسەد دوژمنایەتییەکی شەخسیی لەگەڵ سەدامدا بوو، بە نەیارێکی سەرەکیی ئەو دادەنرا لە ناوچەکەدا. ئەگەرچی هەردووکیان بەعسین، بەڵام پێوەندییان پێکەوە باش نەبوو. لەبەرئەوەی ئەسەد بە درێژایی ساڵانێکی زۆر

پێی وابوو سەدام هەوڵی کوشتنی دەدات. ئەمە وا دەکات ئەسەد ئامادە بێت هێزی سووریا بنێرێت بۆ عەرەبستانی سعوودی. لە ڕێی موبارەکەوە زانیمان ئەسەد بە فیعلی بەڵێنی داوە، لانی کەم یەکەیەک لە هێزەکانی سووریا بنێرێ و سعوودییەکانیش بەڵێنیان دا کە تێچوونە داراییەکەی لە ئەستۆ بگرن. سەرەڕای ئەوە ئەسەد لەسەر ئەو داواکارییەی ئێمەش ڕازی بوو کە لە مانگی ئابدا نوێنەر بنێرێتە قاهیرە، بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی کە تا بەڕەسمی لەسەر هاوپەیمانێتییەکی عەرەبی ڕێک بکەون.

***

سەرەڕای سەنگ و گرینگیی بیانووەکانی سووریا، هەستم کرد بایەخی ڕەمزیی بەشداریکردنی ئەوان، لە هاوبەشیکردنی فیعلییان زۆر گرینگترە. لەگەڵ هاوکاری سووریادا، ڕاستگۆیی عەرەبە بەشداربووەکان لە هاوپەیمانێتییەکەدا بەڕادەیەکی زۆر دووپات دەبێتەوە و پتەوتر دەبێت، بەڵام من ئامانجێکی زۆر دوورتر لە مێشکمدا بوو، هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ تەکاندان بەپرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەبێ بەشداریکردنێکی کاریگەر لەلایەن سووریاوە. پێم وابوو فرسەتەکان لەبارن بۆ دەستکردن بە زەوینە خۆشکردن لەگەڵ ئەسەددا، بەمەبەستی چەند هەوڵدانێکی تازە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی. تاکە شت دانانی کاتەکە بوو.

دەمزانی سەرۆک بۆش پەرۆشی بەشداریکردنی سوورییەکانە. سەرۆک بەردەوام لەو بڕوایەدا بوو جۆرج شوڵتز هەڵەیەکی گەورەی کرد، کاتێ پێوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا پچڕاند. پاش ئەو تەقینەوە تراجیدیایەی ساڵی ١٩٨٦ لە بنکە و بارەگەکانی لە بەیرووت ڕووی دا. ساڵی ١٩٨٦ جۆرج بۆشی جێگری سەرۆک ویستی سەردانێکی دیمەشق بکات لە چوارچێوەی گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام یاریدەدەرەکانی بێ

چەندوچوون لە ترسی ئەگەری شکستی سیاسی، لەو هەوڵەی پەشیمانیان کردەوە، یاریدەدەرەکان بە بۆشیان وتبوو: "ئەگەر ئەو تیرۆریستانەی سووریا سەرپەرشتییان دەکات فڕۆکەکەیان تەقاندەوە، مەسەلەکە چی لێ دێت؟ ئەمە دەبێتە ماڵوێرانییەک بۆ خۆی و بۆ ڕیگان". بۆش بە نابەدڵییەوە سەرنەگرتنی سەردانەکەی بۆ سووریا قبوڵ کردبوو، بەڵام بەردەوام پێی وابوو وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت لەگەڵ ئەسەددا پێوەندیی هەبێت. سەرەڕای ئەو هەموو تێبینییە زۆرانەی لەسەر سووریا هەیە، سەبارەت بە پشتگیریکردنی لە تیرۆریستە نێونەتەوەییەکان و تێوەگلانی لە ئاودیوکردنی مادە هۆشبەرەکاندا.

بەهۆی دژایەتی زۆری ڕۆسەوە، دیمەشقمان لە یەکەمین سەردانمدا لابرد کە بڕیاربوو لە مانگی ئەیلوولدا ئەنجامی بدەم. بەڵام لە مانگی ئابدا ڕۆژێک سەرۆک پێی ڕاگەیاندم: (پێویستە لە چوونت بۆ سووریا بکۆڵرێتەوە، نامەوێ جارێکی تر ئەم هەلە لەدەست بدەم). لەبەرئەوەی حەزم دەکرد بچم بۆ سووریا، بۆیە لە کاتێکی تردا فەرمانم بە تاتویلەر دا کە دیمەشقم بۆ بخاتە کۆتایی گەشتەکەمەوە. دواجار بۆچوونی سەرۆک لەسەر ئەوەی دەبێت بایەخ بەسووریا بدرێت دەرچوو، جا ئیتر بۆ جەنگی کەنداو بێت یان لە پرۆسەی ئاشتیدا بێت.

لەو کۆبوونەوە ڕۆژنامەنووسییەی لە دوای کۆبوونەوە وەزارییەکەی ناتۆدا لە برۆکسل بەسترا، ئەوەم خستە ڕوو کە دەچم بۆ دیمەشق. ئەم لێدوانە هەڵایەکی گەورەی نایەوە لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکادا، لەبەرئەوەی یەکەم کۆبوونەوە دەبوو کە لەئاستێکی بەرز و لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و سەرۆکی سووریادا ببەسترێت.

ڕۆژی ١٤ی ئەیلوول لە دیمەشق لەگەڵ ئەسەددا کۆبوومەوە، کۆبوونەوەکە لەبارەگایەکدا بوو وەسفکردنی ئاسان نییە. ئەو بارەگایە بەسەر شەقامێکی

قەرەباڵغدا دەڕوانێ و بەرامبەر ئەو خانووەیە کە ئەسەدی تێدا نیشتەجێیە. جێ و ڕێیەکی ئیسراحەتی هەبوو کە ئێجگار سادە بوو. ژوورەکە لاکێشەیی بوو، دوو کورسی پانوپۆڕی تێدابوو، مێزێکی بچووک لە نێوانیاندا دانرابوو. پەردە مەخمەڵیەکان کە ڕەنگی زەیتوونی بوو، بەشێکی زۆری ژوورەکەی داپۆشیبوو. لە پشت پەردەکانەوە پەنجەرەکانی جۆرە شووشەیەکی تێدابوو فیشەک نەیدەبڕی و بەهیچ جۆرێک نەدەبوو بکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر پلەی گەرماش بەرز بووەوە.

لەلایەکی تری ژوورەکەوە دوو دەرگا بوو، دەچوونەوە سەر نووسینگەکەی ئەسەد کە زۆربەی کاتی خۆی لەوێدا بەسەر دەبات. تەنیا تابلۆیەک ژوورەکەی پێ ڕازابێتەوە، تابلۆیەکی شەڕی حەتین بوو کە تێیدا سەلاحەدینی سەرکردەی موسڵمانەکان، خاچپەرستەکانی دوژمنی تێدا بەزاندووە. پاش چەند قسەیەکی عادەتی، بە کورتیی خۆمم پێ ناساند و جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە من و سەرۆک نزیکەی سی ساڵە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانین. پاشان وتم: "ئێمە دوو هاوڕێی ئێجگار خۆشەویستی یەکین، من لە هەموو شتێکدا هاوڕای ئەوم، ئەویش لە هەموو شتێکدا هاوڕای منە".

دەمویست ئەسەد بەجۆرێک سەیرم بکات کە زمانحاڵی سەرۆکم. حەزم دەکرد ئەسەد بزانێت بۆچوونەکانی بۆشم بەلاوە شتێکی پیرۆزە و قسەکانی پەسند دەکەم. ئەدوارد جیرجیان پێی ڕاگەیاندم ئەسەد گرینگییەکی زۆر بە ڕاستگۆیی ئەو کەسە دەدات کە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، بۆیە منیش بە ئەسەدم وت: "بیستوومە وتوویژ لەگەڵ تۆدا ئاسایی نییە یان بە مانایەکی تر زۆر گیریت، بەڵام متمانەی ئەوەت پێ دەکرێ کە خاوەنی قسەی خۆتی گەر تەنیا پەیمانیشت دابێ". بە پێکەنینێکەوە وەڵامی دایەوە و وتی: "چاکە، ئێمەش چەند شتێکمان لەسەر تۆ بیستووە. بە بەرپرسیارییەکی زۆرەوە بەدوای ئەو ڕاپۆرتانەدا دەچین کە تایبەتن بە بیر و ڕاکانی ئێوە. ئێمە

گەیشتووینەتە ئەو ڕایەی تۆ پیاوێکی بەهێز و یەکلاییکەرەوەیت، چونکە ئەوە دەڵێیت کە مەبەستتە و ئەمەش وامان لێ دەکات قەناعەت بکەین کە پیاوێکی سەر ڕاستی. بۆ ئێمە چاکتر بوو لەپاش خۆت ئەمانە بڵێین، بەڵام سیفەتێکی گرینگە کەسێک ئاشکرا و بێ پێچوپەنا بێت، بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کۆک و تەبابین یان جیاواز بین لەگەڵیدا. کاتێ ئەو سیفەتانەت تێدا بێت، لە کاتی جیاوازییشدا هەر متمانەت پێ دەکرێ. پێویستە مەسەلەی شاراوە و ژێربەژێر لەنێوانماندا نەبێت".

بارودۆخی کەنداوم بەجۆرێک باس کرد، وەک ئەوەی یەکەم کێشەی ڕاستەقینە بێت کە لە ماوەی پاش جەنگی سارددا سەری هەڵدابێ و وتم: "سیستەمێکی تازە بەڕێوەیە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن بەشێوەیەکی زۆر گرینگ لەگەڵ ئەم کێشەیەدا، ئەمەشە وادەکات نەهێڵێ سەدام سەرکەوتن بەدەست بهێنێ تەنانەت لە کاتی شکستیشدا ناتوانرێ وەک پاڵەوان سەیری بکرێ". بەکورتی ئامادەیی سەربازیی خۆمانم بۆ ئەسەد خستە ڕوو.

پێم ڕاگەیاند مەبەستی سەرەکی سەردانەکەم ئەوەیە بزانم ئاخۆ ئامادەیی ئەوەت تێدایە ڕێگە بەهێزێکی سووریا بدەیت بۆ بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتییە سەربازییەکەدا. ناردنی هێزی سووریا، دەستپێشخەرییەکی ڕەمزیی گرینگ بوو، بەڵام ئەگەر شەڕ هەڵایسا ئەوا بەشداریکردنی هێزەکانی ئەسەدمان دەوێ تا شانبەشانی میسرییەکان بچنە شەڕەوە. پێم وت: "ئێمە دەمانەوێ ئەوە بزانین لە کاتی دەستپێکردنی شەڕدا، چی بەو هێزانە دەکەیت کە ڕەوانەی عەرەبستانی سعوودیەت کردووە؟". ئەسەد وتی: "بەهیوای ئەوەم سزاکان ورەی سەدام نەهێڵێت". بۆ سزاکان ماوەی چەند پێویستە، بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات؟ ئەسەد لە وەڵامدا وتی: "هیچ زانیارییەکم نییە پشتی پێ ببەستم بۆ ڕادەربڕین سەبارەت بە باری ناوخۆی عێراق". ئەمە هیچ گومانی لا نەهێشتم بەوەی، ئەسەد پشتگیریی دوژمنە سەرسەختەکەی ناکات.

ئاماژەشی بەوە دا کە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدامەوە هەڵەیە. لەبەر ئەوە سووریا هەڵوێستێکی مەبدەئیی هەیە بۆ پشتگیریکردنی هەوڵی هاوپەیمانێتیەکە، بەڵام سەبارەت بە بەشداریکردنی سووریا، بیروڕای هەر ڕوون و ئاشکرا نەبوو. دوای هێنان و بردن، دواجار وتی: "هەتا ئێستا بڕیارم لەسەر قەوارەی ئەو هێزە نەداوە کە بۆ عەرەبستانی سعوودیەی دەنێرین). بەڵێنی ئەوەشی دا کە ئەوان پابەند دەبن بە ڕەوانەکردنی ژمارەی پێویست تەنانەت ئەگەر سەد هەزار سەربازیش بێت. ئەمە لە کاتێکدا سوورییەکان بە فیعلی جگە لە تیمێکی زرێپۆش، پەیمانی هیچی تریان نەدابوو.

ئەوە دەستپێشخەرییەکی ئازایانە بوو لەلایەن ئەسەدەوە، ئەگەر تەنیا بڕیاری فراوانکردنی چوارچێوەی بەشداریکردنەکەشی بدایە. پاشان وتی: "ئەوەی ڕاست بێت ئەنجامی دەدەین، بەڵام بەهۆی ڕای گشتیی سوورییەوە کارێکی ئاسان نییە". پێم وت: "جەنابی سەرۆک، ئاسان نییە ئێمەش لەوێ بین. ئێمە ڕای گشتیی ئەمەریکاییمان هەیە و زۆر کەس ڕەخنە لە بوونی من دەگرێت کە ئێستا لە سووریام، بەڵام گرینگ ئەوەیە لێرەبین بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکە و ئومێدەوارم لە دواڕۆژیشدا هەر لێرەبین".

ئەسەد موحازەرەیەکی لەسەر ترسنۆکیی ئەمەریکا دامێ، بەڵام گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوونێکی ئیجابییانە بوو. پاش بیرکردنەوە ئێستا لەو بڕوایەدام، ڕەنگە ئەمە یەکەم جار بێت هەست کەم ئەسەد ئامادەیی تێدا بێت بۆ گرتنە ئەستۆی بەشێک لەو بەرپرسیارێتییە، لە پێناو زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی کە بە بنبەست گەیشتبوو.

ئەسەد بە پلەی یەکەم پیاوێکی واقیعییە و پێویست بەوە ناکات بڵێین، هاتنی بۆ ناو هاوپەیمانێتییەکە ڕادەی جەماوەرێتیی لە ناوەندە عەرەبییەکاندا پتەو دەکات، یان دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ سەدام

حوسێندا یەکلایی بکاتەوە. هەروەها دەشیزانی کە ئەم کارە وا دەکات وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ سووریادا بکات، بەڵام ویستم ددان بەوەشدا بنێ کە ئەوەی لە ڕێگەی پێوەندییە دووقۆڵییەکانماندایە، زیاتر بە درک چێنراوە نەوەک گوڵ. بە بۆچوونی من گەیشتن بە ئەنجامێکی سەرکەوتووانە لە کەنداودا، چەند ڕێگەیەکی تازەی دەکردەوە بۆ زیندووکردنەوەی ئاسۆکانی پرۆسەی ئاشتی لە ناوچەکەدا. وتم: "ئێمە گەشبینین و پێمان وایە ئەو شتەی سووریا و میسر و وڵاتانی کەنداو کۆ دەکاتەوە لە هاوپەیمانێتییەکی عەرەبیدا، مژدەی دوارۆژێکی چاکی پێیە بۆ پرۆسەی ئاشتیی عەرەب– ئیسرائیل).

لە کۆتاییی کۆبوونەوەکەدا، ئەسەد ئاگاداری کردمەوە لەوەی: ئەوان خۆشحاڵن بەرامبەر وتووێژەکان و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان نییە لەبری ئەو کۆبوونەوە ڕاستەوخۆیانە و ئومێدی ئەوەشی خواست لە دوارۆژدا یاریدەدەر بێت بۆ دەستکەوتی زۆر شت. ئەمە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکماندایە و لە بەرژەوەندیی ئاشتیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیشدایە، من بەڕاستی ئاشتیم دەوێ). هێشتا زوو بوو تا بزانین مەبەستی چییە لەوە. ئەوەبوو بەدرێژایی چەند ساڵێک ئەویش وەک زۆربەی سەرکردە عەرەبییەکان ئەمەی دەوت، بەڵام ئەو ئامانجەی زۆر پێویست بوو بەئاکام گەیشت و سووریاش پابەند بوو بە بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتییەکەدا.

پاشان لە دیمەشقەوە چووم بەرەو ڕۆما، بەمەبەستی ڕاگۆڕینەوەیەکی ئاڵۆز لەگەڵ ئەو سەرکردە ئیتاڵییانەی ڕازی بوون بە ناردنی پۆلێک فڕۆکەی تۆرنادۆ بۆ کەنداو. پاشان بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ کەوتم و لە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگی ١٥ی ئەیلوولدا، چاوم بە کۆڵ کەوت لە لوفیجشافین کە زێدی خۆیەتی و زۆر لە بنکە ئاسمانییە گەورەکەی ئەمەریکا لە ڕامشتاینەوە دوور نییە.

بەو پێیەی دەستووری ئەڵمانیا ڕێگە بە هیلمۆت کۆڵ نادات هێز بۆ کەنداو

بنێرێت، ئەوا لە ڕووی ڕەمزییەوە ئیلتیزامکردنی ئەڵمانیا بە پێدانی کۆمەکی مادی، کارێکی گرینگ بوو. بەرلەوەی واشنتۆن بەجێ بهێڵم، ڕووبەڕووی سکاڵایەکی ئێجگار زۆر بوومەوە. کاتێک لە بەردەم لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیراندا، شایەدیم دەدا سەبارەت بەو وڵاتانەی ناچنە ژێر باری ئەو برە پارەیەی پێویستە دابینی بکەین. ئەڵمانیا ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەکی تایبەت بووەوە. ئەوکات من ئەو بۆچوونەم هەبوو کە بەدەنگەوەهاتنی ئەڵمانیا بۆ کێشەکە، جێی ئومێد نییە. هەرچەند ئەو ڕایەم بەئاشکرا دەرنەبڕی، بەڵام دوودڵیی ئەڵمانیا مایەی سەرسوڕمانێکی گەورەبوو. لەبەرئەوەی پێش دوو ڕۆژ لە مۆسکۆ لە ئاهەنگی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنەدا بەشداریم کردبوو کە چوار هاوپەیمانە سەرکەوتووەکەی شەڕی دووەمی جیهانیی مۆریان کرد و بەپێی ئەوە، کۆتاییان بە داگیرکردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هێنا. ئەمەش دوای نیو سەدە، ڕێگەی بۆ دووبارە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا خۆش کرد. لەو ڕێککەوتنەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕۆڵی ناوبژیوانی بینی و ئەڵمانییەکانیش ئەوە دەزانن. ئەوەتا ئێمەش لەبەرامبەر ئەوەدا، ئێستا یارمەتیمان دەوێت.

پێش ئەوەی بگەمە ئەڵمانیا، وەزارەتی دەرەوە دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێک سەبارەت بەوەی ئامادەیی ئەڵمانیا زۆر ئیجابییانە دەبێت. من دەمویست کۆڵ خۆی لە مەترسی بپارێزێت، ئەوەبوو کۆبوونەوەکە تەنیا ئێمە و وەرگێڕەکانی تێدا ئامادە بوون. کە دەستمان بەقسە کرد.

وتم: "ساڵی ڕابردوو زۆر لە نزیکەوە ئێشمان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانتان کرد، لەو بڕوایەدام کارێکی چاکمان ئەنجام داوە، بەڵام ئێستا چەند داواکارییەکمان هەیە. ئێوە هێزەکانتان بەشداری ناکەن، چونکە دەستوورەکەتان ڕێگەی ئەوەتان پێ نادات. گەر بێت و ئێوە لە ڕووی داراییەوە ڕژدی و چرووکی بنوێنن، هیچتان دەست ناکەوێ و بەهیچ

شـتـێکیش بەشـداری ناکـەن". پێـویسـتـە دڵنیـام بکەنەوە کـاتـێ لەبەردەم کۆنگرێسدا دەوەستم، بتوانم بڵێم ئەڵمانیا دەچێتە ژێر باری بەشـەکەی خۆیەوە".

من دەزانم پێوەندیی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بۆ ئێوە چەند گرینگە، ئێوەش گرینگیی ئەو پێوەندییە لای من دەزانن، بەڵام نابێت کارێکی وابکەن کە بەهۆیەوە تەنگەتاوبم. هڵمۆت کۆڵیش پیاوێکی ئەتڵەنتی دەروەستە و داکۆکی لە بوونی ئەمەریکا دەکات لە ئەوروپادا، هەروەها هاوڕێیەکی نزیکی سەرۆک بۆشە و سەرکردەیەکە خۆی بە قەرزارباری ئەمەریکا دەزانێ. ئەمە بووە هۆی پێدانی یارمەتییەک کە نزیکەی دوو ملیار دۆلار بوو. سەرباری پێشکێشکردنی چەک و تفاق بۆ یارمەتیدانی ئەمەریکا لە کەنداو کە بایی چەند ملیارێک دۆلار دەبوو... کۆڵ ڕازی بوو لەسەر زیادکردنی یارمەتیی سەربازی و ئابووری بۆ تورکیا، بەڕادەیەکی زۆر و پێشکێشکردنی چەند کەشتییەکی ئەڵمانی بۆ گواستنەوەی زرێپۆشە میسرییەکان و تانکە قورسەکانی بۆ کەنداو.

کاتی گەڕانەوەم بۆ واشنتۆن لە کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانی ١٦ی ئەیلوول، ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە بەڵگەی گرینگ و حاشاهەڵنەگرم پێیە، لەسەر ئەوەی هەوڵە دیپلۆماتییەکانمان کاریگەر دەبن و ئەنجامی خۆیان دەبێت. هەمان ڕۆژ نەتەوە یەککگرتووەکان حەوتەم بڕیاری خۆی سەبارەت بە ئیدانەکردنی داگیرکارییەکە دەردەکات. ئەوەتا هاوپەیمانییە دیپلۆماتییەکە دروست بوو، سزاکانیش کاریگەریی خۆیان لەسەر عێراق دەست پێ کردووە و کۆمپانیاکانمان بەڵێن پێدانی ملیۆنان دۆلاریان داوە، بۆ چوونە ژێر باری ئەو برە پارەیەی پرۆسەی گەردەلوولی بیابان پێویستێتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا سەدام لە کوەیتدایە و ڕاگەیاندنەکانی و وتارەکانی، ئاماژەی ئەوە دەدەن کە هیچ پەلەی کشانەوەی نییە.

***

٢

# هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان

"سـەدام پیـاوێکە هاوسـەنگیی خـۆی لە دەست دەدات، پیـاوێکە هیچ لەبارەی ئەخـلاقـەوە نـازانێت. کـەسـێکە سووکایەتی بە هەموو بەهایەکی ئینسانی دەکات کە هەر کـۆمـەڵێک بـاوەڕی پێـی هەبێت.. لەوانەیـە یەزدان ئـەم ڕووداوانەی بۆ ئەوە هێنابێتـە پێش، تا لە دەست سـەدام ڕزگارمان بێت."

– شا فەهد لە وتەیەکیدا بۆ جیمس بیکەر–
جەددە، عەرەبستانی سعوودیە. ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠.

به هاتنی مانگی تشرینی یەکەم، وەڵامدانەوەی ئەمەریکا لە کەنداودا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. گەر سەدام حوسێن پلانی بۆ پەلاماردانی سعوودیە دانابێت، ئەوا ئەو هێزانەی سەرۆک بۆش لە مانگی ئابدا ڕەوانەی ناوچەکەی کردن، ئەگەری ئەو هەڕەشە و پەلامارەی کەم کردەوە.

هەوڵە دیپلۆماتییەکانمان هاوشان بە کەللەڕەقیی سەدام، سەرکەوتنی لە کەنارگیرکردنیدا بەدەست هێنا. کەسێک نییە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا پشتیوانی لە گرتنی کوەیت بکات لەلایەن عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەدام هەر لە کوەیتدا مایەوە، بێ ئەوەی گوێ بە فشار و هەڕەشەکانی ئێمە بدات. بەمە بۆش قەناعەتی پەیدا کرد کە پێویستە لەمەودوا سیاسەتی ئەمەریکایی، ئاراستەیەکی زۆر بەهێزتر بگرێتەبەر.

بەداخەوە دەرکەوت بۆچوونی دۆستە گەشبینەکانمان لە ناوچەکەدا، لەبارەی کاریگەریی سزا ئابوورییەکانەوە لەسەر عێراق بۆچوونێکی هەڵە بوو. هەر لە سەرەتاوە موبارەک و ئۆزال پێیان وابوو، سزاکان سەدام بەچۆکدا دێنێ و ناچاری دەکەن لە ماوەی شەش هەفتەدا لە کوەیت بکشێتەوە.

گۆرباچۆف و شیڤەر نادزەش هەمان قەناعەتیان هەبوو. سەرەتا بەم هەڵسەنگاندنە گەشبینەیان قەناعەتمان هێنا، بەڵام پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ و سەرەڕای ئەوەی سزاکان لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەرێتی خۆیان دەسەلماند، وەک زۆربەی هاوڕێکانم لە حکوومەتدا، گەیشتمە قەناعەتێک کە بە تەنیا سزاکان عێراق ناچار ناکەن لە کوەیت بکشێتەوە. لە زۆر ڕووەوە عێراق نموونەیەکی میسالی بوو تا سزا ئابوورییەکان کاری تێ بکات،

چونکە عێـراق بـەڕادەیەکی زۆر پشت بە واریداتـی دەرەوە دەبەسـتـێت بۆ بژێویی میللەتەکەی و کارپێکردنی دامەزراوە پیشەسازییەکانی.

دەکرێت ڕێ لە هەناردە سـەرەکییەکانی پترۆڵ بگیرێت، لە ڕێی داخستنی بۆرییـە نەوتەکانی کـە بە تورکیا و سـعوودیەدا تـێ دەپەڕن. لەگەڵ سـەپاندنی گـەمـارۆی دەریاییش لـە کەنداودا. بەمـە لە ڕووی جـوگـرافیـیـەوە، عـێـراق گۆشـەگیر دەبێت. سـەرەڕای شکاندنی هەندێ جاری ئەو گەمارۆیە لە ڕێی ئوردنـەوە لەگـەڵ چـەند دەوڵەتێکی تری هاوسـێی عـێـراق، بـەڵام ئوردن زۆر پابەندی ئەو گەمارۆیە بوو کە بەسەر هاوسێ بەهێزەکەیدا سەپێنرابوو.

لە ڕووی سیاسییـەوە، پێ نەدەچوو سزاکان توانای ئەوەیان هەبێت سەدام حـوسێن نـاچار بکەن لە کوەیت پاشەکشـە بکات. یەکەمین شت، لەبەرئەوەی خـەسـڵـەتی تۆتالیـتـاری ئەو ڕێژیمەی سـەدام، وایکردبوو بێ هـیچ ترس و ئیـعـتیبـارێک بۆ ڕای گشـتی مـیللەتەکەی، دەرامـەتێکی زۆر بخـاتە خـزمـەتی سوپاکەی و دەزگا ئەمنییەکانییەوە.

دووەمـیـان، سـەرکـردەیەک کـە بـێ ئومـێـدیی وای لێ کـرد پـەلامـاری دراوسـێکەی بدات، ڕەنگە هەمـان نائومێدییش ناچاری بکات خـۆی لەبەردەم سـزاکـانـدا ڕابگرێت. کـوەیت خـەڵاتێکی گـەورە بـوو بۆ سـەدام حـوسـێن لە شـەڕی هەشت ساڵەی لـەگەڵ ئێراندا، زیانێکی گەورەی بە عێراق گەیاند لە ڕووی ئابووری و مـرۆییـیـەوە. پێش نەدەچوو سـزا کـورتخـایەنەکـان توانای ئەوەیان هەبێت، ئاسـتی ئەو زیانـانە زیاتر بکەن. سـێـیـەم شـتـیش، لە ڕووی عـەمەلییـەوە کات لە بەرژەوەندیی سـەدام حوسـێن بوو. هەرچی ئەوانەش بوو کە دەیانویست کـاتێکی زیاتر بدرێت تا سـزاکان کـاریگەریی خـۆیان هەبێت، ئەوا زۆرجار لەو بۆچـوونەدا بەهەڵەدا چووبوون کە بتوانـن بۆ ماوەیەکی زۆر، یەکگرتوویی ڕیزی هـاوپـەیمانییەکە وەکو خۆی بهێڵنەوە.

دواجـار ئەگەری ئەوە هەبوو هـاوپـەیمانێکی سـەرەکی بکشێتەوە و بەمـەش

هاوپەیمانێتییەکە تێک بچێت. ئەگەرچی بەکارهێنانی هێز بۆ گێڕانەوەی کوەیت سەرکێشییەکی گەورەبوو، بەڵام پێ نەدەچوو سەدام لە کوەیتدا بکشێتەوە، لانی کەم بێ ئەوەی هەڕەشەیەکی توندی ئاراستە بکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی هێز لە دژی.

لەگەڵ ئەوەشدا هەلێکی بچووک لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی سزاکان هاوشان لەگەڵ هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی، سەدام ناچار بکەن لە کوەیت پاشەکشێ بکات. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم هەڕەشانە جێی خۆیان بگرن، هێزەکانمان پێویستییان بە یارمەتی زیاتر هەبوو. هاوکات پێویستمان بەوەش بوو بە هێمنی لەو ئەگەرانە بکۆڵینەوە، تا بڕیارێکمان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چنگ بکەوێت بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەوەمان پێ بدات هێز لە دژی سەدام حوسێن بەکار بهێنین، گەر هاتوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١دا لە کوەیت نەکشایەوە.

### زیادکردنی هێز

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمدا، کۆڵن پاوڵ پێوەندیی پێوە کردم و وتی: "دەمەوێت قسەیەکی کورت و تایبەتت لەگەڵدا بکەم". لە ١٩ی تشرینی یەکەمدا، لە ئۆفیسەکەی خۆم و بۆ ماوەی سێ چارەکە سەعات پێکەوە کۆبووینەوە. ڕێزی داواکەی پاوڵم گرت بەوەی دانیشتنەکەمان دانیشتنێکی تایبەت بێت و وازم لەو عادەتەی خۆم هێنا، لەوەی دیک چینی لە جۆری ئەم پێوەندییانە ئاگەدار بکەمەوە.

هەندێک پێیان وابوو من و کۆڵن پاوڵ دژ بە بەکارهێنانی هێزین و ئێستاش پاوڵ بۆ ئەوە هاتووە، تا داوای یارمەتیم لێ بکات بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگرین ئاراستەی ڕووداوەکان بگاتە ئەو ئاستە. ئەوەی ڕاستیی بێت کارەکە بەو جۆرە نەبوو، کۆبوونەوەکەشمان بەوە گەیشت کە هەردووک کۆک بووین لەسەر ئەوەی پێویستە سیاسەتێکی سەربازی و دیپلۆماتیی توند

بگیرێتەبەر، گەر هەموو ڕێگەچارەکان شکستیان هێنا لە دەرکردنی عێراق لە کوەیتدا.

پێشتر من و پاوڵ لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی ڕیگاندا، لە نزیکەوە کارمان لەگەڵ یەکتریدا کردبوو. ئەو کات ئەو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و منیش وەزیری دارایی بووم. دەشیزانی پێوەندییەکی شەخسیی توندوتۆڵم لەگەڵ سەرۆکدا هەیە. پاوڵ ددانی بەوەدا نا کە سزاکان کاریگەریی جەوهەرییان لەسەر سەدام حوسێن نابێت، هەروەها لەوەش دڵنیابوو کە سەرۆک بەم زووانە ناچار دەبێت، بڕیار لەسەر بەکارهێنانی هێز بدات. لەو باوەڕەدا بووم ئامانجی پاوڵ ئەوەبوو، بەشێوەیەکی باشتر هەڵوێستی من لەو بارەیەوە بزانێت.

لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا، چاوم بە بۆب کیمیت کەوت و لەو هەنگاوە پێویستانەمان کۆڵییەوە کە دەبێت بیگرینەبەر گەر ناچار بووین ڕێگەچارەی سەربازی هەڵبژێرین. ئەو هەنگاوانەش ئەمانەی دەگرتەوە: (دەرکردنی بڕیاری تر لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، لەگەڵ هەوڵی دیپلۆماتیی چڕوپڕتر بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر بۆ بەکارهێنانی هێز و جێگیرکردنی هێزەکانمان لە کەنداودا. پاشان لە سەرەتای تشرینی دووەمدا سەردانی چەند دەوڵەتێک بکەین، بەمەبەستی ڕاگۆڕینەوە لەسەر ئەو هەنگاوانەی پێویستە بینێین لەگەڵ هاوکارەکانمان لە تەحالوفەکەدا).

وەک دەرکەوت من و کۆڵن پاوڵ یەک جۆری بیرکردنەوە کۆی دەکردینەوە. من لەگەڵ ئەو نیگەرانییەدا بووم کە سیاسەتی ئێستامان جۆرە لادانێکە. هەرچەندە بڵاوبوونەوەی هێزەکانمان وای کرد بەر بە نەخشە و پلانەکانی سەدام بگرێت لە سعوودیەدا، بەڵام وەک پێویست نەبوو بۆ وەدەرنانی لە کوەیت. بۆ هەردووکمان ڕوون بووەوە کە ناچارین هەوڵی زیاتر بدەین، بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە.

له کاتی وتووێژەکانماندا ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی ئەگەر لەلایەن سەدام حوسێنەوە سەرکێشی زۆرتر ڕوونەدات، ئەوا هەوڵەکانی ئێمە لەسەر ئەم سێ شتە ڕادەوەستێت: هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی بمێنێتەوە، یان پشت بە سیاسەتی ئیحتیواکردن ببەسترێت تا لە ڕێیانەوە سزاکان توندتر بکرێت و هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە کەنداودا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە و بە پلەی یەکەم ئەرکیان بەرگریکردن بێت، یاخۆ هێز و توانایەکی سەربازیی وا بەکار بهێنن کە لەباریدا بێت عێراق لە کوەیت وەدەرنێت).

ئێمە ئەگەری سێیەممان پێ باش بوو. کۆڵن پاوڵ وتی: "توانای ئەوەمان هەیە بینای هێزێکی هێرشبەری هەقیقی بکەین. دەبێت سەدام حوسێن لەوە دڵنیابێت ئێمە بەجیدی بیر لە مەسەلەکە دەکەینەوە. باش ڕێکخستنی هێزەکان، لانی کەم پێویستی بە چوار تیمی هێزی زەمینی دەبێت. بەڵام هەردووکمان پێمان وابوو لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگە قوتار نەبین، گەر هات و وڵاتە یەکگرتووەکان بەرێژەی ٧٥٪ی زیانەکانی بەرکەوێ لە حاڵەتی هەڵایسانی شەڕدا. پێویستە گردکردنەوەی هێز، ژمارەیەکی سەرەکی لە هێزەکانی وڵاتانی تریش بگرێتەوە، بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان. دەبێت ئەم هێزە زەبەلاحەش لەوپەڕی ئامادەباشیدا بێت بۆ شەڕکردن، لە ماوەی سێ مانگدا". کۆڵن پاوڵ هاوڕای من بوو لەوەی دەبێت ڕێگەچارەی سەربازی، پێوەست بێت بەو هەوڵە دیپلۆماتییانەوە تا ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیمان بدات لە کاتی پێویستدا.

بۆ ڕۆژی دوایی لە ماڵەوە دەستم کرد بە پوختەکردنی بەرنامەی کار، لەسەر بنەمای ئەو ئەگەرانەی لەگەڵ پاوڵدا قسەمان لێ کردبوو. بۆ خۆم ئەو خاڵانەم لەسەر پشتی زەرفێک تۆمار کرد... ئاماژەشم بەوە کرد بۆ ڕێگەگرتن لە کشانەوە لە پشتیوانیکردنی بڕیارەکە، پێویستە سەرۆک ڕۆژێک دەستنیشان بکات و پاشان دوای ئەوە دەست بە بەکارهێنانی هێز

بکرێت. بیرم لەوە دەکردەوە کە کاتی گونجاو بۆ ئەو کارە، ڕەنگە سەرەتای مانگی شوبات یان سەرەتای مانگی ئازار بێت.

بەڵام هەر ساتێک بێت ئەوا ئێمە پێویستمان بەوەیە لەوپەڕی ئامادەباشیدا بین. هاوکات دەبێت دەستبەجێ خەریکی کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەبین لە کەنداودا. بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ئەم کارە، نووسیم: (پێویستە سیستەمی نوێی جیهانی، پابەند بێت بە پرەنسیپەکانییەوە و بەرپەرچی دوژمنکارییەکە بداتەوە)، چونکە نابێت هەمان ئەو هەڵانە دووبارە ببنەوە کە لە ساڵانی سییەکاندا یاخۆ لە ڤێتنامدا وەک نارۆشنی و دوودڵی و... هتد، ڕوویان دا. گەر ئێمە بمانەوێت ئەرکەکە ڕاپەڕێنین، ئەوا دەبێت هێزێکی گەورە پێک بهێنین. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی هێزدا، ڕووبکەینە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرێس، تا داوای پشتگیرییان لێ بکەین.

پاشان ئەمەم نووسی: (گەر کۆنگرێس ڕەزامەندیی نیشان دا و عێراق پاشەکشەی نەکرد، ئەوا پێویستە دەست پێ بکەین. گەر ڕازیش نەبوو، دەبێت ئەوە ڕابگەیەنێت کە ئێمە دەست بەئیحتیواکردنی عێراق دەکەین و بەردەوام دەبین لەسەر سەپاندنی سزاکان بەسەریدا، هێزەکانیشمان مانەوەیان لە ناوچەکەدا بەردەوام دەبێت وەک ئەڵمانیا و کۆریا). لەم حاڵەتەشدا پێویستە دەست بەگواستنەوەی تەواوی ئەو دیپلۆماتە ئەمەریکاییانە بکەین کە لە کوەیتدا ماونەتەوە.

***

ڕۆژی دوایی، بە تەلەفۆن پێوەندیم بە سەرۆک بۆشەوە کرد و پێم ڕاگەیاند دەمەوێت دانیشتنێکی تایبەت بکەین و وتووێژ لەبارەی مەسەلەیەکەوە بکەین. سەرۆک دەستبەجێ وەڵامی دایەوە و وتی: (ئەی بۆ هەر ئێستا نایەیت و پێکەوەش مەی دەخۆینەوە). پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە یەکشەمە،

پوختەی ڕا و بۆچوونەکانی خۆمم پێ وت. سەرۆک وتی: "ئەو بۆچوونانەم پێ گرینگە و بەشێوەیەکی گشتیی هاوسۆزم لەگەڵیاندا"، بەڵام وەک عادەتی خۆی وتی: "هەندێ کاتم دەوێت تا لێی بکۆڵمەوە". پێکهاتین لەسەر ئەوەی پێویستە مەسەلەکە لەگەڵ گەورە ڕاوێژکارانیدا باس بکەین. ئەوکاتەی من خەریکی تاووتوێکردنی ئەو مەسەلەیە بووم لەگەڵ سەرۆکدا، کۆڵن پاوڵ بەرەو ڕیاز بەڕێ کەوت تا لەگەڵ شوارسکۆفدا، لە پێداویستییەکانی هێرشێکی کاریگەر بکۆڵنەوە.

سێ ڕۆژ دوای ئەوە لە چەند بۆنەیەکدا، سەرۆک ئەم مەسەلانەی لەگەڵ چینی و پاوڵ و سکرکرۆفت و منداا هێنایە بەرباس. لە ٢٤ی تشرینی یەکەمدا سەرۆک وتی: "پێم باشە بەشێوەیەکی نوێ دەست بە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت لە ناوچەکەدا". لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا، سەرۆک ڕازی بوو بەوەی ژمارەی هێزەکانمان زیاد بکەین بۆ دوو سەد هەزار سەرباز و ڕەوانەی سعوودیە بکرێن. بە گەیشتنی ئەم هێزانەش لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیاوە، ئەوا هێزەکانمان توانستێکی هێرشبردنی تۆکمەیان دەبێت. گەر ئەمەریکا پێویستی بەوەبوو دەست بە شەڕ بکات، ئەوا لە بارێکی وەهادا دەبین بواری جەنگ و سەرکەوتنمان بۆ بڕەخسێ.

هەرچەندە هەندێک تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵمان کە خڕکردنەوەی هێز و ناردنی هێزی زیاتر، مانای ڕاگەیاندنی شەڕ دەگەیەنێ، بەڵام تا ئەو کاتەش سەرۆک و گەورە یاریدەدەرەکانی، هیواخواستی ئەوە بوون ئەم فشارانە سەدام ناچار بکەن بێ هەڵایسانی شەڕ لە کوەیت بکشێتەوە، چونکە ئەوان بڕوایان بەوە هەبوو کە دیپلۆماتییەتی هێز کاریگەریی خۆی دەبێت. بەمجۆرە شەڕ بووە شتێکی حەتمی و ڕەتنەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی زیانە گیانییەکان بووینەوە کە پنتاگۆن بە هەزاران کەسی مەزەندە دەکردن. ئەمە سەرەڕای تارمایی هێرشکردنە سەرمان بە چەکی کیمیایی و بایەلۆجی و پێشبینیکردنی بەردەوامبوونی شەڕ بۆ چەند مانگێک

نەک چەند ڕۆژێک.

بۆ خۆم هیچ گومانێکم لەوە نەبوو کە سەرۆک لە کاتی پێویستدا، بڕیاری بەکارهێنانی هێز دەدات و سووریش دەبین لەسەر پاراستنی مافەکانی خۆمان لە چوارچێوەی مادەی (٥١) لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام هەر لە سەرەتاوە سەرۆک دانی بە گرینگیی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا نا. بەدرێژایی چەندین ساڵ هاوپەیمانەکانمان بەردەوام بوون لەسەر گازندەکردنی عەقڵییەتی کاوبۆی ئەمەریکایی و چالاکییە لەناکاوەکانیشمان لە گرینادا و پەنەمادا، ئەم بۆچوونەیان زیاتر سەلماندبوو.

لەڕێی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سیاسی و نێودەوڵەتیی دژ بە عێراق، بۆش ئەوەی سەلماند کە باش لەو ڕەخنە و ڕەخنەکارییانە حاڵی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەر لە هەر شتێ، پێی وابوو هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز، کاریگەریی زیاتری دەبێت گەر ئەندامانی هاوپەیمانییەکە دەنگی لەسەر بدەن. ئەمەش وای لە بۆش کرد لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا نەک هەر ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداودا زیاد بکات، بگرە هەوڵی ئەوەشی دا تا نەتەوە یەکگرتووەکان لە لای خۆیەوە بڕیارێک دەربکات، تێیدا ڕێگە بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بدات لە کاتی پێویستدا ئیعلانی شەڕ بکەن. مارگرێت تاچەر بەم بۆچوونە ڕازی نەبوو، پێی وابوو گەر شکست بێنین لە دەرکردنی وەها بڕیارێک، ئەوا بەڕادەیەکی زۆر توانای ئەو هاوپەیمانییە کەم دەبێت لە بەکارهێنانی هێز بەپێی مادەی (٥١) لە گەڵاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەو پێی وابوو نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی لەو جۆرە ڕەت دەکاتەوە و ڕازی نابن پێی، واتە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەترسیی گەورەی تێدایە.

لەم ڕووەوە هەریەک لە دیک چینی و برینت سکۆکرۆفت هەمان ڕا و

بۆچوونـی تاچەریان هەبـوو. من بۆ خـۆم هاوڕای ئەوان بـووم لەوەی گـەر ئەم دەنگدانە چارەنووسسازەمـان دۆڕاند، ئەوا تێکشکانێکی گەورە دەبێت. بەڵام هیچ هەوڵێکی وام نەدا بۆ دەرکـردنی بڕیارەکە بـەرلەوەی دڵنیـابم لـەوەی کـە ئەندامـانی هـاوپـەیمانییـەکە پێی ڕازین. لەگەڵ ئەوەشـدا پێم وابـوو هەوڵێکی دیپلۆماسیی چڕوپڕ، دەتوانێت پاڵپشتیی پێویستمان بۆ دروست بکات.

## هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان

سـەرگـەرمی خشـتـەیەکی زەمـەنی بووم بۆ هەوڵە دیپلۆمـاتییـەکـانمان. بۆم دەرکــەوت بەرێکەوت و بەپێی ڕێوشــوێنێکی لـەبەر ئـەوە مــاوەدرێژ، وڵاتە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسـایش دەگرێتە دەست و پاشـان دەکەوێتـە دەست یەمـەن کـە هاوپەیمانی عێراقە و بە توندییش دژایەتی ئەو هاوپەیمـانێتـیـیـە دەکات کـە لە دژی عـێـراق پێکهـێنراوە. وەک هەنگاوێکی عەمەلی پێویستە بەر لە ڕۆژی سی مانگی تشرینی دووەم، دەست بکرێت بە دەنگدان لەسەر بڕیارەکە.

لە تشرینـی یەکەمدا و مـاوەیەکی زۆر بەر لە دەرکردنی بڕیاری زیادکردنی هێـزەکانمان لە کـەنداودا، داوای ئەوەم لە لێژنـەی کۆنگرێس کـردبوو دەقی پڕۆژەی ئەو بڕیارە ئامـادە بکەن کە پێشنیـاز کراوە. من دەمـویست پڕۆژەی ئەو بڕیارە ئیعلانێکی ڕوون و ئاشکرای تێدا بێت بە بەکارهێنانی هێز. ئەو پێشـنیـازەی من خسـتـمـە بـەردەسـتیـان (هـەمـوو ڕێگاچارە پێـویسـتـەکانی تێدابوو، لەوانەش بەکارهێنانی هێز). لەگەڵ ئەوەشـدا کاری دیپلۆماتییانەی سـەرکەوتوو، ئەو شـتـە بوو کە هونەری مـومکینـی دەدایە دەسـتم. لەبەر ئەوە ئێمە هەڵوێستمان بەهێز بوو.

لەســەر داواکاریی من، بۆب کـیـمـیت دەسـتی کـرد بە تاوتوێکردنی لایەنە یاسـاییـیـەکان و بەکـورتی پێی ڕاگـەیاندم، گـەر هات و سـۆڤـیـەتیـیـەکـان و هـاوپـەیمـانـەکــــانـی تر بـە جــــۆری ئەم دیاریکردنـە ڕازی نـەبـوون، ئـەوا

دەستەواژەی (هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان) ڕێگەی ئەوەمان دەداتێ بۆ ئەوەی دەست بە شەڕ بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا من زیاتر گرینگیم بە زۆرترین دەنگ دەدا لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا. بوونی یەمەن و کوبا لە ڕیزی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا لە مانگی تشرینی دووەمدا، ڕێگر بوو لە بەردەم ئەوەی بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر کێشەکە بدرێت. بەڵام دروستبوونی کەرتبوونێکی گەورە لە کاتی دەنگدان لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بە ئاسانی ئەو بیانووە دەداتە دەستی سەدام حوسێن، تا خۆی وەکو قوربانیی تۆڵەی ئەمەریکایی زایۆنی نیشان بدات. کارێک کە دەبێتە مایەی ئەوەی، پرۆژە سەربازییەکەمان ڕاستگۆیی خۆی لەدەست بدات.

لای خۆمەوە سوور بووم لەسەر ئەوەی دەبێت، سەرەک دەوڵەت یان وەزیری دەرەوەی تەواوی ئەو وڵاتانە ببینم کە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشن، بەر لەو ماوەیەی دەکەوێتە پێش پرۆسەی دەنگدانی ئەنجوومەنی ئاسایش. هاوکات ویستم لە پرۆسەی دەنگدانەکەدا، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا ئامادەبن.

ئەمە بۆ یەکەم جار بوو لە دوای قەیرانی کۆریاوە، داوای بەکارهێنانی هێز لە ئەنجوومەنی ئاسایش بکەین. بەکورتی، بڕیارەکە بڕیارێکی چارەنووسساز بوو، بۆیە لە بەرزترین ئاستدا پێویستی بە چارەسەر و ڕێگەچارەی پێویست هەبوو.

### ڕۆژێکی سی و حەوت سەعاتی

لە سێی تشرینی دووەمدا واشنتۆنم بەجێ هێشت و سێ هەفتەی دوای ئەو بەروارە، هەژدە ڕۆژم لە هاتوچۆی نێوان دوازدە وڵات کە لە سێ کیشوەری جیاجیادا بوون بەسەر برد. ڕۆژێک دوای (عید الشکر) تیمی فڕۆکەکە کە سەر بە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا بوون، ئاگاداریان کردمەوە کەوا ژمارەیەکی پێوانەییم تۆمار کردووە، چونکە لە ڕۆژێکی سی و حەوت

سەعاتیدا توانیومە لە جددەوە بچمە بۆگۆتای پایەتەختی کۆلۆمبیا و لەوێشەوە بۆ لۆس ئەنجلۆس و پاشانیش بگەڕێمەوە شاری هیوستۆن کە زێدی خۆمە.

لە کۆتاییی تشرینی یەکەمدا کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش گرێ دا. ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ئاڵۆز بوو کە مەرایی و ڕازیکردن و هەڕەشە و گوڕەشەی لەخۆ گرتبوو. بگرە هەندێ کاتیش دەنگ کڕینیشی تێدابوو. ئەمەش بۆ خۆی سیاسەتی دیپلۆماتییەتە. سەرۆک بۆش سەرپشکی کردم گەر هەر دژایەتیکردنێکی بڕیارەکە ڕووی دا هەندێک سازشکاری بکەین، تا ئەو ئەندامانەی پێ ڕازی بکەین کە دژایەتی بڕیارەکە دەکەن.

لە کاتی ئەو گەشتە نێودەوڵەتییەمدا لە ڕۆهەڵاتی جیهانەوە بۆ ڕۆئاوای، لیستی ئەو ئیغرائاتە دیپلۆماتییانەم لە گیرفاندا بوو کە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی دامنابوو. بۆ نموونە؛ ئێمە ئامادەبووین ئیلتیزام بەکێشانەوەی بەشێکی دیاریکراوی هێزەکانی ئەمەریکا بکەین لە سعوودیە، گەر هات و عێراقییەکان پاشەکشەیان کرد لە کوەیت. هاوکات ئامادەیی ئەوەشمان تێدابوو دەستەیەکی ناوبژیوانیی لە لاهای پێک بهێنین بۆ چارەسەرکردنێکی هەمەلایەنی کێشە سنوورییەکانی عێراق- کوەیت.

لە کاتی سەردانەکانمدا کۆبوونەوەم لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی هاوپەیمانییە سەربازییەکەدا کرد، تا لە دواهەنگاوەکانمان ئاگاداریان بکەینەوە و ڕەزامەندیی هەریەکەیان لەسەر سێ خاڵی گرینگ بەدەست بێنین. یەکەم، دەمانویست لەوە دڵنیابین کە تەواوی چالاکییەکانی لە ژێر کۆنترۆڵی سەرکردە ئەمەریکاییەکاندا دەبێت، هەروەها پێویستمان بەوە بوو دڵنیابین لەوەی هیچ ناڕەزاییەک سەبارەت بە بۆردمانکردنی عێراق لە ئارادا نییە و هاوپەیمانەکانمان لەگەڵمان دەمێننەوە، تەنانەت لە

حـاڵەتێکیـشـدا گـەر هـات و ئیـسـرائیل کـەوتـە بەر شـاڵاو و پـەلامـاری عێراقییەکان.

لە یەکەم وێستگەدا لە مەنامـەی پایەتەختی بەحرەین، چاوم بە میر شـێخ عیسا بن سەلمان ئال خەلیفە کەوت. شـێخ عیسـا لە نەخۆشـخـانەی بابکۆ کـەوتبـوو، بەڵام تەندروسـتی بـەرەو باشـی دەچوو، دوای ئـەوەی جـەڵدە لێی دابوو. ئەم بنەماڵەیە (ئال خەلیفە) لە ساڵی ١٧٨٢ەوە حوکمڕانیی بەحرەین دەکەن. وەک پێشبینیم دەکرد، زۆر لایەنگری بڕیارەکە بوو. پێم وت: "گەر شـەڕ دەسـتی پێ کـرد، دەبێت توانای ئەوەمـان هەبێت دەست بوەشـێنین. هەروەها پێویستە بزانین ئاخۆ هـاوپەیمانەکانمان لە عـەرەب و موسـڵمانان، دووچاری کـێشـە و گرفت دەبن گـەر هێـرش کرایە سـەر عێـراق. لەوانەش بۆردمـانکردنی بەغدا یان گەر سـەدام حوسـێن ئیسـرائیلـی بۆردمـان کرد، عـەرەبە هاوکـارەکـانمان بەردەوام دەبن لە ئیلتـیـزامکردن بە وەڵامـدانەوەی سەربازیی دژی عێراق؟".

وەڵامی مـیـری بەحـرەین لە بـەرامبـەر هـەر سێ حـاڵەکـەدا ئیـجـابی بوو. پەیمانی دا و وتـی: "بەحـرەین پشـتـیـوانی لە هـەمـوو هەوڵێکی دژ بە عێـراق دەکات. ئـاشـتی لەگـەڵ سـەدام بێـهـوودەیە". بـەمـەبەسـتی بەسـەرکـردنەوەی فـیـرقـەی یەکـەم کە ئەوکـات لە بیـابانی ناوەڕاست لە سعـوودیەدا شـوێنی خۆیان گرتبوو، مەنامەم بەجێ هێشت. دوای سەفەرێکی دژوار بە کۆپتەر کە حـەفتـا و پێنج دەقیـقـەی خـایاند، دیمەنی ٤٢٠٠ سـەربازی فیـرقـەی یەکـەم بەدەرکەوت.

قسـەم بۆ سەربازەکان کرد و لە ژێر تۆڕێکی قەبارە گەورەدا ڕاوەستابووم و پێم ڕاگـەیاندن، ئێـوە و هـەوڵ و چالاکـیـەکـانتـان بەردەوام سـەرقـاڵیـان کـردووین. گـەر قـارەمـانیی ئێـوە نەبێت، ئەوا هـەمـوو ئەو هەوڵانە مـەحـاڵن. لـەوێدا هـەسـتـم بـە ورە بەرزییـان کـرد و زانیم چـەند بـەتاسـەوەن، بۆ

ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچییەک چاوەڕێیان بێت.

دوای قسەکانم، تێکەڵ بە سەربازەکان بووم و ئەفسەرێک بە پلەی کاپتن پێی وتم: "یاریی تۆپی پێم لەگەڵ مایکی کوڕتدا کردووە. لە ئەکادیمیای نۆرت وێست لە هیوستۆن". لە کاتی ڕۆیشتندا، سەربازەکان پاکەتێکیان بەدیاری دامێ.

لە تائیف، ڕەزامەندیی ئەمیری کوەیتم وەرگرت. ئەڵبەتە ئەو دەیویست وڵاتەکەی بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و سەدامیش دووچاری شکست بێت. پێشی باش بوو ئەم کارە لە نزیکترین دەرفەتدا ئەنجام بدرێت. میری کوەیت پێشنیازی ئەوەی کرد ئەو سێ خاڵەی من مەبەستمە، لەگەڵ جێنشینەکەی باسی بکەم. لەسەر دوو خاڵی یەکەم هیچ تێبینییەکی نەبوو، بەڵام پێی وابوو سێیەمین خاڵ هەندێ کێشەی تێدایە.

سەبارەت بەوە من دڵنیام کردەوە و پێم وت: "ئێمە بەهیچ ڕێگەچارەیەکی مامناوەند ڕازی نابین، بەڵام دەمانەوێت هەڵوێستی عەرەب بزانین گەر هات و سەدام پەلاماری ئیسرائیلی دا، دەمانەوێت دڵنیابین لەوەی ئێوە لەگەڵماندا دەبن". پێ دەچوو پرسیارەکەم گرژی و ئاڵۆزیی لە نێوان کوەیتییەکاندا دروست کردبێت. بۆ ماوەیەک بێدەنگیی تەواو دانیشتنەکەی داگرت. جێنشینی میری کوەیت پرسی: (دەتوانین دڵنیابین لەوەی ئیسرائیل دەستپێشخەری ناکات لە پەلاماردانی عێراقدا؟). لە وەڵامدا وتم: "با وای دابنێین پێچەوانەی ئەوە ڕووی دا. ئێمە دەمانەوێت ئەم مەسەلەیە بخەینە ڕوو و قسە و باسیشی لەسەر بکەین. مەبەستمانە هەڵوێستی ئێوە چییە، گەر هات و سەدام حوسێن هێرشی کردە سەر ئیسرائیل". جێنشینی میری کوەیت بەرپەرچی دامەوە و وتی: "هەقی خۆتە پرسیارێکی وا دەورووژێنی. ئێمە هەڵوێستمان ڕوون و ئاشکرایە"، بەڵام وانەبوو.

جێنشینی میری کوەیت ڕووی کردە ڕاوێژکارانی و بەعەرەبی لەگەڵیان

کەوتە قسەکردن. بە نەرمونیانییەکەوە پێم وت: "ئێمە دەزانین مەسەلەکە زۆر بە گرێ و گواڵە و هەوڵ دەدەم، لای هەموو ئەو لێپرسراوە عەرەبانەی سەردانیان دەکەم باسی بکەم. هەمان ئەو پرسیارەیان لێ دەکەم و دەشبێت وەڵامم چنگ بکەوێت".

دواجار وەڵامی پێویستم بەچنگ کەوت. جێنشینی میری کوەیت وتی: "هەرچی پێوەندیی بە هەڵوێستی گەلی کوەیتەوە هەیە، ئەوا گەر بێتو سەدام پەلاماری ئیسرائیل بدات، لەبەرئەوەی ئێوە هەوڵی ئازادکردنی وڵاتەکەمان دەدەن، پێم وانییە هیچ کوەیتییەک بێتە دەنگ، گەر هێرشیش کرا با بکرێت". لە وەڵامدا وتم: "ئەمە هەمووی ئەوە بوو کە دەمویست گوێبیستی بم".

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ ماوەیەکی کەم لە ئوتێل شیراتۆن، چاوم بە چوار کوەیتی کەوت کە لە وڵاتە داگیرکراوەکەیان هەڵاتبوون و هەموویان دووچاری لێدان و سزا بوون. یەک لەوانە گوللەیەک بەر پشتی سەری کەوتبوو، زمانی قرتابوو، دەموچاویشی بەشێوەیەکی ترسناک شێوابوو. یەکێکی تریان دەستدرێژیی جنسیی کرابووە سەر، بەجۆرێک دوای ئەوە نەیدەتوانی لەڕێ بڕوات. بەبیرم بێت ئەوە یەکەم جار بوو بەو شێوەیە، ڕووبەڕوو قوربانیی دەستی پیاوێکی دڕندە و دوور لە مرۆڤایەتی بە چاوی خۆم ببینم. ئەوەی بینیم تووشی ڕاچڵەکین و نائومێدی و تووڕەبوونی کردم.

***

بەر لە کۆبوونەوەم لەگەڵ شا فەهد لە جەددە، بۆ ماوەی دوو سەعات لەگەڵ ئەمیر سعوود فەیسەڵ و میر بەندەردا کۆبوومەوە. میر بەندەر زۆری لێ کردم تا زوو بەزوو دەست بە شەڕ بکەین و سوور بوو لەسەر ئەوەی، هەرچی زووترە بکەوینە خۆ. بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزەوە وتی: (لە کانوونی دووەمدا دەبێت یان ئەو یان ئێمە، یەکێکمان هەرەس بێنین). لەوەڵامدا پێموت: (پێویستە سەرۆک بڕیار بدات. بەڵام دەزانم ئەو بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاو

دەنێت". ئەو سێ پرسیارەم لێ کرد کە لەگەڵ شا فەهددا باسم لێ دەکرد. ئەوەشم وەبیر هێنانەوە کە فرۆکە ئەمەریکاییەکان لە عێراقدا هاوڵاتییە عەرەبەکان دەکوژن.

میر سعوود فەیسەڵ لەوەڵامدا وتی: "عێراق لە کوەیتدا ئەمەریکی نەکوشتووە، بگرە هاووڵاتی عەرەبی کوشتووە. ئەمە بۆخۆی کێشەیەک نییە". سەبارەت بەوەی هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر عێراق ڕوو بدات ناکۆکیی دروست نابێت؟ بەندەر بەو ئینگلیزییەی لە ماوەی چەند ساڵ مانەوەی لە واشنتۆندا فێری بووبوو، دڵنیای کردمەوە لەوە. هەرچی سعوود فەیسەڵیشە پێی وابوو (ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی ئاڵۆزە و دەبێت شا فەهد بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوە و دوابڕیاری لەسەر بدات).

دواتر لە کۆشکی ئاشتی لە سەعات (١٠)ی ئێوارە تا نیوەی شەو، لەگەڵ شا فەهددا کۆبوومەوە. لەو دانیشتنەدا شا فەهد شەربەتی گێزەری پێشکێش کردم کە لە تائیفەوە هێنرابوو، وتی: "ئەمە باشترین شتێکە کە مارگرێت تاچەر حەزی لێ دەکات". شا فەهد وەکو سعوود و بەندەر توندڕۆ بوو. ئەمێستا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی سەدام هەر لە سەرەتاوە پلانی بۆ ئەوە داڕشتووە، تا پەلاماری ناوچەکە بدات و تەنیا وەڵامدانەوەیەکی دەستوبردی هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانێ لەجێی خۆیدا ڕای بگرێت.

فەهد لەم ڕووەوە وتی: "لە کاتی پێویستدا مرۆڤ دەتوانێت پشت بە دۆستە ڕاستەقینەکانی ببەستێت. وڵاتە یەکگرتووەکان و سعوودیەش لە یەک سەنگەردان". وەهاش باسی لە سەدام حوسێن کرد کە پیاوێکە هاوسەنگیی خۆی لە دەست دەدات. پیاوێکە هیچ شتێ لەبارەی ئەخلاقەوە نازانێت و گاڵتە بەهەموو بەها ئینسانییەکان دەکات. وتی: "پێ دەچێت یەزدان ئەم ڕووداوانەی بۆ ئەوە هێنابێتە پێش تا لەدەست سەدام قوتارمان بێت."

وەکو پێشبینیم دەکرد، ڕازیکردنی شا فەهد ئەوەندەی پێ نەچوو.

ڕەزامـەندیی نیـشـان دا لـەسـەر ئەوەی بڕیارێک لە نەتەوە یـەکگرتووەکـانەوە دەربکرێت کـە ڕێگـە بە بەکـارهێنانی هێـز بدات. کـاتێکیش داوای ئەوەم لێ کـرد ڕێگە بدات تا دەسـتبـەجێ دوو سـەد هـەزار سـەربازی ئەمـەریکایی تر لە ناوچەکـەدا جێگیر بکرێت، بێ چەندوچوون ڕەزامـەندیی خـۆی نیـشـان دا. هـاوکـات داوای ئـەوەشم لێ کـرد ڕێگە بدات تـا سـەرکـردایەتی شـەڕەکـە بەدەست سـەرکـردە ئەمـەریکاییـەکـانەوە بێت نـەک بەدەست ئەفـسـەرە سـعوودییـەکانەوە، بـە زەردەخـەنەیەکەوە وتی: "گرتنەبەری ئـەم ڕێوشـوێنانە کارێکی پێویستە و"، سەبارەت بە مەسـەلەی ئیسرائیلیش ڕازی بوو".

زۆر بە ئەدەبەوە پێم ڕاگەیانـد گەر بکرێت پرسیـاری ئەوەی لێ بکەم، ئاخۆ دەبێت لە ڕووی مـادییـەوە پاڵپـشـتیـی زیاترمـان بکەن،؟ بە پێکەنینەوە وتی: "هیچ شـتێ مـەحـاڵ نییـە لـە گفـتـوگـۆ و مـشـتـومـڕی نێـوان دۆسـتـاندا. هاوکـاراندا". ئەوەشم بەبیـر هـێنایەوە کـە ئەو لە کـاتی سـەردانەکـانی پێـشـووترمـدا ڕازی بووە بـەوەی (٢,٥) مليـار دۆلار تـەرخـان بکات، بۆ خـەرجیی تێچوونی گـاز و بەنزین و ئاو و کەلوپەل و گواستنەوە و هاتوچۆی هێزەکانی ئەمەریکا لەناو خاکی عەرەبستانی سعوودیەدا.

لەگـەڵ ئـەوەشـدا پێم وت: "پێم وایە ئێـسـتـاش کـاتی خـۆیەتی تا خـەرجیی تێـچـوونی گـواسـتـنەوەی هێـزە سـەربازییـەکـانی ئەمــەریکا لـە وڵاتە یەکگرتووەکـانـەوە بۆ عـەرەبسـتـانی سـعوودیە بگرێتـە ئەسـتـۆ". شـا فـەهد لە وەڵامدا وتی: "ئێستا شێرپەنجەیەک لە ناوچەکەدا هەیە، پێویستـە قوربانیی بەهەمـوو شـتێک بدەین تا لە ڕەگەوە دەری بکێشین. ئەوەی تۆ دەیڵێیت من ڕازیم لەسەری و هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە".

دوای کـۆتایی سـەردانەکـەم لە سـعـوودیە بەرەو قـاهیـرە بەڕێ کـەوتم، تا دیدارێکی کـورت و بـەپەلە لەگـەڵ سـەرۆک حـوسنـی مـوبـارەک لە کـۆشـکی (الاتحـادیة) لە (مـصـر الجـدیدة) سـاز بدەم. وەک پێشـبـینی دەکـرا، وەڵامی

موبارەک لەبەرامبەر هەر سێ پرسیارەکەمدا ئیجابی بوو. بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی بتوانێت فیرقەی سێیەمی میسری ڕەوانەی کەنداو بکات، وەک ئەوەی داوام لێ کرد.

لەو دانیشتنەدا موبارەک پێی ڕاگەیاندم (گەلی میسر نایەوێت دەوڵەتێکی عەرەبی تێک بشکێنرێت). لە بەرامبەر ئەو داوایەشمدا کە ڕێگە بە فڕۆکەکانی ئەمەریکا بدات تا دوو بنکەی میسری بۆ هێرش و پەلامارە ئاسمانییەکان بەکار بهێنن، موبارەک دوودڵ بوو و وەڵامی یەکجاری نەدامەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆم دڵنیابووم کە دواجار بەو داوایەم ڕازی دەبێت.

**چینییەکان و ڕووسە بەدگومانەکان**

پاش کۆبوونەوەکەم لەگەڵ موبارەکدا، سەعات و نیوێک لە هۆڵی vip و لە فڕۆکەخانەی قاهیرە خەریکی گوشار هێنان بووم بۆ سەر چیان چینی وەزیری دەرەوەی چین کە لەسەر ڕێگە بوو بۆ بینینی سەدام حوسێن.

ئەو دیدارەمان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی چین بەر لە چەند ڕۆژێک ڕێک خست، کە ئەوەمان زانی ئێمە بەرێکەوت لە ناوچەکەدا دەبین کاتێک وەزیری دەرەوەی چین سەردانی ئەوێ دەکات. ئەوەی هانی دام زۆر بۆ وەزیری دەرەوەی چین بهێنم، ئەوەبوو کە چیان پێی ڕاگەیاندم ئەوان دەیانەوێت سەدام حوسێن لەوە ئاگادار کەنەوە چین پابەندە بەجێبەجێکردنی تەواوی سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پاشەکشەکردنی. بێ مەرجیش لە کوەیت، بە تاکە ڕێگەچارەیەک دەزانن بۆ ڕێگرتن لە خوێنڕشتن و هەڵایسانی جەنگ.

بڕیاری ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێزم بۆ ڕوونکردنەوە و لە درێژەی قسەکانمدا پێم وت: "باشترین شتێک ئێوە بیکەن بۆ گەیشتنە

ڕێگەچارەیەکی ئاشتیی قەیرانەکە، ئەوەیە سەدام لەوە ئاگەدار کەنەوە کە چین دەنگ لەسەر بەکارهێنانی هێز دەدات". بەڵام چیان لەم ڕووەوە پابەندبوونی خۆی نیشان نەدا، چونکە ئەو لەو باوەڕەدابوو سزاکان خەریکە کاریگەریی خۆی دەبێت و لەم ڕووەوە وتی: "مادامەکی حاڵ بەم شێوەیەیە، ئەوا باسکردن لە بەکارهێنانی هێز مەسەلەیەکە هێشتا وەختی نەهاتووە".

هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "شەڕ دەبێتە مایەی ئەوەی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەی کەنداودا بگۆڕێت، کارێک کە دەبێت بەهەموو شێوەیەک ڕێی پێ بگرین. مادامەکی هیوایەکی کەم بە گەیشتنە ئاشتی هەبێت، ئەوا چین هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەئاشتییانە".

سەرلەنوێ تەئکیدم لە چیان کردەوە سەبارەت بە بڕیاری بەکارهێنانی هێز و پێم وت: "گەر قەناعەتمان بە سەدام نەکرد کە ئێمە سوورین لەسەر بڕیارەکانمان، ئەوا هیچ دەرفەتێکمان لەبەردەمدا نابێت بۆ ئەوەی بە ئاشتی لە کوەیت بکشێتەوە". چینییەکان تا ئەو کاتە تووڕە بوون لەوەی کە نە من و نە سەرۆک بۆش سەردانی چینمان نەکردووە. بۆم ڕوون کردەوە کە وەها سەردانێک لەوانەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕووبەڕووی ڕەخنەمان بکاتەوە، کارێک ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوانمان دووچاری تێکچوون ببێت.

بۆ زیاتر پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچوونەم، دوو نامەی تازەوەختم بۆ خوێندەوە کە لە ئەندامانی کۆنگرێسەوە هاتبوو. تێیاندا ناڕەزایی خۆیان لەوە نیشان دابوو کە سەرۆک بۆش بە نەرمی مامەڵە لەگەڵ چینییەکاندا دەکات. چیان وتووێژکارێکی لێزانە، دەیویست پاڵپشتیکردن لە بڕیارەکە ببەستێتەوە بەوەی بەڵێن بدەین سەرۆک بۆش سەردانی چین بکات. منیش پێم ڕاگەیاند کەوا بۆب کیمیت ڕەوانەی پەکین دەکەین، تا لەو سەردانە چاوەڕوانەی من

بکۆڵێتەوە کە لە ساڵی ١٩٩١ ئەنجامی دەدەین.

چیان وەها لەم قسانەم حاڵی بوو کە گەر بێت و چین بیر لە بەکارهێنانی ڤیتۆ بکاتەوە، ئەوا کاریگەریی خراپی لەسەر بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان چین و ئەمەریکا دەبێت، بەڵام من هەر دەمویست دڵنیابم لەوەی ئەو پەیامەکەی پێ گەیشتووە.

بە شەرمێکەوە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد (ئێمە زۆر لەو هاورێیانەمان ناکەین کە پێوەندیمان پێوە ناکەن و نایەنە ڕیزمانەوە، بەڵام هێندەیان لێ داوا دەکەین ڕێگەمان پێ نەگرن). چیان وەڵامی نەدایەوە، بەڵام گەیشتمە ئەوەی چینییەکان نابنە کۆسپێک لە بەردەمماندا. دواتر ئەم ڕاپۆرتەم ڕەوانەی سەرۆک بۆش کرد و بۆم نووسیبوو: (وا هەست دەکەم بە گەڕانەوەی چیان بۆ چین، دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندییان لەوەدایە یان دەنگ بۆ بڕیارەکە بدەن یان بە لانی کەمەوە دەنگ نەدەن. بۆیە پێم وایە پێویستمان بەوە نابێت تا من سەردانی چین بکەم، بۆ ئەوەی دەنگ بۆ بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن).

بۆ ڕۆژی دوای ئەوە (حەوتی تشرینی دووەم)، لە ئەنقەرە بۆ ماوەی دوو سەعات لەگەڵ سەرۆک تۆرگۆت ئۆزالدا کۆبوومەوە. ئەویش وەکو چیان پێی وابوو، گەمارۆی ئابووری کاریگەریی خۆی دەبێت. ئۆزال وەکو پسپۆڕێکی ئابووریی قاڵبوو، بە بەردەوامی چاودێریی جموجوڵی نرخی شتومەکی دەکرد لە بەغداو پێی وتم: "نرخی فەردە برنجێکی پەنجا کیلۆیی لە شەش دینارەوە بە ڕۆژێک بەر لە پەلاماردانی کوەیت گەیشتووەتە زیاتر لە دوو سەد دینار". لە وەڵامدا وتم: "دەزانم تۆ پێت وایە سزاکان کاریگەریی خۆی دەبێت. شیڤەر نادزەش پێشتر پێی وابوو کاریگەریی سزاکان لە ماوەی دوو مانگدا بەدەردەکەوێت، کەچی وا ئێمە لە چوارەمین مانگداین".

ئۆزال پاڵپشتیی لە بڕیارەکە کرد و بەڵێنی دا لەو داوایەش بکۆڵێتەوە، بۆ

ڕەوانەکردنی لیوایەک بەرەو عەرەبستانی سعوودیە. هاوکات ڕازیش بوو بەوەی ژمارەی ئەو فڕۆکە ئەمەریکاییانەی لە بنکە ئاسمانییەکانی تورکیادا جێگیرن، ژمارەیان لە چل و هەشت فڕۆکەوە زیاد بکرێت بۆ سەد و سی فڕۆکە. بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی ڕێ بەو فڕۆکانە بدرێت بۆردمانی عێراق بکەن.

من لەوە دڵنیابووم ئۆزال وەکو موبارەک دواجار ڕەزامەندیی نیشان دەدات، گەر هات و جەنگ دەستی پێ کرد جەنگێک کە ئەگەری بەرپابوونی زۆرتر بوو. بە ئۆزالم وت: "ئێمە زۆر ڕەشبینین لەوەی قەیرانەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و هیچ شتێک لە ئارادا نییە، ئەوە دەربخات کە سەدام نیازی کشانەوەی هەبێت لە کوەیت". هەمان ڕۆژ لە ئەنقەرەوە بەرەو مۆسکۆ بەڕێ کەوتم. ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی حەفتا و سێیەمین ساڵەی شۆڕشی (بەلشەفی)ی دەکرد. سەردانەکەم بەمەبەستی وتووێژکردن بوو لەگەڵ گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە کە نزیکەی سێزدە سەعاتێکی خایاند و لە سەعات نۆی بەیانی ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەم دەستی پێ کرد. دەمزانی سەرۆک لە ماوەی چەند سەعاتی داهاتوودا بڕیاری زیادکردنی هێز دەدات لە ناوچەکەدا (واتە لە ناوچەی کەنداودا)، بۆیە بەپەلە کەوتمە ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکان بۆ شیڤەر نادزە وەک جۆرە موجامەلەیەک. دەرفەتی ئەوەشم ڕەخساند تا باس لە بڕیاری بەکارهێنانی هێز بکەم.

بەڵام شیڤەر نادزە پێی وابوو کاتی ئەوە نییە باس لەو مەسەلەیە بکرێت و وتی: "هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز، ڕەنگە سەدام بکاتە قارەمانێک. بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە سزاکانی زیاتر لەسەر توند بکەین". لە وەڵامدا وتم: "ئیدوارد، بۆ توندکردنی سزاکان کێشەیەک نییە، چونکە سەدام یەک بەیەکی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی وا لێ دەکات بەدەست برسێتییەوە بناڵێنن، بەرلەوەی لە کوەیت پاشەکشە بکات".

ئەوەشم وەبیرهێنایەوە کە هاوپەیمانە عەرەبەکانمان سوورن لەسەر ئەوەی نابێت لە دوای مانگی ئادارەوە جەنگ دەست پێ بکات، چونکە مانگی ڕەمەزان دێت و پاشان دوای ئەوە گەرمای زۆری هاوین تەنگمان پێ هەڵدەچنێت. لە ڕووی عەمەلیشەوە هەر سستی نواندنێک ناچارمان دەکات کردەوە سەربازییەکانمان دوابخەین بۆ وەرزی پایز. بۆیە گومان لەوە هەیە بتوانین تا ئەو کاتە هاوپەیمانییەتەکە بە یەکگرتوویی و وەکو خۆی بهێڵینەوە". هەر کە لە قسەکانم تەواو بووم شیڤەر نادزە وتی: "لەوە تێ دەگەم". شایەنی باسە چەند مانگێک شیڤەر نادزە، بە شەڕی لوبی عەرەبییەوە سەرقاڵ بوو لەناو وەزارەتەکەیدا.

ئەو بۆخۆی دەیزانی هاوپەیمانێتییەکە چەند لەرزۆکە. لە پڕێکدا بەتەواوەتی ئاراستەی خۆی گۆڕی و وتی: "ئەوکات تەنیا شتێکی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز مابێت، ئەوەیە گەر ئێوە هێز بەکار بهێنن دەبێت سەرکەوتنتان مسۆگەر بکەن، چونکە ئێمە زۆر لە ئەفغانستان فێر بووین. گوێ بۆ ئەو عەسکەرییانە ڕامەگرن کە لە سەرکەوتنی ئاسان و خێرا دڵنیاتان دەکەنەوە. پێویستە تەئکید لە سەرکەوتنتان بکەنەوە. ئێوە دڵنیان لەوەی بەشێوەیەکی تەواو تاووتوێی مەسەلەکەتان کردووە؟".

لەو قسانەدا پێ دەچوو سۆڤیەت گیرۆدەی ئەو ململانێ و کێشە تایبەتییەی خۆیان بن وەک نموونەی ڤێتنام و پێم وت: "دەمەوێت بۆ خۆتان گوێ لە سەربازانی ئەمەریکایی بگرن. بۆ ئەم مەبەستە هوارد جریفز بانگ دەکەم تا قسەتان بۆ بکات. ئێمە شتێک دەکەین هەرگیز لەوەوبەر ڕووی نەداوە". بۆ ئەم مەبەستە هۆڵەکە چۆڵ کرا و تەنیا ئەوانە مانەوە کە کاریان وەرگێڕان بوو. ژەنەراڵ جریفز باسێکی نهێنی و زۆر وردەکاریی لەمەڕ نەخشە و پلانە جەنگییەکانمانەوە پێشکێش کرد. جریفز زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو زیادەڕۆیی نەکەین لە دەستنیشانکردنی توانای چەکداریمان لە گۆڕەپانی شەڕدا، بەڵام خستنە ڕووی تێڕوانینی تەکتیکیی ئێمە لە

بەڕێوەبردنی شـەڕدا لەلایەن جـریفـزەوە بۆ شـیـڤـەر نادزە، گـۆڕینـەوەیەکی دەگمـەنی زانیـاریی سـەربازی بوو لە نێوان ئێمـە و سـۆڤیـەتدا. لەلایەکی تر هەرگیز ئەوە بەبیردا نەدەهات کە ڕێ بە ئەفسـەرێکی گەورەی ئەمـەریکایی بدرێت، تا نەخـشـە و پلانەکـانی شــەڕ بخـاتە بەردەست وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، شەڕێکیش کە دژ بە دەوڵەتێکی هاوپەیمانی سۆڤیەت بێت.

جـریفـز ئاوەها کـەوتە ڕوونکردنەوەی پلانەکـە: (ئێـمـە پێـمـان وایـە بەرلە هەموو شتێ پێویستە هێز و توانای عێراقییەکان پەک بخەین، لەوەی بتوانن ڕێنومـایی سـتـراتیـجـیی بگەیـەننە هێـزەکـانیـان. بەم شـێـوەیـەش ناهێـڵین پەلامـارمـان بدەن، یاخـۆ هێـزی بەرگـریی خـۆیـان ڕێک بخـەن لە بەرامـبـەر هێرش و پەلامارەکانماندا. ئەوکات هەرچی هێزە دژە ئاسمانییەکانیانە، لە مـووشــەک و فـڕۆکـە لەناو دەبرێت. هەر کـە ئەوەشـمـان کرد دەتوانـین بەبێ ترس، پەلاماری هێزە زەمینییەکانیان بدەین لە کوەیت و عێراقدا). بەشێوازە هێمنەکەی خۆی جریفز ژمارەی ئەو چەکە بالیستیـانەی کورت کردەوە کە لە دەسـتی هـێـزی هاوپەیمانانـدایە و تەئکیـدی لەسـەر بالادەسـتـیی هێـزە زەمینییەکانی ئەمەریکا کردەوە.

هەروەهـا جـریفـز وتـی: "تانکەکـانمان دەتوانن تانکەکـانی عـێـراق تێک بشکێنن، کاتێک بەوپەڕی خـێـرایی تێ دەپەڕن و لەم ڕووەوە عـێـراقـیـیـەکان توانای بەرگـریکردنیـان لەخـۆیان نابێت". لەبەر چەند هۆیەک کە ئاشکرایە، باسـی ئەوەی نەکـرد کــە تانکەکـانی عـێــراق خــراپن و لەو تـانکانـەن کـە دروسـتکراوی سـۆڤـیـەتن. هەڵسـەنگاندنی جـریفـز بۆ شـەڕ ئەوە بوو، لە خـراپتـرین حـاڵەت و لە نالەبارترین سـیناریۆدا، ئەوا هەڵمـەت و چالاکـیـیـە ئاسمانی و زەمینییەکان پێکەوە لە سێ مانگ زیاتر ناخایەنێت.

من دەمزانی ئەو خشتە زەمـەنییەی جریفز خستیـیە ڕوو تەواو خشتەیەکی دوورە لە ڕاسـتـیـیـەوە، چونکە بەر لە دوو هـەفـتـە دیک چینـی و کـۆڵن پاوڵ

بەرنامەیەکی وردیان لەمەڕ نەخشە و پلانەکانی پنتاگۆن نیشان دام، نەخشە و پلانێکی کتوپڕ و لەناکاو گەر ناچارکراین پەنا بۆ هێز بەرین. ئەم پلانەی شەڕ وەهای مەزەندە دەکرد کە هاوپەیمانەکان لە ماوەی سێ تا چوار هەفتەدا کۆتایی بە جەنگ دێنن. دڵنیاش کرامەوە لەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە لەگەڵ واقیعی سەربازیدا دێتەوە، بەڵام ترسم لەوە هەبوو شیڤەر نادزە پێی وابێت زیادەڕۆیی زۆر لە مەسەلەکەدا کرابێت. بۆیە جریفزم ئاگەدار کردەوە لەوەی هەر کاتێک بانگ کرا بۆ ئەوەی ئەم پێشنیازە بخاتە ڕوو، ئەوا دەبێت سیناریۆکە کەم بکاتەوە و بڵێت: "شەڕ لە ماوەی سێ مانگدا کۆتاییی پێ دێت". کاتێک گوێم لەو ئاگەدارکردنەوەیەی شیڤەر نادزە بوو کە گوێ بە سیناریۆ گەشبینەکانی عەسکەرییەکان نەدەین، هەستم بەخۆشی کرد، چونکە ئێمە بڕیاری ئەوەمان دابوو بە وردی هەنگاو بنێین.

***

شیڤەر نادزە پێیەوە دیار بوو کە بەتەواوی لە وردەکاریی مەسەلەکە گەیشتووە و دڵنیاش بوو لەو شتانەی جریفز بۆی ڕوون کردبووەوە، بەڵام بە سەرسامییەوە پرسیارێکی ورووژاند وتی: "ئاخۆ مووشەکەکانی سکۆد نیگەرانتان ناکات؟". جریفز وەڵامی دایەوە: "بەهیچ جۆرێک نیگەرانمان ناکات، لەبەرئەوەی بە وردی مەبەستی خۆی ناپێکێت. ئەوە هیچ مەترسییەک بۆ سەر هێزەکانمان دروست ناکات". شیڤەر نادزە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان زەردەخەنەیەک گرتی. لانی کەم قەناعەتمان بەوە پێ کرد کە ئێمە دەزانین چی دەکەین. دواتر وتم: "پێویستە خۆمان بۆ بەکارهێنانی هێز ئامادە بکەین، لەبەرئەوەی پێمان وایە وەها بڕیارێک کاریگەرێتی خۆی دەبێت". شیڤەر نادزە ڕازی بوو. دواجار ئەوەشی وت: "هەر کە لەمە تەواو بوون، پێویستە خۆتان ئامادە کەن و سەرکەوتن بەدەست بێنن".

سەرەتا قەناعەتی وەها بوو سەدام دەستپێشخەر نابێت لە هێرشکردندا، پاشان باسی لەوەش کرد کە هەر ئەوەندەی سزاکانی لەسەر توند بوو ئیتر

ئاقڵ دەبێت. بۆ یەکەمجار هەستم کرد بەشێوەیەکی باش درکی مەسەلەکان دەکات. شیڤەر نادزە وتی: "سەیرکە من دەمەوێت برۆم و بەر لە هەموو شتێ سەرۆک ئامادە کەم، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بە گۆرباچۆفی ڕاگەیاند کەوا دەبێت چاوی پێم بکەوێت و بە پێشنیازەکەم ڕازی بێت". پاشان گۆرباچۆف بەرەو داشا لە نۆڤۆئۆجاریڤۆ بەڕێ کەوت، بیست دەقیقە بەر لە من گەیشتە ئەوێ تا ڕاستەوخۆ پێشنیازەکەمی بخەمە بەردەست.

هێندەی نەبرد کەژاوە بچووکەکەمان بەرەو نۆڤۆئۆجاریڤۆ کەوتە ڕێ (کە بە کامپ دەیڤد دەچێت). گەشتێکی جوان و قەشەنگ بوو، نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند. بەناو دەشتی ڕووسیی پڕ لە درەخت کە بەفر دایپۆشیبوو ڕۆیشتین. دیمەنێکی زۆر دڵڕفێن بوو، ئەو توێژاڵە بەفرە ناسکە دیمەنەکەی زیاتر ڕازاندبووەوە... هەروەها دەمانتوانی لەسەر ڕێگە ئاسک ببینین.

کاتێک گەیشتینە بارەگەی سەرەکیی، گۆرباچۆف پێشوازیی لێ کردین. من یەکەمین لێپرسراوێکی ئەمەریکایی بڵند پایە بووم، پێ بخاتە ئەو شوێنە. جێگەکە خۆش و کەمێکیش تازە بوو، لە دواییدا زانیم ئەو تەلەفزیۆنەی لە ژووری کارمەندەکانە، پەخشی کەناڵی MT.V وەردەگرێت نەک کەناڵی CNN. لەگەڵ گۆرباچۆفدا چووینە خوارەوە بۆ نووسینگەکەی خۆی، بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەک کە دوو سەعاتی خایاند.

لەکاتی هاتنەژوورەوەی وێنەگرە ڕۆژنامەنووسەکاندا بە مەبەستی وێنەگرتن بەر لە دانیشتنەکەمان، زۆر بە توندی هوروژمیان هێنا، بەجۆرێک مێزێکی تەختە و شووشەیان شکاند و دۆلکەی ئاوەکەشیان قلّپ کردەوە. گۆرباچۆف ئاوەها قسەکانی دەست پێ کرد: (لە ڕاستیدا گرینگ ئەوەیە دڵسۆزی یەکتر بین، نابێت ڕێ بدەین خوێنرێژێکی ئاوا قوتار بێت). دەستپێشخەرییەکی وا مایەی دڵخۆشی بوو، بەڵام هەر زوو گۆرباچۆف

ڕوونی کردەوە کە زۆر پەرۆشی بڕیارەکە نییە و وتی: "ئاساییە داوای یارمەتیی سۆڤیەت بکەن، بەڵام ئەستەمە داوای یارمەتی لە هەڵایسانی جەنگێکدا بکەن دژ بە دەوڵەتێکی هاوپەیمان".

سەرەڕای ئەوەش پێی وابوو دیاریکردنی دوادەرفەت بۆ پاشەکشێ، کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت، لەبەرئەوەی عەقڵیەتی عەرەبی لە بەرامبەر هەڕەشە و ئاگەدارکردنەوەدا سەختگیرە. هەر لە درێژەی قسەکانیدا پێی وتم: "تۆ دەزانیت گەر ئێستا بڕیاری بەکارهێنانی هێزمان دا و سەدام نەکشایەوە، ئەوا ئەوکات بە فیعلی پێویستە هێز بەکار بهێنن. ئەگەر ئەوەشتان کرد ئاخۆ لە ئێستا ئێوە ئامادەیی ئەوەتان هەیە؟". لەوەڵامدا وتم: "سەرۆک ئاگای لە هەموو ئەمەیە. ئەو نایەوێت هێز بەکار بهێنێت، بەڵام ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی". کاتێک لە زەمینەیەکی دیپلۆماتی دەگەڕام لەبەر ڕۆشنایی پێشنیازەکەی گرۆباچۆفدا، بەشێوەیەکی لەناکاو دوو بڕیار دەرچوون. یەکەمیان ڕێگا بە بەکارهێنانی هێز دەدات، بەڵام دوای دەرفەتێکی شەش هەفتەیی و دووەمیشیان داوای ئەوە دەکات دەست بە هەڵمەتە سەربازییەکان بکرێت، گەر هات و سەدام حوسێن لە کوەیت نەکشایەوە. ئەم فیکرەیە بۆ خۆی شتێکی ترسناک بوو.

بە گۆرباچۆفم وت: "مەسەلەکە وا دێتە پێش چاو وەک ئەوەی ئێمە دەستبەرداری مەرجی پاشەکشەی بێ مەرج بووبین. ئێمە بڕیاری دووەم دەرناکەین و سەدام هان دەدەین تا پاشەکشەیەکی ڕەمزی بکات، پاشەکشەیەک کە چارەسەرێکی مامناوەندی لێ بکەوێتەوە؟. ئەمە پێشنیازی من بوو بۆ گەیشتنە ڕێگەچارەیەک لەگەڵ گۆرباچۆفدا. واتە دەرکردنی بڕیارێک و دوای ئەوەش دەکرێت هێز بەکار بهێنین.

لەوکاتەدا گۆرباچۆف پابەندیی خۆی بەهیچ وەعد و بەڵێنێکەوە ڕانەگەیاند. سەبارەت بە بیرۆکە دوو ڕەهەندییەکەش، وتی: "ئەوە بە تەنیا

بیرۆکـەیەکە و پێویسـتـە بەشێوەیەکی ورد بکەومە تاووتوێکردنـی". بەڵێنی ئەوەشـی دامێ کـە لە مـاوەی یازدە ڕۆژدا و لە کـاتـی کـۆبوونـەوەی لەگـەڵ سـەرۆک بۆشـدا لە کـۆنگرەی باڵای ئاسـایش و هـاوکـاریـی ئەورووپا کـە لە پاریس دەبەسترێت، وەڵامی ئەو مەسەلەیە بداتەوە.

لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ میوانخـانەی ئۆسـۆبنیاک، هـەریەک لە دینس ڕۆس و مـارگرێت تاتۆیلەرم ئاگەدار کردەوە کە سـەرەنجـام گۆرباچۆف لایەنگریمان دەکـات. گـۆرباچۆف لە مـاڵە لادێیـیـەکـەیدا ئارام دیار بوو، ڕووخـۆش و نەرمونیانیش بوو لەگەڵ هاوکارەکانمدا.

لەنـاو ئۆتۆمـۆبێلـەکـەداو لەسـەر ڕێگەی گـەڕانـەوە، لەگـەڵ دینس ڕۆس و مـارگـرێت تاتـۆیلـەر باسـمـان لەوە دەکـرد دەبێت چـی لەگـەڵ هـۆردوی ڕاگەیاندندا بکەین کە بەتاسەوە چاوەڕێی زانینی ئەوەن چی لە نێوان ئێمە و گۆرباچۆفدا ڕووی داوە. لە کاتی گەڕانەوەمـاندا بۆ مـۆسکۆ، شـیـڤـەر نادزە ئامـادە نـەبوو خـۆی نیـشـانـی ڕۆژنـامـەنـووسـان بـدات، بەرلـەوەی کـۆبوونەوەکـانمـان تەواو بکەین. بـەهـانـەشـی بۆ ئـەمـە ئـەوە بوو کـە هێـشـتـا کـۆتاییمـان بە قـسـەکـردن لە مـەسـەلەی چەکـە تەقلیـدییـەکان نەهێناوە لە ئەورووپادا. تاتـۆیلەر وتی: "گـەورەم، ڕۆژنامـەکـانی ئێـمـە گـرینگیی بە چەکـە تەقلیـدییـەکـان نادەن، ئەوان مـەبـەسـتـیـان کـەنداوە. ئەوانـیش لەو باوەڕەدان ئەوە هۆکاری ئامادەبوونی ئێمەیە لێرەدا".

بەم جـۆرە ئەگەرچی ڕۆژێکی ئێـجگار پڕ سـەرقـاڵییـش بوو، من و شـیـڤـەر نادزە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامـەنووسـیی هـاوبـەشـمـان بەست. لە کـۆبـوونەوە ڕۆژنامـەنووسـییـەکەدا پرسـیـاری ئەوەی لێ کـرا کـە ئاخـۆ پێی وایە ئەگـەری بەکارهێنانی هێـز، بۆ وەدەرنانی سـەدام حوسـێن لە کوەیت لە ئارادا بێت؟ لە وەڵامـدا وتـی: "ئـەگـەرێکی وا بـەدوور نازانـرێ، بە توندیش پشـتگیـریی هـەڵوێسـتـێکی لەم جـۆرە دەکـات". لەم کـاتـەدا نەمـتـوانـی ئەو پێکەنینە

نادیپلۆماتییەم بشارمەوە. شیڤەر نادزە بۆ جارێکی تر قارەمانێتیی خۆی لە بۆڕدانی نەیارەکانیدا نیشان دا و ناچاری کردن ددان بەو کارە حەتمییەدا بنێین.

لەسەر خوانی ئێوارەش دەستمان بە کۆبوونەوەیەکی تر کرد کە بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەت بوو بە دواقۆناغی وتووێژەکانی چەکی تەقلیدی لە ئەورووپادا، لەبەرئەوەی ئێمە دەمانویست بەر لە کۆنگرەی باڵای ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپا، کۆتایی بە وتووێژەکان بهێنین. لەم سەروبەندەدا شیڤەر نادزە پێشنیازی کرد، بەدرێژایی شەو درێژە بە کۆبوونەوەکەمان بدەین. بەرەوپێشچوونێکی پێویستمان بەدەست هێنابوو لە دانیشتنەکانماندا. ڕۆژی دوایی برووسکەیەکم ئاڕاستەی سەرۆک کرد بەناونیشانی "ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەم ١٩٩٠ لە مۆسکۆ)، بە کورتی ئەوەم بۆ باس کردبوو کە هەست دەکەم بەرەوپێشچوونێک ڕووەو ئامانجەکانمان بەدی هاتووە و برووسکەکەشم ئاوەها دەست پێ کرد:

(ئەمڕۆ وتووێژێکی دوور و درێژی نائاساییم لەگەڵ شیڤەر نادزە و گۆرباچۆفدا کرد. هەریەک لەوان گوێیان لێ گرتم و مەبەستی خۆیان بۆ ڕوون کردمەوە. لە درێژەی وتووێژەکاندا گۆڕانکاریی گرینگ بەسەر هەڵوێستیاندا هات. شیڤەر نادزە بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەڵوێستی ئێمە نزیک بووەوە، لەوەی پێویستە بڕیارێک لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەربکرێت تا ڕێگا بە بەکارهێنانی هێز بدات لە مانگی داهاتوودا. هەرچی گۆرباچۆفە، ئەوا ئەویش هاتووەتە سەر ڕێ، بەڵام هێشتا نەگەیشتووە... لە کاتێکدا پێم وایە شیڤەر نادزە بە پەرۆش نییە بۆ بەکارهێنانی هێز، بەڵام زیاتر مەیلی بەلای ئەوەدا هەیە هەر دەبێت لەدواجاردا هێز بەکار بهێنرێت.

هاوکات بۆچوونی گۆرباچۆف سەبارەت بە سیستەمی نوێی جیهانی ئەوەیە کاتەکەی لەبار نییە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ هەقیقەتی ئەوەی ڕەنگە ئێمە

پێویستمان به بەکارهێنانی هێز هەبێت. هەر له یەکەمین تاقیکردنەوەوه پێم وایه گرینگیدانی ئەوان به دامەزراندنی پێوەندیی باش و ئارەزوویان له هاوکاریکردن لەگەڵماندا، پاڵ یان هانیان دەدات ڕێگەی ڕاست و دروست بگرنەبەر، بەڵام ڕەنگه مەسەلەکه هەندێ کات و هەوڵدانی بوێت تا به ئاکامی خۆی بگات).

**ئەورووپایی و ئەفریقیاییەکان**

له ٩ی تشرینی دووەمدا که ڕێکەوتی یەکەمینساڵیادی ڕووخانی بەرلین دەکات، بەرەو لەندەن بەڕێ کەوتم. تا ئەو کاتە مارگرێت تاچەری سەرەک وەزیران، بەدەست ئەو گرفتەوە دەیناڵاند که چۆن هەوڵی ئەوە بدرێت بڕیارێک لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەربکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا به بەکارهێنانی هێز بدات. تاچەر پێی وابوو سەرۆک بۆش بۆ ئەم کارە، پێویستی به کۆکردنەوەی پاڵپشتیی سیاسی نییه له ناوەخۆ و له کۆنگرێسدا.

بەڕێزەوە پێم وت: "جەنابی سەرەک وەزیران، داواکارم حوکم بەسەر بەرەنجامی سیاسەتە ناوەخۆییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نەدەین". هەر له ڕوانگەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیی توندوتۆڵمان لەگەڵ یەکتریدا، هیچ بوارێکی بۆ گومان نەهێشتەوە لەوەی که وڵاتەکەی لەگەڵمان دەبێت، سەرەڕای ئەوەی بڕیارەکە هەرچۆنێک بێت. له ١٠ی تشرینی دووەمدا سەردانی پاریسم کرد، بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک میتراندا. به ڕێکەوتێکی سەیر، هاوڕێ و هاووڵاتیم بینتسین و هاوسەرەکەی بی. ئیه، له هوتێل ڕۆیاڵ منستۆ دابەزین که منی لێ دابەزیبووم.

سەرلەبەیانی و بەرلەوەی چاوم به سەرۆک میتران بکەوێت، پێکەوە و لەگەڵ ئەوان قاوەی بەیانیمان فڕ کرد. فەرەنساییەکان به خۆڕسک توندوتۆڵ و سەرسەختن، وەک دۆگلاس هێرد دەڵێت: "ئەوان شێوازی تایبەتیی خۆیان

هەیە بە تاوتوێکردنی مەسەلەکان". فەرەنساییەکان ڕازی بوون بەوەی هێزێکی کاردانەوەی خێرای تایبەت ڕەوانەی عەرەبستانی سعوودیە بکەن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە سووربوون لەسەر ئەوەی نابێت بخرێتە ژێر فەرماندەیی ئەمەریکاییەوە.

لە ڕووی دیپلۆماتیشەوە ئەوان پێیان باش بوو کار بە سزاکان بکەین بۆ ماوەیەکی درێژتر، بەرلەوەی باس لە پەنابردن بۆ هێز بکەین. هاوکات ئەوان خوازیاری ئەوە بوون ئەو قەیرانە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ببەسترێتەوە، کارێک کە لە بەرژەوەندیی سەدام حوسێندا بوو. من بەردەوام هەستم بەوە دەکرد کە فەرەنساییەکان لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا لەگەڵ ئێمە دەبن، بەڵام وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان، حەزیان بە قسە و مشتومڕ و خستنە ڕووی پێشنیاز بوو.

میتران لێهاتوو بوو لەوەدا کە بەرامبەرەکانی بخاتە هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردنەوە و بەم جۆرە دەستی کرد بە گازندەکردن، لەو ڕاپۆرتانەی لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسادا هاتوون و لەلایەن هەندێ بەرپرسی ئەمەریکاییەوە نووسراون کە ناوەکانیانی دیاری نەکرد و دەڵێن: "وڵاتە یەکگرتووەکان گومانی لە ڕاستگۆییی نیەتەکانی فەرەنسا هەیە".

لەگەڵ ئەوەشدا هەرزوو شتێ لە گومانی لا جێ هێشتم، لەوەی تا چەند پێویست بە بەکارهێنانی هێز دەکات لە دژی سەدام حوسێن. میتران وتی: "ئەو درندە و زۆرزان و توندوتیژە و زیاد لە هەرکەسێکی تر جێگەی مەترسییە. سەدام حوسێن لە کوەیت جیاوازیی نییە لەگەڵ مانەوەی ئەسەد لە لوبنان و فەرەنسا هیچ جیاوازییەک نابینێت لە نێوان ئەوەی لە کوەیت ڕوو دەدات لەگەڵ ئەوەی لە لوبناندا هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان بۆ بەرگریکردن لە لوبنان ئامادە نەکرد و هەڵوێستێکی لەو جۆرەمان وەرنەگرت. ئێوە لەوەدا باش بۆی چوون کە دەڵێن؛ ئێمە لە دێرزەمانەوە هاوپەیمانیی یەکترین، گەر

داوای یارمـەتیـتـان لـێ کـرا لە لوبـناندا ئەوا کـەس دەسـتی یارمـەتی درێژ ناکات).

میتران درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: "پێوەندیمان لەگەڵ عەرەبستانی سعوودیەدا دۆستانەیە، بەم دواییە سەردانی ئەوێم کرد و دیاریی بەنرخیشیان پێشکێش کردم. لە کۆشکەکانیاندا مرۆڤ چاوی بە ژن و هاووڵاتی ئاسایی وڵاتەکە ناکەوێت. ئەمانە ئەو حکوومەتانە نین من بمەوێت سەربازی فرەنسایان بۆ رەوانەکەم، تا لە پێناویاندا بکوژرێن. دەوڵەتێک نییە بروا بەو بنەمایانەی کوەیت بهێنێ و پێرەوی پرەنسیپەکانی ئەوان بکات. ناشێت داوای سەرباز بکەن تا لە پێناو ئەو رێگایەدا بمرن کە کوەیتییەکان لەم جۆرە حکوومەتەی لەسەر دادەمەزرێن. چۆن دەتوانم ئەوە بە جووتیارە فرەنساییەکان بڵێم کە من گیانی رۆڵەکانیانم، کردووەتە بارمتە لە پێناو هێشتنەوەی ملیاردێرێکدا؟ راستە میری کوەیت پیاوێکی ناسکە. دەتوانین گرەنتی ئەوە بدەین کە بەکارهێنانی هێز لە کەنداودا تەنیا بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو چەردە پارانە نییە لە بانکەکانی سویسرادا؟ بۆچوونێکی وا تووشی بێزارییەکی تەواوم دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا سەدام حوسێن نەک هەر پیاوێکی خراپە، بگرە جێگەی هەرەشە و مەترسیشە و پێویستە ئیحتیوا بکرێت. لە عەرەبستانی سعوودیەدا شەش هەزار سەربازمان هەیە کە لەوێدا جێگیر بوون و هێزە دەریاییەکانیشمان لە کەنداو و ئەفریقیادا، بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵدەستن. لە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە، ئێمە بەباشترین شێوە کارەکانمان رادەپەرێنین. سەدام گەر وا هەست نەکات کە لە ژێر هەرەشەدایە، ئەوا لە کوەیت ناکشێتەوە. پێوەندیی دۆستانەی لە مێژینەی نێوان فرەنسا و عێراق نەبووەتە، دۆستایەتییەکی شەخسی لەگەڵ سەدام حوسێندا. بەدرێژایی نۆ ساڵی رابردوو داوای ئەوەی کردووە بمبینێ، بەڵام من هەرگیز سەردانی عێراقم نەکردووە و بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سەدامدا کۆنەبوومەتەوە و

نەمبینیوە. ئەمێستاش ساردییەک لە پێوەندییەکانماندا هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە واتە فرەنسا، لە ڕووی سەربازییەوە یارمەتیمان دا بە فرۆشتنی هەندێ کەلوپەل. بۆ ماوەی نۆ دانە ساڵە ئەو داوایەی ئەوم ڕەت کردەوە بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەو وێستگە ئەتۆمییەی ئیسرائیلییەکان کاولیان کرد. ئەم ڕەتکردنەوەیەش پێوەندییەکانی نێوانمانی خستە مەترسییەوە).

میتران پێیەوە دیاربوو کە ئامادەیە بۆ جەنگ، بەڵام پێی وانەبوو مادەی ٥١ لە گەلاڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەس بێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق لە ڕووی سیاسییەوە. لەم بارەیەوە وتی: "مادەی ٥١ قەناعەت بە ڕای گشتی ناهێنێت، پەنجا و پێنج ملیۆن فەرەنسایش پارێزەری نێودەوڵەتی نین. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە بڕیارەکە ئەو بەرەنجامانە مسۆگەر بکات کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت).

هەر لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "من بۆخۆم چەند ئەگەرێکی سادە و ساکارم لەلایە؛ جەنگ یان ئاشتی. ڕێگەدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەوانەکردنی هێز بۆ ئەو ناوچەیە بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەو هەنگاوەیە من بەباشی دەزانم و لەو باوەڕەشدام شەڕێکی وا پێویستە. یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێت عێراق لە چەک دابماڵرێت. من بۆچونەکانی خۆمم بە کورتی بۆ باس کردی و بە ڕێژەیەکیش بەشداری ئەو پرۆسەیە دەکەین، زیاتر لە بەشداری هەندێک لە هاوڕێ و هاوپەیمانەکانتان".

ئەوەتا فرەنساییەکان بەشێوازی تایبەتیی خۆیان، ڕازین بە پلانەکانی ئێمە. بە میترانم ڕاگەیاند کە سەرۆک هەست بە کامەرانییەکی زۆر دەکات لە بەرامبەر ئەو ڕا و بۆچوونانەیدا. سووربوونی فەرەنسا، ئەگەری لەسەر بڕیاردانی بەکارهێنانی هێز زیاد کرد.

بە سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوەم بۆ واشنتۆن و سەردانێکی لەناکاو بۆ

بەرمـۆدا، بەمـەبەسـتی کـۆبوونەوە لەگـەڵ جـۆی کـلارکی وەزیری دەرەوەی کـەنەدا، لە ١٥ی تشـرینی دووەمـدا لە برۆکسلەوە دەسـتم بە داسـتانەکـەم کردەوە، کـاتێک بەشـداریم لە کـۆبوونەوەیەکی دووقـۆڵیدا کرد لەگـەڵ مـارک ئێسکینزی وەزیری دەرەوەی دانیمارک لە ڕۆژی شازدەی تشـرینی دووەمدا. کـۆبوونەوەی دوای ئـەوەم لە جنێف بوو لەگـەڵ سێ ئەنـدامی ئەنجـوومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتی و لە کۆمەڵەی وڵاتانی بێلایەن، ئەوانیش وڵاتانی کۆت دیڤوار و ئەسیوبیا و زائیر بوون.

یەکەمین کۆبوونـەوەم لەگەڵ دینکا تسڤای وەزیری دەرەوەی ئەسـیوبیا بوو. سـەرەڕای بۆچوونە ڕادیکاڵیـیـەکانی، ئـەسـیـوبیـا لە دە پرۆسـەی دەنگدانی پێشوودا لە ئەنجـوومەنی ئاسـایشدا، لایەنگریی ئێمەی کردبوو. لەبەرئەوەی ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٢٣دا کەوتبووە بەر شـالاوی مۆسـۆلۆنی و ئیتاڵیا، بۆیە هەست بە حـەسـاسـیـیـەتێکی زۆر دەکـەن کـاتێک دەوڵەتێکی بـچـووک، ڕووبەڕووی داگیرکاری دەبێتەوە لەلایەن دراوسـێ بەهێزەکانییەوە. بەم جۆرە وەزیری دەرەوەیان دەسـتـبـەجێ ڕازی بوو. هـەمـان شـتـیش لەگـەڵ زائیـردا ڕووی دا. ئەگـەرچی وەزیری دەرەوەیان (کـەتانیـا مـوشـابـشـدا)، نائومـێدیی خۆی سـەبارەت بە ڕاگرتنی کۆمەکە سەربازییـەکان لەلایەن کۆنگرێسەوە بۆ زائیر ڕاگـەیاند. بەڵام پێم ڕاگەیاند کەوا سـەرۆک زۆر لەو بڕیارەی کۆنگرێس ناڕازییە و ئیدارەکەی هەوڵی ئەوە دەدات، بەردەوام بێت لەسەر ڕەوانەکردنی ئەو کۆمەک و یارمەتییانە.

تەنیا کۆسپێک کە چاوەڕێمان دەکرد بێتە ڕێمان، لەلایەن کـۆت دیڤوارەوە بوو. کـاتێک چاوم بە سـیـمـون ئیکی وەزیری دەرەوەیـان کـەوت کـە وەکـو ئیـسکینـز وەزیری دارایی بوو کاتێک من وەزیری خـەزێنە بووم، ڕاسـتـەوخـۆ هاتە سـەر باسکردنی مـەسـەلـەکە و وتی: "ئەوەی ئێسـتـاکـە بەشـێـوەیەکی سـەرەکی جێگەی بایەخی وڵاتەکەمـە کەنداو نییـە، بگرە گـەشـەپێدانە. ئێمـە بەدەست قـەیرانێکی داراییـیەوە دەناڵێنین. گرووپی حـەوت قسـە و باسـیان

لەوە کردووە لە قەرزەکانیان خۆشبن، خۆشبوون لە قەرزەکانیش ئێجگار بەسوودە بۆ ئێمە". بەڵام وەک ئاشکرا بوو کۆت دیڤوار لەو لیستەدا نەبوو کە ناویان هاتبوو تا گرووپی حەوت لە تۆرنتۆ لە ساڵی ١٩٨٦دا قەرزەکانی سەریان لابەرن و پێم وت: "ڕێم بدە تا بزانم دەکرێت شتێک بەئەنجام بگەیەنین. هەوڵ دەدەم لەوە بکۆڵمەوە بەبێ ئەوەی بەڵێنی هیچ شتێک بدەم یاخۆ بە مەسەلەیەکی تریەوە ببەستمەوە، مەسەلەیەک کە ئەمڕۆ باسی دەکەین. دەشزانم ئێوە پێشنیازی شتێکی لەم جۆرە ناکەن، چونکە ئێمە بەباشی یەکتری دەناسین و بەیەکتری ئاشناین).

هەر لەو ئێوارەیەدا و پاش کۆبوونەوەیەکی کورت لەگەڵ یۆناس سافیمبی سەبارەت بە ئەنگۆلا، لەگەڵ هاوکارەکانمدا کۆبوومەوە بەمەبەستی پێداچوونەوە بە هەڵمەتە دیپلۆماتییەکەماندا. دەمانزانی چینییەکان زویر دەبن گەر هات و جارێکی تر بەسەر خاکەکەیاندا بفڕین، بەبێ ئەوەی لەوێ لابدەین. بۆیە بڕیارمان دا سۆراخی ئەوە بکەین کە داخۆ دەکرێت مالیزییەکان بەوە قەناعەت پێ بهێنین، تا لە جێگەیەکی تردا دیداریان لەگەڵدا بکەین و لەگەڵیان کۆ ببینەوە.

لە ١٨ی تشرینی دووەمدا کە دەکاتە ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپا، لە پەراوێزی ئەو کۆبوونەوانەدا لە پاریس، ئەدریان نستاسی وەزیری دەرەوەی ڕۆمانیام بینی و لەو دیدارەدا هیچ بەرهەڵستکارییەکم لێ نەبینی، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە لە دوامانگەکانی ساڵی پاردا سەردانێکی بۆخارستم کرد و بڕی ٨٠ ملیۆن دۆلارم وەک یارمەتییەکی مرۆییانە پێشکێش بە حکوومەتە تازەکە کرد، سەرەڕای ئەو تەحەفوزاتانەی لەسەر تۆماری مافی مرۆڤ لە ڕۆمانیا هەمانبوو.

هەر ئەو ڕۆژە لە ژوورەکەی خۆمەوە لە میوانخانەی ئەنتەر کۆنتینتال،

ماوەی نیو کاتژمێر بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ چیان چینی وەزیری دەرەوەی چین کرد. ئەو دەزگا پێوەندییەی هەمیشە هاوشانی وەزیری دەرەوە بوو، بواری ئەوەی بۆ رەخساندم لە رێی سەنتەری عەمەلیاتی وەزارەتی دەرەوە، پێوەندیی بە پەکینەوە بکەم. نیگەران بووم، چونکە رازی نەبوونی گۆرباچۆف بەوەی بەئاشکرا پشتگیریی بریارەکە بکات، کارێکی وا دەکات چین بەئاسانی ڤیتۆ بەکار بهێنێت.

جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە سۆڤیەت لەگەڵ ئێمەدا دەنگ دەدەن و داوام لێ کرد، بەئاشکرا لەو لێدوانە بکۆڵێتەوە کە ئەوان ڤیتۆ بەکارناهێنن دژی بریارەکە. ئەویش وتی: "ناتوانم لە رێگەی تەلەفۆنەوە وەڵامت بدەمەوە، چونکە حەز دەکەم وتووێژ لەگەڵ حکوومەتدا بکەم". چینییەکان سیاسەتێکی ئێجگار قورس و گیریان مومارەسە دەکرد. ئەوەبوو لە کۆبوونەوەکانی قاهیرەدا پێم راگەیاند کە دوای کۆتاییهاتنی دەنگدان، ئامادەین لە واشنتۆن پێشوازییان لێ بکەین. پێشنیازی ئەوەم بۆکرد کە ئەگەر بە (بەڵێ) دەنگ بدەن ئەوا بۆش پێشوازییان لێ دەکات، بەلام لە حاڵەتێکدا چین ئامادە نەبێت دەنگ بدات، ئەوا من پێشوازییان لێ دەکەم. ئەو سووربوو لەسەر بینینی سەرۆک، لەبەرئەوەی چین ڤیتۆی بەکار نەهێنابوو. منیش بیرم هێنایەوە وتم: "جەنابی وەزیر، ئێمە لەسەر ئەمە رێک نەکەوتین".

گومانم هەبوو لەوەی کە ڤیتۆ بەکارناهێنن، بەلام ئێمە دەنگدانێکمان ئەوێ لەلایەن کۆی پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەوە. هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ بۆشدا باشترین کارتە بەکاری بهێنم. لە کاتژمێر یازدە و چارەکی شەو لەگەڵ شیڤەر نادزەدا کۆبوومەوە کە لە کاتێکی درەنگدا گەیشتبووە پاریس، کۆبوونەوەکەمان هەتا کاتژمێر یەک و نیوی نیوەشەوی خایاند. دەگەراین دۆرمێک بۆ شێوەیەک بۆ دارشتنی بریارەکە بدۆزینەوە کە رەنگە ئەمە سەدەمین جار بێت، لەم چەند هەفتە کەمەی رابردوودا کۆبوونەوەی لەسەر بکرێت. دەقی ئەو پرۆژەیەم پێشانی شیڤەر نادزە دا کە بەدەستوخەتی خۆم

نووسیبوومەوە. لەسەر داواکاریی ئەو باسی بەکارهێنانی هێز لە پرۆژەکەدا نەکرا، هەروەها بیرۆکەی نیازپاکیی گۆرباچۆفیش لە پرۆژەکەدا باس کرا.

شیڤەر نادزە پێی ڕاگەیاندم، سۆڤیەت لە بەرژەوەندیی بڕیارەکە دەنگ دەدات و لە کاتی کۆبوونەوەکەی مۆسکۆوە هیچ پرسیارێکی جەوهەریی لە بارەیەوە نەهاتووەتە ئارا. هەروەها وتی: "بەڵام ئێمە نامانەوێ ئەوە بەئاشکرا بڵاو بکەینەوە و دەمانەوێ، جارێکی تر قسە لەگەڵ عێراقییەکان بکەن". نزیکەی سەعات ١:٤٥ دەقیقە بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر پلیکانەکانی میوانخانەی ئەنتەر کۆنتینتال، چاومان بە چەند ڕۆژنامەنووسێک کەوت. لەوێدا ڕووبەڕووی گرفت بوومەوە بەوەی دەبێت ئارامی و خۆشحاڵیم پێوە دیار نەبێ، بەجۆرێک بە سیمامەوە وا دیار بێت ئێستا من لە کۆتایی کارەکەدام و دەزانم بڕیارەکە مسۆگەرە. لە کاتژمێر دووی شەودا لە ئەنجامی ئەو ماندووبوونە زۆرەدا تەواو شەکەت بووبووم، لەسەر جێگەکەی خۆم بووم، پاش چارەکە سەعاتێک زەنگی تەلەفۆنەکە بەئاگای هێنام و مارگرێت تاتویلەر بوو. پێی ڕاگەیاندم کۆت دیڤوار دەنگ بۆ بڕیارەکە دەدات، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە ناڵێت تا بڵاوی بکەینەوە. ئەمە نۆیەمین دەنگ بوو بەدڵنیاییەوە بەدەستی بهێنین.

### لە سەنعاوە بۆ بۆگۆتا

لە کۆتایی ئەو وتووێژانەی لە کۆنگرەی ئاسایش و هاریکاریی ئەورووپادا کرا و تێیدا پەیمانی کەمکردنەوەی چەکی تەقلیدی لە ئەورووپا مۆر کرا، چوومە ئەو فڕۆکەیەی بۆشی تێدابوو. لە ٢١ی تشرینی دووەمدا بەرەو جەددە بەڕێ کەوتین. سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بۆش لەگەڵ ئەو هێزانەمان کە لە سعوودیەدا بوون، سەرقاڵی ئەو ئاهەنگە دوور و درێژانە بوو کە بە بۆنەی (عید الشکر)ەوە ڕێکخرابوو. پاشان چووم بۆ سەنعای پایەتەختی یەمەن، بەو هیوایەی قەناعەت بە یەمەنییەکان بکەم تا لەگەڵماندا دەنگ بۆ بڕیارەکە

بدەن. دەمزانی ئەوە سەرکێشییەکی جەسوورانەیە، چونکە مێژوویەکی دوور و درێژی خوێناوی هەیە لە نێوان سعوودییەکان و یەمەنییەکاندا. ئەوەشی زیاتر مەسەلەکەی ئاڵۆز کرد، سەرزەنشتکردنی فەهد بوو لەلایەن یەمەنییەکانەوە، کاتێ فەهد داوای هێزی بیانیی کرد بۆ هاتنە ناو خاکی سعوودیەوە. هەروەها ئەو بڕیارەی سعوودیە دابووی تا ڕێوشوێنی هاتنی کرێکارە بیانییەکان توندتر بکات، بوو بەهۆی گەڕانەوەی هەزاران یەمەنی بۆ وڵاتەکەیان. تەواو ئاشکرا بوو کە یەمەنییەکان لە بەرژەوەندیی ئێمە دەنگ نادەن، سعوودییەکانیش پێیان ڕاگەیاندم و لەوەشدا ڕاست بوون کە ڕۆیشتنی من بۆ یەمەن کات بەفیڕۆدانە.

یەمەن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە ئاژاوەنانەوە لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بەمەبەستی فشار دروستکردن لە پێناو دەرکردنی بڕیارێکدا کە ماوەیەکی دوور و درێژ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی هەوڵی بۆ دابوو، بەمەبەستی پاراستنی ئەو فەلەستینییانەی کە لە ناوچە داگیرکراوەکاندا نیشتەجێ بوون. سەرباری چەند داوایەکی تریش دەیانویست نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرێک دابنێت، بۆ چاودێریکردنی چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەو فەلەستینیانەی کە لە (لێواری ڕۆئاوا و کەرتی عەززەدا) نیشتەجێ بووبوون.

ئەم بیرۆکەیە کۆنە، چونکە لە زۆربەی وڵاتە بێلایەنەکانەوە پشتگیری لێ کرابوو، بەڵام ئێستا دەستوپێوەندەکانیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، پێش ئەوەی دەنگ لەسەر بڕیاری بەکارهێنانی هێز بدرێ، پێویستە لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا دەنگ لەسەر ئەوە بدرێ. گەر لەوەدا سەرکەوتن کە ئەنجوومەنی ئاسایش ناچار بکەن دەنگی لەسەر بدات، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان ناچارە ڤیتۆ بەکار بهێنێ. ئەمەش دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک بۆ هەندێک لە هاوپەیمانە عەرەبەکانمان و سەنگ و ڕاستگۆیی دەداتە ستراتیجییەتی سەدام، تا قەیرانەکە بکاتە قەیرانی عەرەب-

ئیسرائیل. له كاتێكدا ئێمه سەرقاڵی بڕیاری بەكارهێنانی هێز بووین، كاری دیپلۆماتیی ئەمەریكا ئەوە بوو ئەو ئامرازانە بدۆزێتەوە كە دەتوانێ زووبەزوو كۆسپ بخاتە بەردەم مەسەلەی تاووتوێكردنی بڕیاری ئەو زەویوزارانەی بۆخۆیان كۆسپی گەورەن.

بۆش ئەوەی بەبیری عەلی عەبدوڵلا ساڵحدا هێنایەوە كە وڵاتە یەكگرتووەكان، یەمەنی نەخستووەتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی پشتیوانی تیرۆر دەكەن. سەرەڕای ئەوەی یەمەنی باشوور لەناو لیستەكەدا بووە، پێش ئەوەی لەگەڵ (یەمەنی باكور)دا یەك بگرێتەوە. هەروەها ئەوەشی بیرخستەوە كە ئێمە هانی سعوودییەكانمان داوە تا لەگەڵ یەمەنییەكان نەرمونیانتر بن، بەڵام بێ سوود بوو. پاشان من هاتمە قسە و وتم: "ئێمە لە هاوكاری نەكردنی تۆ لەگەڵماندا تێ ناگەین لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا".

دەمویست ئەوە بزانن گەر بەردەوامبن لەسەر ئەو جۆرە هەڵسوكەوتەیان لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا بەو شێوەیەی بە ناشایستەی دادەنێین، ئەوا باجەكەی دەدەن. یەمەن بەم ڕەفتارەی خۆی تووشی مەترسییەك دەكات ئەویش لە دەستدانی ئەو یارمەتییە ئەمەریكاییە كە ساڵانە بڕی ٧٠ ملیۆن دۆلارە. سەرۆكی یەمەن جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە (ئەم ڕووداوە لە گەردەلوولی هاوین دەچێت و هەر زوو دەنیشێتەوە). منیش وەڵامم دایەوە ( بەڵام گەر هەڵبكات زۆر بەتوندی هەڵدەكات).

عەلی عەبدوڵلا ساڵح خانەخوێیەكی دڵفراوان بوو، پێش كۆبوونەوەكەمان سەردانێكی بۆ سەنعای كۆن ڕێكخست كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ. ئەو جێگایە بە شەوانی هەزار و یەك شەوە دەچوو. لە كاتی گەڕانمان بە كووچە و كۆڵانەكاندا كە بە بەرد هەڵچنرابوو، لە ناوچەی ئەلسوق ئەو پیاوانەمان بینی كە تازە لەناو بیابانەكەوە دەهاتنەوە بۆ فرۆشتنی كەلوپەلەكانیان. هەموویان عەگالیان لەسەردابوو، خەنجەرێكی

برۆنزیش بەکەمەریانەوە بوو. هەموو یەکێ لەوان، پیاو بوایە یان ژن، گەنج بوایە یان پیر (قات)یان دەکرۆشت وەک پێمان وترابوو ئەو مادەیە کاریگەریی هەبوو و مرۆڤی نیمچە بێهۆش دەکرد.

لە کۆتایی گەشتەکەماندا بۆ سەنعای کۆن، من و هاوکارەکانم نانی ڕۆژی (عید الشکر)مان لەگەڵ عەلی عەبدوڵڵا ساڵح خوارد. دڵفراوانیی ئەو، لە سەروو هەموو پێشبینییەکەوە بوو. کاتێ هاتینە دەرێ بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسەکان، بەرهەڵستکارییەکی ئێجگار توندی بۆ بڕیارەکە نیشان دا، بەڵام لە چاوپێکەوتنە تایبەتییەکەدا هیچ بەڵگەیەکی وای پێشان نەدا، لەسەر ئەوەی بە ئاشکرا و بەو توندییە داواکارییەکەم ڕەت بکاتەوە.

***

ئەو ئێوارەیە گەڕامەوە بۆ جەددە، وەڵامێکم پێ گەیشت کە وەزیری دەرەوەی مالیزیا ڕازی بووە، لە لۆس ئەنجلۆس یان لە هیرستۆن یان لە هەر جێگایەکی تری زەریاری هادی یەک ببینین. بڕیارم دا بچم بۆ لۆس ئەنجلۆس بۆ بینینی وەزیری دەرەوەی مالیزیا. لە فڕۆکەخانەی بۆگۆتا بڕیار بوو سیزار جافیریا ترۆخیلۆ ببینم، نەک تەنیا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە دەنگداندا، بگرە بۆ ئەوەی گلەیی و ناڕەزایی خۆمانی پێ ڕابگەیەنم لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی نوێنەرەکەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە ئاشکرا گلەیی لە سیاسەتی ئێمە کردبوو بەرامبەر بە عێراق.

دوای سەفەرێک کە ٨ سەعاتی خایاند بۆ کۆڵۆمبیا، لە ئالازوەر لامان دا بۆ وەرگرتنی بەنزین بۆ فڕۆکەکەمان. پاشان بەدرێژایی شەو بەئاسمانەوە بووین بەرەو بۆگۆتا. لە فڕۆکەخانەکەوە بەچەند تانکێکی ڕەنگ شین بەڕێ کەوتین، ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر بوونی ئەو شاڵاوی تیرۆرەی باندەکانی مافیا ئەنجامیان دەدا. بە جافیریام وت: "ئەو بیر و بۆچوونانەی نوێنەری ئێوە لە نیویۆرک بە ئاشکرا دەری بڕیبوو، شتێکی خراپ بوو.

چونکە ئەو بیـر و بۆچوونانە دەتوانن هەمـوو ئەو هـەوڵانە یەک بخـەن کـە داومـانە بۆ ئەوەی، نـەهێڵێن ئامـانجـەکانی سـەدام بگاتە مـەرامی خـۆی. من داواتان لێ دەکـەم لەسـەر بۆچوونـەکانتـان وتووێژمـان لەگـەڵدا بکەن، پێش ئەوەی بینووسنەوە و لەسـەر ئاسـتێکی فـراوان لە نەتەوە یەکگرتووەکـاندا بڵاوی بکەنـەوە. جـۆری ئەم وتووێژانە وا دەکـات ئـەو بۆچوونەتان لـەسـەر لابچـێت کـە لە ئەنجـومـەنی ئاسـایشـدا." ناکـۆکی لـە نێـوان وڵاتە یەکگرتووەکـان و کـۆلۆمـبـیـادا هەیـە لە کـاتێکدا شـڵـەژان و نـاڕەحـەتی بە نوێنەری کـۆلۆمـبیـا لـە نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە دیار بوو کە لە نیـویۆرکەوە هـاتبـوو بۆئامـادەبوونی کـۆبوونەوەکـە، جـافـیـریـا بەئاشکرا سـەرنجی ئەو ناڕەزاییەی دا کە پێمەوە دیار بوو.

بەدوور و درێژی نـاوەڕۆکی بڕیارەکـەم باس کـرد، بەتایبـەت ئەو بڕگـەیەی دەڵێت: "هـەمـوو ڕێگەچارە پێـویسـتـەکـان". ئەویش وەڵامی دایەوە: (گـرینگ ئەوەیە کۆلۆمبیا و وڵاتە یەکگرتووەکان بەجۆرێکی وا دوو ئەمەریکاکە نیشان بدەن کە تەبا و یەکگرتوون، چونکە گەڕانەوە بێ چارەسـەرکردنی مەسەلەکە، دەبێتە هۆی نائومێدییەکی گەورە. چۆنیەتیی ڕێگەچارەسەری ئەم کێشـەیە کـارێکـی ئێجگار گـەورە و گرانە بۆ هەمـوو مـرۆڤـایـەتی، ئێمـەش وەک ئێوە هەمـان ئامـانجـمـان هەیە. لە کـۆتاییـشـدا لەگـەڵ ئێـوەدا دەنگ دەدەین و تا ئەوکـات ڕێگەیەک دەدۆزینـەوە)، بەڵام لـەگــەڵ ئەوەشــدا دەگــەڕا بـەدوای دەرەتانێکدا بۆ سـەدام و وتی: "گرینگ ئەوەیە سـەدام هەست بکات شـتێکی دەست دەکـەوێت کاتێ لە کوەیت دەکشێتـەوە، شتێک وەک کشانەوەی هێزە ئەمەریکاییەکان لە ناوچەکە).

منیش بەمجۆرە وەڵامم دایەوە: "کارێکی قورسە ئابڕووکڕینەوەی سەدام لە خـەڵاتکردنی ئـەو پەلامـارە دڕندانەیە جـیـا بکەینەوە، نابێ بکەوینە دوای ڕێگەچارە نیوە ناچڵەکان". بۆگۆتام بەجێ هێشت و ئیلتیزامێکی شەخسیم لە جـافـیـریاوە وەرگـرت کـە بەدڵنیـاییـیـەوە لەگـەڵ ئێـمـەدا دەنگ دەدەن و

دڵنیـابووم لەوەی ئەو کـارەسـاتەی بۆگـۆتا لـە نەتەوە یـەکگرتووەکـاندا خولْقاندوویەتی خەریکە کۆتایی دێت.

پاش ئەوەی دووبارە لە (قـرتاجنە) بـەنزینمـان وەرگـرت، بـە فـرۆکـە بـە ٧ سـەعـات گـەیشـتـینـە لۆس ئەنجلۆس بۆ کـۆبوونەوە لەگـەڵ ئـەبولحـەسـەنی وەزیری دەرەوەی مـالیـزیا. دەزانم زۆر گـرانـە خـۆی و ئەو حکوومـەتـە ئیسلامییە قـەناعـەت پێ بکەم کە خۆی بەخـاوەن کـبریائێکی زۆر دەزانێ و زۆرکـات گـیرن لـە مـامـەڵەکـردندا. مـالـیزییـەکان فشـاریان دەکرد لـە پێناو دەرکردنی بڕیارێکدا تایبەت بە فـەلەستینییـەکان. ئـەوان ماوەی ٣٠ سـەعات لە فـرۆکـەدا بوون بۆ بـینینی مـن و هـەسـتـیان بـە بێـزارییـەکی زۆر دەکـرد. دڵنیابووم زۆر ماندوون. هەر لە سەرەتاوە وەزیر بە ڕەقییەکەوە ئاماژەی بەوە دا کە (ئێمە پێمان باش بوو لە مالیزیا چاومان پێت بکەوێت).

دەمـزانـی ئەو کـۆبـوونەوەیە بە گـرێوگـۆڵ دەبـێت. بـە زمـانێکی تـوند وتـی: "بەڕاسـتی پێتان دەڵێم ئێمـە خۆشـحاڵ نین بەو ڕەوتەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆئاوای ئاسیادا گرتوویەتیە بەر. ئێوە ئەم ڕێوشوێنە بۆ سزادانی عێراق دەگـرنەبەر و ئێـمـە پێـویسـتـمـان بەوە هەیە وتووێژ لەسـەر دوژمنکاریی ئیسـرائیل بکەین لەسـەر فـەلەسـتینییـەکان، چونکە مـالیـزیا بەرهەڵسـتیی سزادانی سـەدام ناکات. لە هەمان کاتدا پێویستـە ئیسـرائیلیش سزا بدرێت بەو پێیەی هـەڕەشـە لە فەلەستینییەکان دەکات. زۆر بـە وردی لە بڕیارەکەتان دەکۆڵینـەوە، بەڵام ناتوانین پشـتگیریی سـزاکـان بکەین لە پێناو لـەناوبردنی فیعلیی عێراقدا". منیش وەڵامم دایەوە: (ئەم بڕیارە تاکە هیوامان دەداتێ بۆ گـەیشتن بـە ڕێگەچارەیەکی ئاشـتییانە بۆ کێشـەکە. ئێمە نامـانـەوێ خـوێنی ئەمـەریکاییـیـەکـان لـە بیـاباندا بـڕێژین، چونکـە مـەترسـیـیـەکی گـەورە بۆ ئەمەریکاییەکان و ئیدارەکەشیان پەیدا دەکات).

ئەویش پرسـی: (ئاخـۆ پێـشنیـازی هـەڕەشـەکـردن بـە شـەڕهـەڵگیرسـاندن

دەکــەن؟). پێم وت: "ئـەو بڕیارەی لە نەتەوە یەکگرتووەکــاندا پـێـشـنیــازی دەکەین، خەسڵەتێکی گشتیی دەبێت و ناوی هێزی تێدا ناهێنرێت، هەروەها وشـەی سـەربازییش لە خـۆ ناگرێت. ئێمـە هەوڵی بڕیارێک نادەین پێویستی بەهێـز هەبێت". مـالیزییـەکان دەیانویست سزاکـان کـاتێکی زۆرتری بدرێتێ، لەبـەر ئەمــە بیــانووە باوەکــانم دووبـارە کـردەوە و وتم: "پـێم وایە ســزاکــان کـاریگەریی نابێت گەر کـاتێکی زۆر بخـایەنێت. ناشـتـوانین هێـزەکـانمان بەم ژمارە زۆرە لە بیـاباندا بهێڵینەوە. نابێ ڕێگە بە وڵاتە گەورەکان بدرێت وڵاتە بچووکـەکـان قـووت بدەن. گرینگ ئەوەیە بە سـەدام حـوسێن بوترێت، بە هەر ڕێگەیەک بێت لە کوەیت دەردەکرێت. من خۆم چواردە مانگم بەسەربردووە لە پرۆژەی ئاشتیی عەرەب ئیسرائیلدا، بەڵام پێم وایە نابێ ئەو دوو مـەسـەلەیە پێکەوە گرێ بدەن، چونکە گەر وابکەن ئەوان سەدام دەکەن بەقارەمان".

پاش وتووێژێکی دوور و درێژ سەبارەت بە مەسەلە یاسـاییەکان، وەزیر بە پێشـنیازێکی ئێـجگار قورس کۆتـایی بە قسەکـانی هێنا و وتی: (ئومـێدەوارم هەڵوێستمان کار نەکاتە سەر پێوەندییە دووقۆڵییەکانمان. من خۆشحاڵم بەو دەستپێشخـەرییەی تێیدا ئامـاژەتان بەوە داوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە جیـهانییـە گەورانەی ئەم دواییـیەدا، ڕەنگە پێویست بکات زۆر بە وردی لە دوارۆژی پێوەندییەکانتاندا بچنەوە لەگەڵ وڵاتاندا). منیش لە وەڵامدا وتم: "جەنابی وەزیر، تەنیـا ڕێگەیەک بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم مـەسـەلەیە، ئەوەیە کـە بڵێین ئەمـە بۆ ئێمـە و بۆ جیـهانیش گرینگە و پێویسـتـە بۆ ئێوەش گرینگ بێت".

لەناکاو بێدەنگییەکی تەواو ژوورەکەی داگرت، بەڕادەیەک مرۆڤ دەیتوانی گوێی لە دەنگی پێی مێروویەک بێت. بۆ یەکەم جار هەستم کرد، درک بەبڕی ئەو مـەترسـییـە دەکات کـە ئێمـە لە بەرامـبـەریدا بووین. پاش کـۆبوونەوەکە چووم بۆ هـیـوسـتـون، بۆ ئەوەی پشـووی کـۆتـاییی هەفـتـە لـەگـەڵ دایکمـدا بەسەربەرم کە تەمەنی (٩٦) ساڵ بوو، بەڵام ئەوە دواجار بوو کە بیبینم.

له ڕێگەدا بەو برووسکانەدا چوومـــەوە کـــە داوا لـە وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەکات، تا وەزیرانی دەرەوەیان بنێرن بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا دەبەسترێت. ئەو داوەتنامەیە ئاراستەی وەزیری دەرەوەی کوباش کرابوو. تێبینییەکی شەخسیی خۆمی تێدابوو کە داوای ئەوەم لێ کردبوو، لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا لە نیویۆرک ئامادە بێت بۆ کۆبوونەوە. برووسکەکان پڕۆژەی دارشتنێکی پێشنیازەکە و دەقی ئەو پڕۆژەیەی تێدابوو کـە ڕێگە بە گـرتنەبەری (هەمـوو ڕێگەچارە پێویستەکان) دەدات گەر عێراق لە کوەیت نەکشێتەوە. لە ماوەیەکدا کە دوامۆڵەتی یەکی کانوونی دووەمە.

لە ٢٦ی تشـــرینی دووەمـــدا دوگـــلاس هێـــرد بە تەلەفـــۆن لـە لەندەنەوە نیگەرانیی خۆی پێ ڕاگەیاندم، لەوەی ڕەنگە دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ بڕیاری پاشـەکشـێکردنی عـێـراق بڕیارێکی هەڵە بێت. پاشـان وتی: "دیاریکردنی کـاتێکی دیاریکراو دەبێـتـە هـۆی ئەوەی هەر کـاتێک بڕیاری کـشـانەوەی عـێـراق درا، ئەمـە عـێـراق بورووژێنێ و مـەترسی ئەگـەری هێرشێکی خۆپارێزیی لەلایەن عێراقەوە زیاتر کات".

منیش وتم: "دوگلاس پێویستـە سۆڤیەت لە بەرچاو بگرین، چونکە ئەوان ئێجگار حەساسن سەبارەت بە مەسەلەکە". داوام لێ کرد یارمەتیمان بدات بۆ زامنکردنی دەنگدانی کـۆڵۆمبییەکان و ئەویش وتی: "ئەوان قـەرزاری ئێمەن، لەبەر ئەوە هەوڵیان لەگەڵدا دەدەین".

### کۆبوونەوەی کۆتایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان

لە ٢٨ی تشرینی دووەمدا (واتە ڕۆژێک پێش دەنگدانەکە)، ڕووم لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و ڕاستەوخۆش بەرەو سۆڤیەتییەکان چووم بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ شیڤەر نادزەدا کە ماوەی دوو سەعاتی خایاند. لەوێدا کۆمەڵێ هەواڵی بێ سەروبەرم پێ گەیشت. شیڤەر نادزە وتی: "قسەمان

لەگەڵ عێراقییەکان کردووە و پێیان وتین: ئەگەر شەڕ بەرپا بوو، ئەوا هێرش دەکەینە سەر ئیسرائیل". پاشان تۆماری ئەو کۆبوونەوەیەی دامێ کە لە بەغدا لە نێوان دیپلۆماتە سۆڤیەتییەکان و تاریق عەزیزدا بەسترابوو. شیڤەر نادزە وتی: "پێم وایە ئەمە سەرەتای نغرۆبوونە". منیش پرسیم: "ئاخۆ عەزیز ڕاستییەکان بە سەدام دەڵێت؟". شیڤەر نادزە وتی: "پێم وایە پێی دەڵێ".

تائێستاش دڵنیا نیم لەوە، چونکە باس لەوە دەکرێ کە سەدام زیاد لە جارێک بە چەند لەسێدارەدانێکی بەپەلە وەڵامی هەواڵە ناخۆشەکان دەداتەوە. لە کاتی کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتین لەسەر داڕشتنی کۆتایی بڕیارەکە، بەڵام گۆرباچۆف کۆسپی خستە بەردەم کاتەکەی کە یەکی کانوونی دووەم بوو. تائێستاش گۆرباچۆف بە فەرمانی یەکێک لە لوبییە عەرەبەکانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت لەو بڕوایەدایە، تاڕادەیەک دەتوانێ قەناعەت بە سەدام بکات بۆ کشانەوە لە کوەیت گەر کاتی تەواوی بدرێتێ. سووریش بوو لەسەر ئەوەی ٣١ی کانوونی دووەم دوامۆڵەت بێت. گەر بەسانایی بدوێم، کارێکی عەقڵانی نییە پاش دەرکردنی بڕیارەکە دوو مانگی تریش دوابخرێت، چونکە کاتێکی تەواو دەڕەخسێنێ بۆ ڕوودانی مەرگەسات و چەندین پرسیار دەورووژێنێت سەبارەت بە ڕاستگۆیی ئێمە و ئامادەییمان بۆ بەکارهێنانی هێز. فەرەنساش پێشنیازی چارەسەرکردنی کرد و سەرۆکیش ڕازی بوو، ١٥ی کانوونی یەکەم کرا بە دوامۆڵەت.

بەرەو میوانخانەی واڵدۆرف ئیستۆریا چووم، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ (ئیزیدۆرۆ مالمێرکا)ی وەزیری دەرەوەی کوبا. ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی ڕەسمی بوو لەسەر ئاستی وەزاری لە نێوان ئێمە و کوبادا لە ماوەی سێ ساڵدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بوو باز بەسەر ڕێساکاندا بدەین، بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە. لە ڕووی هونەرییەوە کۆبوونەوەکەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کوبا گرێ دا بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی

نێودەوڵەتیم، نەک وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان. پشتگیریکردنی کوبا لە شەش بڕیاری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی سەدام حوسێن، زەوینەیەکی لەباری خۆش کرد کە دەتوانرا شتی لەسەر بنیات بنرێ. پێم ڕاگەیاند: "چەند جیاوازییەک لە نێوانماندا هەیە، بەڵام هەندێ مەسەلەش هەیە دەتوانین لەسەری ڕێک بکەوین. ئێمە دەزانین حکوومەتەکەتان چەند وتووێژێکی لەگەڵ عێراقدا کردووە و باس لەوە دەکات دەبێت لە کوەیت بکشێنەوە و ڕێگە بدەن بە گەڕانەوەی حکوومەتی کوەیتی. ڕاشکاوانە پێت دەڵێم ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو چەند خاڵە ڕێک نەکەوین ئەوا ئامادە نین لەگەڵتاندا کۆببینەوە. ئێمە لە پێناوی ئەم بڕیارەدا کار دەکەین، چونکە پێمان وایە تاکە فرسەتێکە لەبەردەم ئاشتیدا مابێتەوە. ئومێدەوارم لەوە دڵنیابن کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کار دەکات. ئێمە بە ڕێگەیەکی ڕەوا کار دەکەین لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. زۆرن ئەوانەی هانیان داین بەپێی مادەی ٥١ لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسوکەوت بکەین، بەڵام ئێمە ڕەتمان کردەوە. دە بڕیارمان هەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەنگتان بۆ بەرژەوەندیی شەشیان داوە و هیچ کامیان جێبەجێ نەکراوە. زۆر وڵاتی بچووکی وەک کوبا، نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڵندگۆیەکی سەرەکی خۆی دادەنێت. لەبەر ئەوە تەئکید لەسەر ستراتیجییەتێکی هەمەلایەن دەکەمەوە و دەڵێم: "ئێمە پێمان وایە ڕاستگۆییی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئاوادایە، چونکە کاتێ داوای ئەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت دەزگایەکی کاریگەر بێت لە پاراستنی ئاسایش و ئارامیی دەوڵەتیدا، ئەوکات جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستییەکی ئێجگار گرینگ دەبێت". ڕەنگە لەوە گرینگتر ئەوە بێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی کاریگەرانە کار بکات لە پێناو وڵاتە بچووکەکاندا، چونکە هیچ جێگایەک نییە بۆ سیستەمێکی جیهانی کە

ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت، گەر وڵاتێکی گەورە بتوانێ وڵاتێکی بچووک قووت بدات. ئەوە ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە لێرەدا خراوەتە ڕوو، سوپاس بۆ هاتنتان و من هەر ئەوەندەم هەیە بیڵێم.

وەزیری دەرەوەی کوبا پیاوێکی بەتەمەن بوو کەمێک دەشەلی، بێجگە لە کۆمەڵێ ڕەخنەی توند لە سیاسەتی ئیسرائیلییەکان دژی فەلەستینییەکان، ئەو قسە ئایدۆلۆجییە بەتاڵەی دەوتەوە کە هەموومان لە ڤیدل کاسترۆمان پێشبینی دەکرد. هەروەها وەزیرەکەی کوبا وتی: "مەبەست لێرەدا خۆ دوورخستنەوەیە لە هەڵایسانی شەڕ. ڕەنگە بڕیارەکە ببێتە هۆی کەوتنەوەی شەڕ و دواجار نرخی پترۆڵیش بەرز بێتەوە و قەیرانێکی ئابووری بۆ جیهان بخوڵقێنێت".

لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە (ئەوان لەو بڕوایەدان گەر شەڕ هەڵگیرسا، ژمارەیەکی زۆر دەکوژرێت". ئەو پێی وابوو بە تێپەڕینی کات عێراق بە مەرجەکان ڕازی دەبێت، بەڵام پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز سوودی ئەوتۆی نابێت. هەروەها وتی: "ئاماژەکردن بە بەکارهێنانی هێز، هێندەی تر هەڵوێستی عێراق سەختتر دەکات. بۆیە ئێمە پێمان وایە بڕیاردان لەسەر ئەم کارە ئاکامێکی ئاشتییانەی نابێت. ئێوە هەوڵ دەدەن ڕێگەیەک بۆ شەڕکردن بدۆزنەوە بەبێ ئەنجامدانی کاری سەربازی و ئێمە وای دەبینین دەستنیشانکردنی کاتێکی دیاریکراو کارێکی ترسناکە، ڕەنگە بە هەڵە لێک بدرێتەوە و کارێکی وا بکات عێراق دەستپێشخەری بکات لە پەلاماردانداا. ئێمە هەست دەکەین ئەو بڕیارەی ئێوە پرۆسەکە بە ئاراستەی شەڕدا دەبات و ئێمە لەمەدا جیاوازین لەگەڵ ئێوەدا".

منیش وەڵامم دایەوە: (ناتوانین دژایەتیتان بکەین لەوەی باستان کرد. ئێوە دەڵێن گەر شەڕ هەڵگیرسێ ئەوا گەلی کوەیتی دووچاری مەینەتی دەبێ. منیش دەڵێم هیچ مەینەتییەک نییە لەم مەینەتییەی ئێستایان زیاتر

بێت. ئێمە لەو بڕوایەدا نین سزاکان کاری خۆیان بکەن لە ماوەیەکی کورتدا، چونکە سوپاکەی پێش هەمووان خۆراکی بۆ دابین دەکرێ. ئەوەشی لە هەمووان زیاتر زەرەرمەند دەبێ و ئازار دەچێژێ میللەتەکەیەتی. نابێت دراوسێی گەورە پەلاماری دراوسێی بچووک بدات و شێوازی دڕندانەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە ئێمە لەسەر ئامانجی کۆتایی ڕێک دەکەوین، بەڵام سەبارەت بە باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی جیاوازین. نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمان هەڵەی خۆی لە سییەکاندا دووبارە بکاتەوە. سۆڤیەتیش هەر هەمان شت بەئێوە دەڵێن، هیوادارم ئێوە لە دەنگ نەدانتان دژ بە بڕیارەکە بکۆڵنەوە و دوچاری گۆشەگیری نەبن).

ئەم بەهانەیەی من، وەزیرەکەی کوبای نیگەران نەکرد و لە وەڵامدا وتی: "سبەینێ ئێمە لە بەرەنجامی دەنگ نەدان بۆ بەرژەوەندیی بڕیارەکە ناترسین و ئومێدەوارم لەم هەڵوێستەماندا بەتەنیا نەبین، بەڵام دوودڵیش نابین لەوەی بەتەنیا بین و هەوڵی خۆپاراستن لە شەڕ بدەین". ئەمە سەرکێشییەکی گەورە بوو، لەبەرئەوەی ئەوان تەنانەت لەبەرامبەر فشاری دۆستی دێرین و سەرەکییان کە سۆڤیەت بوو، لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز نەبوونەوە.

وەزیری دەرەوەی چین چیان چینین لە ڕێگە دواکەوتبوو، لەبەر ئەوە کۆبوونەوەکەمان کەمێک پێش نیوەشەو دەستی پێ کرد. لەو ساتەدا شارەزایان و پسپۆڕەکانی ئێمە گەیشتنە ئەوەی چینییەکان بڕیاریان داوە دەنگ نەدەن، ئەمەش کەمترین شتێکە پێویستبێ تا ئێمە پێوەندییەکانمان بگێڕینەوە سەر دۆخی جارانی خۆی. ئەوان ڕاستیان دەکرد، ئەوەبوو ڕۆژێک دوای دەنگدانەکە بە فیعلی ڕێگەمان دایە چیان بچێ بۆ واشنتۆن، بەڵام بۆ دوایەمین جار هەوڵم دا قەناعەتی پێ بکەم کە دەنگنەدان زۆر لەسەر بەرژەوەندییەکانی چین دەکەوێت.

دواتر وتم: "هەرشتێک لە پشتگیریی بڕیارەکە کەمتر بێت، یەکەتییەکەمان

لاواز دەکات و سەدامیش خۆشحاڵ دەکات. پاشان هەڵوێستێکی وا تووشی ڕەخنەمان دەکات لەلایەن کۆنگرێس و ڕای گشتیی ئەمەریکاوە و ڕەنگە زیان بە کەشوهەوای سەردانەکەتان بگەیەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەهێڵێ بە نەرمیی پێوەندییە دووقۆڵییەکانمان بەرەوپێش بەرین. بۆ ئەوەی جێگەی متمانە و باوەڕیم، ئەندامانی کۆنگرێس پێتان باشە تۆ بە بەڵێ دەنگ بدەیت. من نامەوێ فشاری ئەوەتان بۆ بهێنم تا لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا چۆن دەنگ بدەن، بەڵام دەنگدانێکی ئیجابی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی نێوانمان. تائێستاش ئەو ڕایە لە کۆنگرێسدا هەیە کە دەبێ پێوەندیمان لەگەڵ ئێوەدا هەبێت و گرینگ ئەوەیە هەڵوێستی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، یەک بێت. لە بڕیارەکەشدا هیچ ئاماژەیەکمان بە بەکارهێنانی هێز نەداوە و بەخێربێن بۆ واشنتۆنیش لە ڕۆژی هەینیدا، بەبێ لە بەرچاوگرتنی چۆنیەتی دەنگدانتان". چینییەکان هەستیان بە ناڕەزایی دەکرد لەبەرئەوەی ئەو پێشنیازەم قبوڵ نەکرد کە بۆ سەردانیکردنی چین خستبوویانە ڕوو.

چیان بەم جۆرە گلەیی کرد: (ئەمە پێنجەمین کۆبوونەوەیە لە نێوانماندا، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک نییە بۆ سەردانی پایەتەختی وڵاتەکانمان، ئەمە شتێکی ئاسایی نییە و زیان بە پێوەندییەکانمان دەگەیەنێت. ڤیتۆ لە دژی بڕیارەکە بەکار ناهێنین، بەڵام ناشتوانین پشتگیری لە بەکارهێنانی هێز بکەین. لەم دواییەدا سەردانی چەند وڵاتێکتان کردووە، ئومێدەوارم سەردانی چینیش بکەن). ڕازی نەبوون بە دەنگدان، باشترین شت بوو بە لای ئێمەوە.

وادیارە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان قەت بیر لەوە ناکەنەوە کە سیاسەتی ناوەخۆیان، کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندییە دووقۆڵییەکان یان نا. منیش وەڵامم دایەوە و وتم: "پێمەوایە جۆرج بۆش باشترین کەسێکە بۆ ئێوە و خوازیارە پێوەندییەکان باشتر بێت، بەڵام چەند کۆسپێکی سیاسی

لەپێشدایە کە ناهێڵن یان ڕاستتر بڵێین ڕێگە نادەن ئەو کارە بکات".

کاتژمێر یەک و نیوی شەو چوومە ناو پێخەفەکەمەوە. ڕۆژی دواتر بە تەلەفۆنێکی بۆش بەئاگا هاتم کە دەیویست دڵنیا بێت لە شێوەی قەناعەتپێکردنی چینییەکان بۆ دەنگدان لە بەرژەوەندیی بڕیارەکە. لە قسەکانیدا وتی: "ئامادەم لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا وەزیرانی پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش ببینم، دواتر دەتوانم لە پەراوێزی ئەوەدا لەگەڵ وەزیری چیندا کۆ ببمەوە". ئەم شێوە کۆبوونەوەیە، ئەوەی پێوە دیارە وەک ئەوەی بەپەلە ڕێکخرابێت یان یەکتر بینینێکە بۆ موجامەلەکردن، نەک کۆبوونەوەیەک بێت بۆ چاوپێکەوتنی دیپلۆماتییەک.

هێشتا ڕۆبی حەمامەکەم لە بەردابوو کە کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ یاریدەدەرە گەورەکانم بەست لە ژوورەکەی خۆم لە والدۆرف ئستۆریا بۆ وتوویژکردن لەسەر پێشنیازەکە. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین تەلەفۆن بۆ وەزیر بکەم و داوەتنامەکەی بۆشی پێ ڕابگەیەنم، بەڵام هیچ کەس هەستی بەوە نەکرد کە فرسەتێکی گەورەتر هەیە بۆ قبوڵکردنی. چینییەکان ئێجگار گیر و قورس بوون، لەبەرئەوەی دەیانزانی ئێمە ئاگادارین لەوەی ئەوان ڤیتۆ بەکار ناهێنن بۆ شکست پێهێنانی بڕیارەکە.

لێرەدا گومانی ئەوەم هەبوو، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی وا، نەویستراو دەبێت. تەلەفۆنم بۆ چیان کرد و کاتێ لە ناوەڕاستی کۆبوونەوەدا بوو لەگەڵ دۆگلاس هێردا وەڵامی دامەوە. پەیامەکەی سەرۆکم پێ ڕاگەیاند و وەڵامێکی یەکجارەکی نەدامەوە و وتی: "سوپاست دەکەم، ئەم پێشنیازە دەگەیەنمە پەکین".

چینییەکان کاتێک بیانەوێت، دەتوانن ڕەهەندی جۆراوجۆر بگرنەبەر یەکێک لەوانەش گوێ نەگرتنە. پاش ماوەیەکی کەم، چیان تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: "ناتوانین بە بەڵێ دەنگ بدەین، چونکە ڕێنوێنی حکوومەتەکەم داوای

ئەوە دەکــات دەنگ نەدەین. لەبـەر بەســتنی کــۆبـوونەوەیەک بـە بەڵـێ دەنگ نادەین، پێـویستـە ئەم کـۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ڕێک بـخرێت کـە ڕازی نەبووین دەنگ بدەین". پێم وت: "ئێستا ئێمە پێویستمان بەدانانی پلانێک هەیە بۆ سـەردانەکـەتان بۆ واشنتۆن"، بەڵام ئـەوەی نەمـوت ئەوە بوو کە پلانـەکەمـان کـۆبوونـەوەی ئەوی تێـدایە لەگـەڵ مندا نەک لەگـەڵ سـەرۆک بۆشـدا". دوای کۆبوونەوەکە، بوب کیمیت نیوە شەو نامەیەکی چیانی بۆ هێنام.

چینییەکان هـەستیان بە تووڕەیی کرد، کاتێ بەرنامەی سـەردانی وەزیری دەرەوەی چینیـان بۆ واشنتـۆن بینی و دیداری لەگـەڵ بۆشـدا تیـا نـەبوو. نامەکە ئاشکرا بوو کە ئەگەر چیان چاوی بە بۆش نەکەوێت، ئەوا سەردانی واشنتۆن ناکات.

ئەمجارە چینییەکان هەڵیانخەڵەتاندین و بەهۆی ئەو کێشانەی هەمـانبوو لەگـەڵیـاندا، حـەزمـان نەدەکـرد تەواو کـەنارگیـریان بکەین. بڕیارەکـە پێش سەردانەکەی چیان کەوت و ڕەتکردنەوەشی دەبووە هۆی شکستێکی تازە بۆ پێوەندییە دووقۆڵییەکان و هەردوولاشی شپرزە دەکرد. تەلەفۆنم بۆ سەرۆک کـرد و پێـشنیـازی ئـەوەم کـرد، تـا مل بـۆ چینیـیـەکـان بدات بـۆ ئەوەی بارودۆخێکی نائارام ڕوو نەدات. پاشـان وتم: "ئەمە باجێکی کەمە بیدەین بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرکاهێنانی ڤیتۆ". سەرۆکیش دەمودەست ڕازی بوو.

ئیـتر چینییـەکان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ سـەرۆکدا چنگ دەکەوێت، بەڵام ئەوەیان دەست ناکەوێت کە بە فیعلی خۆیان ویستبوویان، ئەویش سەردانی بۆشــە بۆ چـین و ئیلتـیـزام کـردنە بـەو هەوڵانەوەی بۆ هـەڵگرتنی ئەو ســزا ئابـووریـیــانـە دەدرێ کــە لە ئەنجــامی قــەســابخــانەکــەی (تیـانـانمین)ەوە بەسەریاندا سـەپێنراوە. گەر ئەمانە بکرایە دەبووە مایەی ئەوەی چینییـەکان بە بەڵێ دەنگ بۆ بڕیارەکە بدەن، بەڵام باجێکی قورس دەبوو.

لە ڕۆژی دەنگدانەکـەدا بە ئامـادەکردنـی تێبینیـیـەکانی خـۆمـەوە خـەریک

بووم. وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش، بە زنجیرەیەک لە کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەگەڵ چەند وەزیرێکی هاوپەیمانددا دەستم پێ کرد. یەکێک لەو وەزیرانە، ڕۆلان دوما بوو کە وتی: "ئەمە هەلێکی مێژووییە، چونکە عادەت نییە وەزیرانی دەرەوەی هەر پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکە لە یەک جێگەدا کۆ ببنەوە. ئێمە لێرەین تا عێراق لەوە ئاگادار بکەینەوە کە پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکە، کۆک و تەبان لە بیرکردنەوەیاندا".

من و دۆما لەگەڵ یەکتریدا بە چاکیی گونجابووین، بەڵام ئەوەتا جارێکی تر دەبینین فرەنساییەکان هەر فرەنساییەکانن. بەبۆچوونی ئەوان ئێمە سیاسەتێکی نەرمونیانمان گرتووەتەبەر لەگەڵ ئیسرائیلدا، زیاد لەوەی مەسەلەکە بخوازێت. دوما دەیویست ئاماژەیەک بداتە فەلەستینییەکان و هاوپەیمانەکانی خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا. منیش وتم: "ڕۆلان، من زۆر زیاتر حەز بەو ئیشە دەکەم، بەڵام ئامادە نیم هەر پێنجمان کۆ ببینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی فەلەستین، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەستنەوەی ئەم دوو کێشەیە پێکەوە". ئەویش وتی: "تێ دەگەم، دەتوانین قسە لەسەر ناوچەکە بکەین بەشێوەیەکی گشتی" لە ڕووی مەبدەئییەوە ئەمە بیرۆکەیەکی ماقووڵە، من خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکرد پاش کۆبوونەوەکە لەسەر خوانی ئێوارە، هەموو وەزیرانی پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کۆ بکەمەوە.

کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ تەلەفۆنم بۆ سەرۆک کرد، بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنم کە ڕەنگە وا پێویست بکات بۆ دواجار تەلەفۆنێک بۆ وەزیری دەرەوەی مالیزیا بکات. هەروەها پێم ڕاگەیاند سعوودییەکان و سۆڤیەتییەکان و کوەیتییەکان، تائێستاش بەردەوامن لە فشار خستنەسەر چین بۆ ئەوەی هەڵوێستی بگۆڕێ و بە بەڵێ دەنگ بدات.

داوی چل خولەک بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ خافێر پیرێز دیکویلاری

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ بوومەوە. دوو چەک بە بڕی ١٨٦ ملیۆن دۆلار دایە، وەک بەشێک لەو قیستانەی لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکان بوو تا بیداتە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەپێی یاسا ڕێگە بە وەزیری دارایی نادرێت، چەکێک ئیمزا بکات بەهاکەی زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلار بێت.

چەند وڵاتێک لەو قیستانە خۆیان گێل کردبوو لەوە کە دەبوو بدرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانیش چەند قیستێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر بوو سەرۆک ویستی بەشێوەیەکی ڕەمزی پێزانینی خۆی بۆ ئەو یارمەتییەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی کێشەکەدا پێشکێشی کرد نیشان بدات. دواتر بیستم کە دیکویلار بێزار بووە، لەبەرئەوەی بیرۆکراتییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ڕۆڵێکی لە قەیرانی کەنداودا نەبووە.

کاتژمێر ٣ بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کۆلۆمبیا کۆبوومەوە و پێی ڕاگەیاندم، وڵاتەکەی لەگەڵ کوبا و یەمەن و مالیزیا لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، پێداگیری ناکەن لەسەر ئەو بڕیارەی تایبەتە بە فەلەستین. هەستم کرد نەرمیی هەڵوێستی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ لە دیپلۆماتە لێهاتووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی بەریتانیا، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی نۆ دەنگیان بۆ کۆ نابێتەوە تا پرۆژەی بڕیارەکەی پێ بخەنە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. بەرهەحاڵ سوپاسی وەزیرم کرد و پێم وت: "ئەوەی ئێمە دەیکەین ڕاستە، بێگومان دەبێ دوژمنکارییەکە کۆتایی پێ بێنین

دوای ١٠ وەزیری دەرەوەی مالیزیا پێی ڕاگەیاندم کە وڵاتەکەی لەگەڵ ئێمەدا دەنگ دەدات، بەڵام پێی لەسەر ئەوە داگرت چەند ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر بۆ بەرژەوەندیی فەلەستینییەکان. ئەوان زۆر گیر بوون، بەڵام سوپاسم کرد بۆ ئەو نەرمیی نواندنەی و پێم وت: "پێنج سەد هەزار لاوی

ئەمەریکایی لە کەنداودان، پێم وایە دەتوانیت لەو نیگەرانییەی ئێمە تێ بگەیت". تەنیا ١٠ خولەکم لە بەردەمدا بوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش، لەو کاتەدا یاداشتێکی بەپەلەم لە توم پیکرینگی نوێنەرمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێک لە هاوەڵەکانییەوە، پێگەیشت و بۆ دواجار بەیانە ئامادەکراوەکەم خوێندەوە. پێش کۆبوونەوەکە جۆن کیلی پێی ڕاگەیاندم، یەمەن بەشێوەیەکی یەکجاری بڕیاری داوە دژی بڕیارەکە دەنگ بدات. منیش وتم: "چاکە، ئەم دەنگدانە بە نەخێر، دەبێتە بەنرخترین دەنگدان بەلایەن ئەوانەوە". دواتر هەندێ ڕاپۆرتە هەواڵ ڕایانگەیاندبوو گوایە من چاوڕاو دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە وا نەبوو.

***

## دەنگدانێکی مێژوویی

لە کاتژمێر سێ و نیودا داوام کرد بێدەنگیی هۆڵەکە بپارێزن. هۆڵەکە پڕ بووبوو لە ئامادەبووان و جەمەی دەهات. دیپلۆماتییەکان دانیشتبوون و ژمارەیەکی زۆریش لە دەوری مێزەکە بەپێوە ڕاوەستابوون. ئەم کۆبوونەوەیە دانیشتنی ژمارە ٢٩٦٣ی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو، ڕەنگە لە هەمووشیان گرینگتر بێت. وەزیری دەرەوەی سێزدە وڵات لەو پازدە وڵاتە ئەندامە ئامادە بووبوون. ئەمە چوارەمین جارە ئەنجوومەنی ئاسایش لەو ئاستەدا کۆ ببێتەوە. پێشتر دەمزانی هەڵوێست لە دەنگدان چۆنە، بەڵام من قسەم بۆ ژمارەیەک زۆر لە ئامادەبووان دەکرد و وتم: "کاتی ئەوە هاتووە ڕووبەڕووی هەریەک لە عێراق و گەلی ئەمەریکا ببینەوە بۆ مەسەلەی ئەو شەڕەی لە بیاباندا ڕوودەدات"

پاشان وتم: "حەز دەکەم مشتومڕی ئەمڕۆ بە چەند وتەیەک دەست پێ بکەم کە لە دەقی وتەیەکی سەرکردەی ئەسیوبییەوە وەرم گرتووە و پێم وایە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوتی وتووێژەکەمان ئاشکرا دەکات" دەقی وتەکەش

ئەمـەیە: (تا ئێـسـتـا هیچ گەلێک نەبووەتە قـوربانیی زوڵم و سـتـەمـێکی لەم جـۆرە، هەروەهـا حکوومـــەتێک نـەبووە بەم چەشـنە قـەتڵـوعـامی بـەرنامـە بۆرێژراوی دەوڵەتێک بکات، بـە دڕندەترین شـێـوە و هـەمـوو پـرەنسـیـپـە پیرۆزەکان بخاتە ژێر پێوە)

بەبڕوای من دەبوو ئەم وتانە لەلایەن میری کوەیتەوە بوترایە، بەڵام لەلایەن ئەوەوە نـەوترا. ئەم چەند وتەیە لە سـاڵی ١٩٩٠دا نەوتراوە، بگرە لە سـاڵی ١٩٣٦دا لەلایەن هـیلاسـیـلاسـی سـەرکـردەی ئـەسـیـوبـیـاوە ڕاگـەیـەنرا. ئەو پیاوەی کە وڵاتەکەی بینی ڕووبەڕووی داگیرکردن و پەلاماردانی ئیتاڵییەکان دەبێتـەوە، بەجـۆرێ ئەو مـامـەڵە دڕندانـەیـەی لەگـەڵ کوەیت کرا لە ٢ی ئابدا. ئەوەی جێگەی داخـە، ئەم بانگەوازەی ئاراستـەی (کۆمەڵەی نەتەوەکـان) کرا، بەر گـوێیـەکی کـەڕ کـەوت و هـەوڵی نەتەوەکـان شکسـتـی هێنا لە وەسـتـاندنی پەلامارەکە. دوای ئەوەش شـەڕ و ئاژاوە دنیای گرتەوە.

ئێـسـتـا مـێـژوو هەلێکی تری داوینـەتێ، پاش ئـەوەی لە جـەنگی سـارد ڕزگـارمـان بوو. هـەنووکـە دەرفـەتێکمـان لـەبەردەمـدایـە بۆ بنیـاتنانـی ئەو جیهانەی دامـەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە (واتە نەتەوە یەکگرتووەکان) داوایان دەکرد.

هـەلێکمـان لەبەردەمـدایـە بۆ ئەوەی، نەتەوە یەکگـرتووەکـان و ئەنجـوومـەنی ئاسـایش بـکەیـنە دوو ئامـرازی ڕاسـتــەقـیـنـە بۆ ئێـوە و بۆ دادپـەروەری لە تەواوی جیـهاندا. نابێت بهێڵین نەتەوە یەکگرتووەکان بەو چارەنووسە بگات کـە کـۆمـەڵەی نەتەوەکـان (عـصـبـة الامم)ی پێ گـەیشت. بێگومـان دەبێت بۆچوونـی هـاوبەشـمـان بۆ جـیـهـانێک هەبێت کـە پڕ بێت لە دادپەروەری و یەکسانی، لە ماوەی دوای جەنگی ساردا.

بەڵام گـەر بمـانەوێ ئەوە ئەنجـام بدەین، بێگومـان دەبێت ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشـەیـە ببـینـەوە کـە ئاشـتـی لـە جـیـهـاندا بـەهۆی دوژمنکـاریـی سـەدام

حوسێنەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە. بۆیە ئەو مشتومڕەی خەریکە دەستی پێ دەکەین، پێم وایە گرینگترین ئەو وتووێژانەیە لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام دراوە و بەیەکجاری و تا ڕادەیەکی زۆر، دوارۆژی ئەم ڕێکخراوە دیاری دەکات. بێگومان دەبێت ئەمڕۆ ئامانجمان ئەوە بێت قەناعەت بە سەدام حوسێن بکەین، کە ناکرێ خۆی لە داواکارییە مرۆییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵی نێودەوڵەتی گێل بکات.

ئەگەر عێراق ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەی ئاشتیدا نەبات، ئەوا پێویستە چەند ڕێوشوێنێکی تر بگرینەبەر، بەکارهێنانی هێزیش یەکێکە لەو ڕێگەیانە. بێگومان دەبێ ئەم ڕێگەیە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی بخرێتە پێش چاوی سەدام حوسێن.

بەپێی ئەو بڕیارانەی پێشتر سەبارەت بەم مەسەلەیە دراون، داوا دەکەم نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ جێگری سەرەک وەزیرانی کوەیت و وەزیری دەرەوەش جێگەیەکیان هەبێت لە ئەنجوومەندا. سەرەتا کوەیتییەکان دەستیان بە قسە کرد و دوای ئەوانیش نوێنەری عێراق، هەردوولایان بە هەمان ئەو زمانە وشکە قسەیان کرد دژی (مەرامەکانی ئیمپریالییەتی ئەمەریکایی). ئێمە بێزار بووبووین لە بیستنی ئەم شتانە. لە کاتژمێر چوار و دە دەقیقەدا یاداشتێک ئاراستەی سکرتێری گشتی کرا و تێیدا هاتبوو: (باشترین ڕێگەچارە بۆ بەرگریکردن، ئیدانەکردن و ڕەخنەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانە بەتوندی). بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە کار بکەین، ئەوانەی دژی پرۆژەی بڕیارەکە بوون، دەبوو مافی ئەوەیان هەبێ گوێ لە بیر و ڕایان بگیرێ. یەمەن سکاڵای لە دووفاقیی پێودانگەکان کرد، سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین و ڕایگەیاند ئێمە (واتە ئەمەریکا) بەرەو ئەوە دەڕۆین دەنگ بۆ بڕیاری شەڕ بدەین. لانی کەم ئەوان لەم بارەیەوە ڕاستیان دەکرد.

لەم سـەروبەندەدا یاداشـتێکی بەپەلەم نارد بۆ بوب کـیمـیت و تێـیدا نووسـیبووم: (نوێنەری هەمیشەیی یەمەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی ئەو چەپڵەیەوە کە بۆ وتارەکەیان لێ دا، لە نێوان دوو سەد تا سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری بەدەست کەوت).

کیلی پێویستی بەوە هەبوو قسە لەگەڵ کوەیتییەکان بکات و منیش دەمـویست وتووێژ لەگەڵ کـیلی و ڕیجی بکەم، لەسـەر بەرنامـەی یارمەتییەکانمان بۆ یەمەن. بەرنامەی یارمەتییەکانمان بۆ یەمەن ساڵانە بڕی ٧٠ ملیـۆن دۆلار بوو، بەڵام چەند وڵاتێکی تریش لە هاوپەیمانیـیـەکـە یارمـەتییـان پێشکێش دەکرد. وەک چاوەڕوان دەکرا، کوباش چووە پاڵ عێراق. لە ناوەڕاستی قسەکانی وەزیری دەرەوەی (مالیزیا)دا، یاداشتێکم نارد بۆ برنی ئەرۆنسـۆنی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا کـە کاروباری کوباش لە چوارچێوەی بەرپرسیارییەکانیدا بوو. لە یاداشتەکەدا نووسـیبووم: (دوای گوێگرتن لە نیوەی یەکـەمی وتەکـەی وەزیری دەرەوەی کوبا، قەناعەتی تەواوم هەیە ئەو وڵاتە لە هەموو حاڵەتەکاندا بە نەخێر دەنگ دەدات).

چیـان چینینی وەزیری دەرەوەی چین، دوایەمین کـەس بوو لەو شـەش کـەسـەی پێش دەنگدانەکە وتووێژیان کـرد وتەی خـۆی پێشکێش بکات. سـەرەڕای پێـوەندیی نێـوانمان، بەڵام هەوڵەکـانمان شکسـتی هێنا بۆ پەشیمانکردنەوەی لە دەنگنەدان. چیان وتی: "گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە، پێچەوانەی ئەو بڕوایەی چینە کە داوای چارەسەرکردنی کێشە دەوڵەتییەکان دەکات بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە".

جارێکی تر یاداشتێکم لای خۆم تۆمار کرد کە (چین حەزناکات پەنا بۆ ڕێگەی سەربازی ببـرێت، مەگەر لە حاڵەتی ناچاریدا نەبێت، وەک ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٨٩دا لە گۆڕەپانی تیانامین ڕووی دا).

له کاتژمێر پێنج و بیست و شەش دەقیقەدا داوام کرد ئەوەی دەنگ دەدات دەست هەڵبرێت، دەنگدانەکە بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر بوو.

سەرەنجام بە دوازدە دەنگی پشتگیری و بەرهەڵستیکردنی کوبا و یەمەن و دەنگنەدانی چین کۆتاییی هات. بڕیاری ژمارە ٦٧٨ ڕوون و ئاشکرا بوو. ئەوە بوو ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری دا هەل بداتە عێراق، بە مەرجێک لە بەرامبەردا عێراق نیازپاکیی خۆی نیشان بدات بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە کوەیت بەبێ مەرج، لە ماوەیەکدا کە ١٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ دوایەمین وادەی بێت.

ئەگەر سەدام لەو ماوەیەدا لە کوەیت نەکشێتەوە، ئەوا ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگە بە وڵاتانی ئەندام دەدات کە (هەموو ڕێگەچارە پێویستەکان) بگرنەبەر و ناوچەکە بگێڕنەوە دۆخی جارانی. لەو کاتەوەی لە ساڵی ١٩٥٠ کێشەی کۆریا دروست بووە، نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوە گەورەیە بڕیاری هەڵایسانی جەنگی نەداوە.

بەپێی ئەو تەقالیدانەی ئیشی پێ کراوە، سەرۆکی ئەنجوومەن مافی ئەوەی بوو دوا وتە پێشکێش بکات. لە وتەکەمدا وتم: "بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن، ئێمە لە بارودۆخێکی مێژوویی گرینگدا کۆ دەبینەوە. لە توانامانداپە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بقۆزینەوە، بۆ تێپەڕاندنی ئەو شێوازەی کێشەکان لە ڕێگەی هێزەوە چارەسەر دەکات، چونکە گەر وا نەبێت جارێکی تر ئەو ململانێ ناوچەییە دڕندانەیە دەبینینەوە کە هێز تاکە ڕێگەیە بتوانێ ڕاستی بگێڕێتەوە جێگەی خۆی. لە توانامانداپە ڕێگەی ئاشتی و حوکمی یاسا بچەسپێنین، گەر نا شێوازی دڕندانەی سەدام باڵادەست دەبێت و شەریعەتی جەنگەڵ سەروەر دەبێت دەتوانم. ڕوونتر بڵێم ئەمە هەڵبژاردنێکە لە نێوان ڕاستی و گومڕاییدا. پێم وایە هێندەمان هێز و ئازایەتی هەیە، تا بتوانین ڕاستی هەڵبژێرین".

بەم دەنگدانە، هەموو ئەو ڕەگەزە سیاسی و سەربازییانەی پلانەکەمان تەواو بوو کە بۆ ناچارکردنی عێراق گرتبوومانە بەر، تا لە کوەیت بچێتە دەرەوە. ئەمەش ڕاستگۆیییەک دەداتە هەڕەشەکانمان بە بەکارهێنانی هێز. ئێستا هاوپەیمانێتییەکە بڕیارێکی لە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە وەرگرتووە و ئەو بڕیارەش ڕێگەی پێ دەدا، لە کاتی ناچاریدا هێز بەکاربهێنێ.

***

## ٣

# گەیشتن بەڕێککەوتنێک لە نیشتمان

"زۆر پێویستە هاوکاریی یەک بکەین. ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی قورس و گران دەبینەوە و پێویستمان بەوەیە، بەتوندی سەدام ئاگەدار بکەینەوە کە نابێت یەکڕیزیی ناو ئەمەریکاییەکان تێک بدات."

–جیمس بیکەر–

"لەم وڵاتەدا ڕای گشتیی هەموو شتێکە".

– ئەبراهام لینکۆڵن، ١٨٥٩–

بەرواری ٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ کە چوارەم ڕۆژ بوو لەو گەشتەی یازدە وڵاتی دەگەڕتەوە، بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی هاوپەیمانەکان بەمەبەستی داکۆکیکردن لە بڕیاری (سەرجەم ڕێگە پێویستەکان). دوای کاتژمێر ٥ی پاش نیوەڕۆ گەیشتمە مۆسکۆ و پاش کاتژمێرێک دوای ئەوە لە میوانخانەی میجدونار و دیانا دابەزیم، لەو کاتەدا هەلی ئەوەم قۆستەوە کە ئێوارە، هیچ ئیلتزامێکم نییە بۆ ئەوەی لە ژوورەکەی خۆمدا ژەمی ئێوارە بخۆم و پاشان مەساجێک بکەم. پاش کەمێک و بەرلەوەی بچمە ناو جێگەی نووستنەوە، سەردانی ژوورەکەی بوب کیمیتم کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی پێوەندیدار لەوێ کۆ بووبوونەوە. کیمیت بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ واشنتۆن دەکرد و منیش هەروەک زۆربەی هاوەڵەکانم تراکسودێکم لە بەردابوو لەگەڵ جووتێ پێڵاوی سووکەڵە. ئێمە بەزۆریی دوای تەواوبوونی ئیشوکارەکان ئەو جلوبەرگانەمان دەپۆشی، بەتایبەت لە کاتی گەشتە درێژخایەنەکاندا بێت.

هەر لە هەمان ڕۆژدا و لە کاتی چوونمان بۆ مۆسکۆ بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ گۆرباچۆف و شیڤەر نادزە، لە ڕێگەی ڕیچارد هاسەوە کە نوێنەری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو لە گەشتەکەشدا لەگەڵمدا بوو، زانیم سبەینێ کۆشکی سپی بەنیازە ئیعلانی بڵاوبوونەوەی هێزێکی گەورەی تازەتری ئەمەریکایی بکات لە کەنداودا. ئەم بڕیارەی سەرۆک لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا بوو.

بەڵام بۆ ئەوەی هەلی ئەوەمان لەبەردەمدا بێت تا ڕاوێژ لەگەڵ ئەوانەدا بکەین کە هاوبەشی هاوپەیمانێتییەکەمانن، دیسان بۆ خۆ دوورخستنەوە

لەوەی نەوەک ئەمە ببێتە مەسەلەیەکی هەڵبژاردنی حزبی، بڕیاری ئەوەمان دا بانگەوازەکە دوابخرێ بۆ کاتێکی تر. دیاریکردنی کاتەکە ترسناک بوو، چونکە نە کۆنگرێس و نە هاوپەیمانەکانمان بەپێی پێویست ئامادەییان تێدا نەبوو بۆ بیستنی هەواڵەکە. سۆڤیەتییەکانیش خۆشحاڵ نابن بە هەواڵەکە. دەشمزانی شیڤەر نادزە کە دژی چارەسەری سەربازییە تووڕە دەبێت، ئەگەر جارێکی تر هەست بکات پاش ڕووداوەکان ئاگەدار دەکرێتەوە. بۆیە چاکتر بوو چەند ڕۆژێکی تر چاوەڕوان بکرایە، بۆ دڵنیابوون لە ئاگەدارکردنەوەی هەموو لایەنەکان. لەبەرئەوەی ڕاوێژم پێ نەکرابوو لەسەر بڕیاری بڵاوبوونەوەی هێزەکان، کتوپڕ هەموو ڕق و تووڕەیی خۆم ئاراستەی هاس کرد کە گەورەترین قوربانی بوو لەم ڕووەوە. دواتر پرسیم: "ئاخۆ بوونی پیاوێک لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی سوودی چییە تا لەم گەشتە لەگەڵمدا بێت؟". پاشان فەرمانم دا بە هاس کە لە بری من، سکاڵانامەیەکی ڕاستەوخۆ بداتە سکوکروفت. لە هەمان کاتدا ناڕەزاییەکانی خۆم بۆ سکوکروفت بە برووسکە نارد و تێیدا بەشێوەیەکی ڕەمزیی سوودەکانی دواخستنی بڕیارەکەم ڕوون کردەوە.

لە ڕاستیدا ئەو بانگەوازەی دەکرێ وڵاتێک بخاتە سەر ڕێگەی بیرکردنەوەی جدی یان لە شەڕ، پێویستە لە ڕۆژی جەنگاوەرە کۆنەکاندا ئەو بانگەوازە نەکرێ. کیمیت تەلەفۆنەکەی داخستەوە و بەشێوەیەکی ناڕەسمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕۆژی پێشووتر لە فڕۆکەکەدا ئەم هەواڵەیان بیستووە و سەرۆک بۆ ڕۆژی دواتر لە واشنتۆن بڕیاری پتەوکردنی هێزەکانی داوە. سەرەنجام ئەو داواکارییەم ڕەت کرایەوە کە داوای دواخستنی بانگەوازەکەم دەکرد، تا کۆتاییهاتنی ئەو گفتوگۆیانەی پێویست بوو لەگەڵ کۆنگرێس و هاوپەیمانەکان بکرێت. بەهۆی ئەو حەساسییەتە زۆرەی سەبارەت بەم بڕیارە هەبوو، ئەوا بەشێوەیەکی تایبەتی خرایە چوارچێوەیەکی زۆر نهێنییەوە. دواجار کۆشکی سپی دزە بە چەند هەواڵێک

بکرێت لەناو پنتاگۆنەوە، ترسی ئەوەی لێ نیشت، بۆیە بڕیار درا کە کاتی ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە دیاری نەکرێت.

پێم وابوو کۆشکی سپی لانی کەم هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی چەند دیدارێکی خێرا لەگەڵ گەورە ئەندامانی کۆنگرێس پێش بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە، بەڵام من لەم بۆچوونەمدا بەهەڵەدا چووبووم، هەر وەک ئەوەی گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی کیمیت ئاشکرای کرد. کتوپڕ هەستم بە بێزاری کرد، بەڵام جانیت مۆلێنز کە بەرپرسێکی گەورەی پێوەندیدار بوو لەگەڵ کۆنگرێسدا، تووشی شۆک بوو کاتێ ئەوەی زانی کە ئەم بڕیارە زۆر گرینگە، پێش ئەوەی لەگەڵ کۆنگرێس تاوتوێ بکرێت بڵاو دەکرێتەوە. ئەوە بوو وتی: "لەو بڕوایەدا نیم ئەمە ڕوو بدات بەبێ ئەوەی لە هیچ شتێک ئاگەدار بکرێنەوە، چونکە ئەوان هیچ زانیارییەکیان نییە لەسەر ئەوەی ئێمە ئامادەین بۆ شەڕ. ڕەنگە ئەوان سەرشێت بن و تۆش تووشی نەهامەتی زۆر ببیت لە کاتی گەڕانەوەتدا" مۆلێنز، بەردەوام چۆنیەتی وەڵامدانەوەی کۆنگرێسی بۆ هەر ڕووداوێکی دیاریکراو بەتوندی هەڵدەسەنگاند، چونکە ئەو فشارە دیپلۆماتی و ئەو سزا ئابوورییانە دوورترین شتن کە کۆنگرێس بتوانێ بڕوایان پێ بکات، بەڵام ئیلتیزامێکی تازەی گشتگیر بەهێزی سەربازی، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە.

لەو بڕوایەدام کۆکردنەوەی پشتگیری لە کۆنگرێسدا کارێکی ئەوەندە قورسە، وەک بڕیاری چاکسازیی باجدانی گشتی دەبێت لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتی ڕیگاندا. پێوەندیم بە سەرۆکەوە کرد و داوام لێ کرد کە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرانی کۆنگرێسدا قسە بکات بۆ ئاگەدارکردنەوەیان لەو هەوڵانەی بەدڵنیاییەوە نابێتە هۆی دڵخۆشییان. پێشنیازم کرد هەموو سەرانی کۆنگرێس لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ واشنتۆن، هەفتەی داهاتوو زۆر بەپەلە لەگەڵ سەرۆکدا کۆ ببنەوە.

لە ڕاسـتـیـدا مـۆلێنز بەشـێـوەیەک کـارەکـەی خـسـتـە ڕوو تا بڕێک لە قورسـاییـیـەکەی کەم بکاتەوە، چونکە تەنانـەت ئەگەر پێـشـتـریش ئـاگەدار بکرانایەوە، ئەوا زۆربـەی ئەندامـەکانیـان دژایەتی بڕیارەکەیان دەکرد. بەڵام ئەوان کـتـوپڕیی ڕووداوەکـە تووڕەی کـردن. دوای هـەوڵێکی چڕوپڕ، ئەم مـەسـەلەیە دوو مـانگی خـایاند، ئـەویش بـۆ کـەمکردنەوەی زیـانەکـان و دەرکردنی بڕیارێک بوو لە ئەنجوومەنی ئـاسایشـەوە. دوا هـەوڵی دیپلۆمـاتیی لە سەرۆکەوە بوو کە ڕێنمایی گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی نێوان من و وەزیری دەرەوەی عـێـراقی تێـدا بـوو، بەمـەبـەسـتی قـەناعـەتپـێکردنـی ئەندامـانی کۆنگرێس بۆ پشتگیریکردنی ڕێگەچارەی سەربازی.

دواجار کێشـەی کەنداو بەشێوەیەکی بێ ئەندازە دراماتیکی پەرەی سەند و بێگومـان ئەو ململانێ درێژخـایـەن و دووبارەبووەوەی ڤێتنام، کـاریگەریی کـاتیی هـەبوو لەسـەر ڕووداوەکـان لەبەرئەوەی پرۆسـەی گەردەلوولی بیـابان سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا و، ئیتر گەلی ئەمـەریکایی و نوێنەرە هەڵبـژێردراوەکـانیـان ئامـادەیی زیاتریان تێـدایە بۆ ڕازیبـوون لـەسـەر بەکـارهێنـانی هێـزی سـەربازی، لە کـاتی هاتنـەپێـشی بارودۆخـێکدا کـە بەئاشکرا بەرژەوەندیی نیشـتـمـانی بخـاتە مـەترسـیـیـەوە. بەڵام لە سـەرەتای کێشـەکەوە لە توانای کەسماندا نەبوو، هەست بەوە بکات سـەرکەوتوو دەبین لەو کـارەدا. بەپێـچـەوانەوە ئەو بڕیـارە نـهـێنـیـیـەی سـەرۆک دەری کـرد بۆ بەکـارهێنانی هـێـزی سـەربازی لـە کـاتی ناچاریدا بۆ دەرکـردنی سـەدام حـوسـێن لە کـوەیت، لەلایـەن هیچ کـام لـە کـۆنگرێس و ڕای گـشـتـیـیـەوە پشتگیری لێ نەکرا.

دەمـزانی ئێـمـە هەڵەیەکی گـەورە دەکـەین بە بەرپاکـردنی جـەنـگ، بەبێ زامنکردنی پشـتگیـری لە کـۆنگرێسـەوە. بۆشـتـان سـاغ دەبێـتـەوە کـە ئەم مەسەلەیە گرینگیی کەمتر نییە لە کۆکردنەوەی پشتگیریی نێونەتەوەیی دژی سـەدام. پێش ئەوەی عێراق کـوەیت داگیـر بکات، ئێمـە سیاسـەتی توندی

خۆمان بەرامبەر ڕژێمی بەغدا دەست پێ کردبوو. ئەوەبوو ئەو سیاسەتەی لە ئاستی پێوەندیی بنیاتنەرانەدا بوو، وردە وردە دەگۆڕا بۆ سیاسەتێکی واقیعیتر و ڕەخنەگرانەتر لە سەدام.

بەم جۆرە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا لە کەسێکەوە کە هەوڵی ئەوە بدا هاریکاری لەگەڵ سەدامدا بکات، گۆڕاین بۆ کەسێک کە بە هیتلەری بچوێنین. ئەم جیاوازییە ئاشکرایە کارێکی وای کرد بەزەحمەت بتوانین وشیاریی گەلی ئەمەریکایی بورووژێنین بەرامبەر هەڕەشە و مەترسییەکانی سەدام حوسێن.

گەر لە بۆچوونێکی سایکۆلۆجییشەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا ڕووبەڕووی ڕێگرێک دەبینەوە کە سەرنجی ڕای گشتی بۆ هەڕەشەیەکی تەواو تازە ڕاکێشا لە سەر ئەمەریکاییەکان، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر، نەوە، ئەمەریکاییەکان یەکەتیی سۆڤیەتیان وەک تاکە دوژمنێک دەبینی، بەڵام لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٩٠دا ئەو وێنەیەی لە مێشکی زۆربەی خەڵکیدا بوو کە گوایە مۆسکۆ هەڕەشەی ڕاستەقینەیە، کاڵ بووەوە. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەدا و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، عێراق و سەدام حوسێنێک دەردەکەوێت کە سەرکردایەتی چوارەم گەورەترین سوپا دەکات لە جیهاندا و خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجییە، هاوکات زۆر بە وردی سەرقاڵی گەشەپێدانی توانا ئەتۆمییەکانێتی. لەگەڵ ئەوەشدا سەدام حوسێن سەرکردەیەکی ناسراو نەبوو لە لای زۆرینەی ئەمەریکاییەکان، لەبەر ئەوە زۆر بە گران دەمانتوانی مەسەلەی ترسناکی و هەڕەشەی سەدام بخەینە ڕوو.

کێشەکەش گەورەتر بوو، کاتێ ئەو ڕاستییە ئاشکرابوو کە بڕێکی زۆر کەم لە خەڵکی ئێمە، ئاگادارییان لەبارەی کوەیتەوە هەیە. ئەمە ئەگەر ئەو بڕە کەمەش شوێنی جوگرافیی کوەیت پێ بزانن. تەنانەت هەموو

ئەوانەشیان دەزانی کوەیت وڵاتێکی بچووکە، بێ ئاگەبوون لەوەی کۆمەڵێ دەرەبەگی موڵکدار حوکمی دەکەن و ئەو وڵاتە هیچ سەروکار و ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ کولتووری دیموکراتییانەی ڕۆئاوادا نییە، هەروەها بە درێژایی دەیان ساڵ و واتە لەو کاتەوەی بەریتانیا کوەیتی لە عێراق دابڕیوە و جیای کردووەتەوە، بنەماڵەی سەباحی فەرمانڕەوا، ڕێگەیان بەهیچ هەڵبژاردنێک نەداوە، تەنانەت ئەگەر بۆ تەنیا جارێکیش بووبێت.

لە ڕاستیدا گوێ پێ نەدانی کۆنگرێس بەم مەسەلەیە، ڕەنگدانەوەی خەمساردیی ڕای گشتیی ئەمەریکایی بوو.

***

هەوڵێکی زۆرمان بەخەرج دا، نەک تەنیا بۆ روونکردنەوەی ئەو زیانە ئابوورییە جەوهەرییانەی داگیرکاریی عێراق دەبێتە هۆی ڕوودانی، بگرە هەوڵمان دا ئەو هەڕەشانەش بخەینە ڕوو کە ئەم دوژمنکارییە دروستی دەکات لە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی، بەهۆی چەکە کوشندە و ئەتۆمییەکانی سەدامەوە. هاوکات لە ناوەخۆدا و لە ڕووی سیاسییەوە، باجی ئەو لێدوانانەمان دا کە دژبەیەک بوون. ئەو پشتگیرییەش کە بۆ گەردەلوولی بیابان هەبوو، وردە وردە پاشەکشێی دەکرد. پاشان هەموو ئەوانەی مانیان گرتبوو بە چەند دروشمێکی وەک: (نا بۆ خوێنڕشتن لە بەرامبەر نەوت)، گەمارۆی سەرۆکیان دا.

هەڵوێستی کۆنگرێس بەزەقی زۆر، نائارامیی پێوە دیار بوو، سەبارەت بە لەشکرکێشیی سەربازیی بەردەوام و منیش بۆ شێوازێک دەگەڕام تا ناوەخۆی لە گەورەیی ئەو هەڕەشانەی هاووڵاتی ئەمەریکا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەوڵدان بۆ پاشان لێ ئاگەدار بکەنەوە. زامنکردنی پشتگیری لە سیاسەتێک کە ڕەنگە بە شەڕ کۆتایی بێت لە کەنداودا دواجار لە هەموو ئەوانە خراپتر ڕووی دا و لە گەرمەی هەوڵەکانم بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری

له نامــەکــەی ســـەرۆک، ناچار زیادەڕەویم کــرد و لـە وەڵامــدانەوەی ئەو ناڕەزاییيانەی پێیان وابوو تەنیا هـۆکاری له ئامادەبوونی ئێمە له کەنداودا نەوتە، بڕیارێکی سیاسیی دژوارم دا کە لە بنچینەدا هەڵوێستێکی مەبدەئیی بوو دژی دوژمنکارییـەک کـە پاسـاوی بۆ نییـە هەوڵیشـم دا بەجـۆرێک ئەو شتانە بخەمـە ڕوو کە مەسەلەکە تەنیا ئابووریی نییە. لەم سەروبەندەدا و بۆ ڕوونکـردنەوەی ئەو شــتــانە کــۆنگرەیەکی ڕۆژنامــەوانیم ســازدا و لـەگــەڵ کۆتاییـهاتنی کۆنـگرە ڕۆژنامـەنووسییـەکەدا، برووسکەیەکم پێ گەیشت کـە بووە هۆی پشـێـوی. هۆکـارەکـەشی ئەوەبوو ریچـارد لۆگـاری سـینـاتۆر لە ئەندیانا کە یەکێکە لەو کۆماریخوازانەی خـاوەنی دەنگێکی ڕەخنەگرانەیە لە لێــژنەی پێـوەندییـەکـانی دەرەوە، داوای لە ســەرۆک کـردبـوو بە ئاشکرا کۆنگرێس بانگهێشتی کۆبوونەوە بکرێت لە پشـووی هاوینەیدا، بەمەبەستی دەرکـردنی بڕیارێک بـۆ ئەوەی ڕێگە بە بـەکارهـێنانی هێـزی سـەربازی دژی سەدام بدات. لۆگار ماوەیەک بوو ئیشی بۆ ئەمە دەکرد. لە کاتی جێهێشتنی کۆشکی سپیدا، بەو باوەڕە هەڵەیەوە چووبووە دەرەوە کە گوایە ئەم قسانەی بۆ پشــتگیـریکردنـی سـەرۆک کـردووە. ئەوەی ڕاسـتی بێت، ئەمـە هەوڵێکی نیـازپاکـانە بوو لەلایەن لۆگـارەوە. هـەمـوو ئەوانەی هەڵیـانـبـژاردبوو، ڕایان گەیاندبوو لەو مـەسەلەیە تێ ناگەن کە بووەتە هۆی ناردنی هێزی سەربازیی زیـاتر. لۆگـــار لەو بڕوایەدا بـوو دەرکـــردنی بڕیاری پشـــتگیـــری لەلایـەن کۆنگرێسـەوە، دەبێتە هۆی ئاڕاسـتەکردنی بەیاننامـەیەکی بەهێز و ئاشکرا بۆ پشـتگیـریکردنی سیـاسـەتەکەی و شـێوەیەکی حـزبییـانە وەرناگرێت. لەم کاتەدا بۆب دۆڵی سیناتۆر چووە پاڵ ئەم پێشنیازەی دی لۆگار.

لە ڕووکــەشــدا ئـەمــە پـێــشنیــازێکی چاک بوو بۆ نـائومــێـدکــردنی دیموکراتخوازەکان، بەڵام پێشنیازەکەی لۆگار پێشبینیی ماڵوێرانییـەکی گـەورەی لـێ دەکـرا. لەو کـاتەدا ئێـمـە دەنگی تەواومـان نەبوو، چونکە ئەو ئەندامــانەی لە هەردوولادا ئەم ڕووداوە کـاری تێ کـردبوون، هەسـتـیـان بە

توورەیی دەکرد، لەبەرئەوەی بۆ ناردنی هێزی سەربازیی زیاتر. ڕاوێژیان پێ نەکرابوو. بەواقیعیش نەماندەتوانی هێز بەکار بهێنین، بەهۆی بوونی ناڕەزایی لە کۆنگرێسدا بەشێوەیەکی ئاشکرا. لەم کاتەدا هەموو هاوپەیمانە نێونەتەوەییەکانیشمان سەریان سڕ دەمێنێ لە ئاست سووربوونی ئەمەریکا و بەمەش توانای سەرۆک بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە دەبووە جێی گومان ئەمە سەرباری ئەوەی سزا ئابوورییەکان هەمووی شەست ڕۆژێک بوو جێبەجێ کرابوو تا ئەو کاتەش زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس لەو باوەڕەدا بوون، سزاکان عێراق ناچار دەکات لە کوەیت بکشێتەوە ئەگەر کاتی تەواوی بدرێتێ.

یەکێک لەو موفارەقە سەیرانەی برێکی زۆر کێشەکەی سووک کردین، هاوکاریکردنی سەرۆکی زۆرینەی دیموکراتیخوازەکان بوو لە ئەنجوومەنی پیراندا کە ئەویش جۆرج میچێل بوو، پاش گەڕانەوەم لە بەرمۆدا، چەند دیدارێکم لەکەڵ میچێل ساز کرد. لە کۆتاییدا ڕێک کەوتین لەسەر ئەوەی بڕیاری کۆنگرێس گرینگە، بەڵام پاش دەرکردنی بڕیارێکی هاوشێوە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. پاشان میچێل پێی ڕاگەیاندم کە دەنگدان لەوێدا لە پێناو پشتگیریکردنی بڕیارێکی پاک و بێگەردداپە، بەڵام بڕیارێکی بوێرانە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەبێتە بیانوویەکی بەهێز بۆ قەناعەتپێکردنی ئەندامە دوودڵەکان. لە کۆتاییدا میچێل بە ئاشکرا ڕای گەیاند کە ناخوازێ کۆبوونەوەیەکی تایبەت، لەسەر پێشنیازەکەی لۆگار ساز بکرێت.

پاش گەڕانەوەم لە بەرمۆدا بەیەک ڕۆژ وەک دێتەوە بیرم، لە یەکێک لەو کۆبوونەوە پڕ لە ئاژاوانەدا بەشداریم کرد کە لە نێوان هەردوو حزب لە کۆنگرێسدا ڕووی دا. ئەوە بوو سەرۆک سوور بوو لەسەر داکۆکیکردن لە بڕیاری ناردنی هێز، بەو پێیەی گرینگترین ڕێگەچارەسەری خۆپاراستنە و جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە باشترین ئومێد بۆ خۆپاراستن لە شەڕ، قەناعەتپێکردنی سەدامە بەوەی ئێمە قەرەی ناکەوین.

که قسه هاته سەر من وتم: "ئەمە تەنیا ئیحتیماله بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە، چونکە ڕۆژنامەکانی سەدام هاواری ئەوە دەکەن کە گوایە ئێمە توانای هیچ هەنگاوێکمان نییە". بەرپرسیارییەکی هاوبەشمان لەسەر بوو بەوەی، هیچ ئاماژەیەکی دژبەیەک ئاراستەی یەکتری نەکەین. دوودڵیی بە سیمای ئەندامەکانەوە دیار بوو. لە ڕاستیدا کاتێ گوێبیستی سەرزەنشتکردنی سیاسەتەکەمان بووم لەلایەن ئەوانەوە، جگە لە گاڵتەجاڕی هیچ ڕێگایەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو، تازەکیش لە گەشتێک گەڕابوومەوە کە هاوپەیمانەکان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ جەنگ پێشبینی هەڵایسانی جەنگیان دەکرد. کەچی ئەو کۆنگرێسەی ڕەزامەندی نیشاندانی لە هەمووان زیاتر گرینگتر بوو، هێشتا نەهاتبووە سەربار. لە هەموو ئەو جیاوازییانەی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هەبوو لەبارەی مافی هەڵایسانی جەنگەوە، بەردەوام کۆنگرێس پشتی سەرۆکی دەگرت لەم جۆرە مەسەلانەدا.

ئەم مەسەلەیە پێویستی بە بڕێکی زۆر ڕاوێژ و یارمەتی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەواو بێگومان بووم ئەگەر سەرۆک داوای ڕەزامەندی لە کۆنگرێس بکات، ئەوا لە کۆتاییدا داواکارییەکەی ڕەت ناکرێتەوە. جێگری سەرۆکیش ئەم بیروڕایەی بەدڵ نەبوو، بەڵام سکۆکرۆفت بە بێلایەنی مایەوە، چونکە ئەو پێی وابوو ئەم بڕیارە بەسوودە، بەڵام ئیلزامی نییە.

چینی دژی ئەم بیرۆکەیە بوو، چونکە پێی وابوو زیانەکانی دەنگ نەدان تەواو مەترسیدارە و ئەو سەرکێشییە دروست نییە. پاشان جون سنونو کە سەرۆکی دەستەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی بوو داوای ئەوەی کرد، پێویستە کۆنگرێس پشتگوێ بخرێت و دەبێت سەرۆک ئەوە بکات کە خۆی دەیەوێت. گەر بڕوامان بەوە بهێنایە کە ئیدی بوار نەماوە بۆ بڕیاری پشتگیریکردن، ئەوا سەرۆک بەردەوام ئامادەیی تێدا بووە بۆ ڕوو وەرگێڕان لە کۆنگرێس لە کاتی پێویستدا و هەڵایسانی شەڕ بەپێی مادەی ٥١ لە

بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێگە بە بەکارهێنانی هێـزی سەربازی دەدات. لە یەکێ لە قۆناغەکاندا هەستاین بە تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیەی کە بە فیعلی پەنا بەرینە بەر ئەو یاسایەی، ڕێگە دەدا بە سەرۆک تا شەڕ رابگەیەنێت لە ماوەی نەوەت ڕۆژدا. بەبێ ڕەزامەندیی کۆنگرێس، چونکە پنتاگۆن جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم شەڕە لەو بەروارەدا کۆتایی دێت. تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنەش هەڵە بێت، ئەوا هیچ بوارێک لە بەردەم کۆنگرێسدا نامێنێت تا بڕیار لەسەر وەستاندنی شەڕ بدات، بەمەرجێک شەڕ دەستی پێ کردبێت. لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی ئەم فێڵە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی پێشینەیەکی دەستووریی ترسناک لە پاشەڕۆژدا و ڕێگە لە ئیشکردنی سەرۆک دەگرێت بە شێوەیەکی ئازاد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە مانگی کانوونی یەکەمدا لەگەڵ سەرانی کۆنگرێسدا بەسترا، هەموو ئەو گفتوگۆ ناوەخۆییانە کۆتایی هات، کاتێ یەکێکیان لە جۆرج بۆشی پرسی تۆ چیت دەوێت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: "بەچاکی دەزانم واز لە کۆنگرێس بهێنین تا دەستخۆشی لەو کارە بکات کە بەنیازم بیکەم".

## ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە کۆنگرێسدا

لەو بڕوایەدا بووم هەر هەوڵدانێک بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری کۆنگرێس، جێی دڵنیایی نییە. ئەم ڕایەشم بەدرێژایی دوو ڕۆژ وەک لە بەردەم نوێنەرە بەگومانەکاندا تەئکید دەکردەوە. لە کۆتایی تشرینی دووەمدا داوەتنامەیەکم لە فاسیلەوە پێ گەیشت کە سەرۆکی لێژنەی کاروباری دەرەوە بوو، زۆرجار من و فاسیل لە بیر و ڕادا بە چاکی گونجاو بووین. ئەگەرچی ئەو یەکێک بوو لەو دیموکراتخوازە موحافیزکارانەی دەستێکی باڵای هەبوو لە زۆربەی ئەو مەسەلانەی، پێوەندیان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبوو، و دەشمزانی پاڵپشتیی سەرۆک دەکات، بەڵام بە ئاشکرا پێی وتم: "بۆچوونێک لە کۆنگرێسدا هەیە گوایە تۆ خۆت لە کۆنگرێس بە گەورەتر دەزانی، ئەویش

لەبەرئەوەی شایەدی نادەیت". لەمەدا ڕاستی دەکرد، چونکە بەهیچ جۆرێک کۆنگرێسم ئاگەدار نەدەکردەوە لەو زانیارییانەی، پێوەندییان بەو ڕێککەوتننامە گرینگانەوە هەبوو کە سەبارەت بە نەخشەی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە شەڕدا مۆر کرابوو.

دەمزانی هەر وتەیەک کە لە زارمەوە بێتە دەرێ هەتا ئەگەر لە دانیشتنە حکومییەکاندا بێت، بۆ سبەینێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. بەمجۆرە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتییش بووە کۆنگرێس تووڕە بکەم، زۆر واقیعیترە لەوەی سەرکێشی بە دزەکردنی هەواڵێکەوە بکەم کە ڕەنگە سیاسەتەکەمان لە ڕەوتی خۆی دەربکات و هەڕەشە لە تەبایی و یەکانگیریی هاوپەیمانێتییە نێونەتەوەییەکەمان بکات. فاسیل پێی ڕاگەیاندم سیاسەتی خۆگێلکردنی نەرمونیان گەیشتووەتە ئەو حاڵەتەی کە لە ئابووریدا بە (کەمبوونەوەی بەروبوومی دانەوێڵە) ناو دەبرێت. پاشان وتی: "من تووشی ڕەخنەگرتن دەبم لە ئەندامەکانەوە و لەو بڕوایەدام تۆ پێویستیت بەوە هەیە لە کۆنگرێس دەرکەویت"، (هەمان ئەم قسانەم لە هەندێ لە کۆنگرێسمانە دیموکراتخوازەکانیشەوە بیستبوو). وەک مەسەلەیەکی زانستیش دەمزانی ناتوانین داوای بڕیاری پشتگیری لە کۆنگرێس بکەین پێش ئەوەی لەسەر شایەتیدان ڕازی بم. بڕیارم دا لە سەرەتای کانوونی یەکەمدا لە بەردەم هەردوو لێژنەی کاروباری دەرەوەی دوو ئەنجوومەنەکەدا ئامادەبم. بەپێی ڕێکخستنێکی پێشوەخت، ئەم دوو وادەیە لە دواییدا کۆتایی بە دەنگدانەکە دەهێنن لەسەر بڕیاری ڕێپێدان بە بەکارهێنانی هێز لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەییدا و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبێتە پاڵپشتییەکی بەهێز، بۆ پشتگیریکردنی سەرۆک لە کۆنگرێسدا. دەمزانی دەرکەوتنم لەبەردەم کۆنگرێسدا یەکێک دەبێ لەو دوا فرسەتانەی لە بەردەممدایە، بۆ قەناعەتپێکردنی ئەو ناوەندە دوودڵەی پێی وایە ئەو سیاسەتەی بەئاشکرا دژایەتی دەکات، خۆ ئامادەکردنە بۆ جەنگ.

له ڕاستیدا ئەوە تەنیا فرسەت بوو بۆ زامنکردنی چارەسەرێکی ئاشتییانە کە هەموومان لە پێناویدا کارمان دەکرد. دەمزانی گەیاندنی ئەوە کارێکی زۆر قورسە.

لە ٥ی کانوونی یەکەمدا لە کاتی شایەدیدانم لە بەردەم لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەدا لە ئەنجوومەنی پیراندا، ئەو بەهانە ئەخلاقی و مێژووییانەم خستە ڕوو کە وای لێ کردین بەرەنگاری دوژمنکاریی سەدام ببینەوە، جا ئیتر لەلایەن سەرۆکەوە بووبێت یان لەلایەن ئێمەوە بووبێت. هەروەها بەرگریم لەو جموجووڵە سەربازییەش کرد، بەو پێیەی ڕێوشوێنێکی پێشوەختی ژیرانە بووە و پێویست بووە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕاستگۆیی هەوڵە دیپلۆماتییەکانمان، چونکە ئەگەر سەدام حوسێن لەو بڕوایەدابووبێت کە ڕێگەچارەی سەربازی جگە لە خۆ گیڤکردنەوە هیچی تر نییە، ئەوا هەرگیز لە کوەیت ناکشێتەوە. بەڵام مەبەستی سەرەکیم هێرشکردنێکی ئاشکرا بوو، بۆ سەر ئەو بیانوانەی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێس خۆیان لە پشتییەوە دەشاردەوە. ئەویش ئەو بیرۆکە هەڵەیە بوو کە گوایە سزاکان بەشێوەیەکی حەتمی، دەبنە هۆی چوونە دەرەوەی سەدام لە کوەیت گەر کاتی تەواوی پێ بدرێت.

***

ڕۆژی هەینی سەرۆک پێشنیازی ئەوەی کرد بچم بۆ بەغدا و عێراقیش تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوە بنێرێت بۆ واشنتۆن، وەک دوایەمین هەوڵ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە. وەک چۆن پێشبینیم کردبوو لێژنەکە مامەڵەی دۆستانەی کرد، بەڵام هەر زوو گفتوگۆکان بەئاراستەی بەرەنگاربوونەوەدا چوون. پاشان بۆم ڕوون بووەوە کە ئەندامەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن سوور بن لەسەر سزاکان، بەو پێیەی ئاسانترین ڕێگەیە و دەبێت ئەو بیرۆکەیە ڕەت بکرێتەوە کە پێی وایە سزاکان هیچ سوودێکیان نییە.

ئەندامـانی کـۆنگرێس بێ ئـەندازە پابەندی بۆچوونـەکانیـان بوون. فـرانک مـۆرکـۆفـسکی کـە کـۆمـاریخـوازێکە و لە ویلایەتی ئـالاسکا، پرسـی ئاخـۆ دەکرێت کێڵگەی نـەوتی مـەبروکی کوەیتی بدەین بـە سـەدام حـوسێن؟ ئەمـە بیـرۆکـەیەکی ترسناک بـوو، چونکە لە بـری سـزادانی تـاوانبـارێک دەیکردە شـاباشـکردنی ئـەم پێـشـنیـازە هـەریـەک لە پۆل سـیـمـۆن لە ئـەلینۆی و کریستۆڤەر ڕود لە کونیکتیکیت ڕازی بوون لەسەری.

لەم کـاتەدا زۆر بـە توندی و بـە ئاشکرا ڕەخنەی لـە هێـرشـی سـەربازی گرت، پۆل سـاربانیس بوو لە ویلایـەتی مـیریلاند. بـەرگرییـەکی توندیشـی لە سزاکـان کرد. سـاربانیس بە دەنگێکی بەرز وتی: "وادیارە ئێوەش ئێمـەتان خـسـتـووەتـە سـەر ڕێگەی شـەڕکـردن". هـەروەها وتی: "زیادکـردنی هێـز و دیاریکردنی کات، مانای ئەوەیە ئێمە گرینگی نادەین بە مـەسەلەی گەیشتن بە چارەسـەرێکی یەکلاییکەرەوەی ئاشـتیـیانە، چونکە سـزاکان پێویستی بە زیاتر لە ٤ یان ٦ یان ١٠ مانگ دەبێت".

ئەوە تاوانباری کردین و وتی: "زیادکردنی هێز دەتانگەیەنێتە ڕێگەیەک بۆ شەڕکردن کە گەڕانەوەی نییە. ئێستا ناتوانم داوا لە هیچ خێزانێک بکەم تا کوڕێکی یان کچێکی لەدەست بدات، لەو ملمـلانێیـەی ڕەنگە لەم سی ڕۆژە یان نەوەت ڕۆژەی داهـاتوودا ڕوو بدات. ئەمـە دەبێـتـە هۆی لەباربـردنی هـەر ئەگـەرێک کـە بۆ چارەسـەری ئاشـتـیـیـانە لە ئارادایە، چونکە ڕێگەچارەی سزاکان هێشتا تەواو نەبووە.

ئێـوە سـیـاسـەتێک پەیڕەو دەکـەن کـاریگەریـی خـۆی دەبێت. سـزاکـان کاریگەرییان دەبێت، ئاشکراشە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کاریگەرییان دەبێت. کـەچی لەبری ئەوە وازمـان لە سـیاسـەتەکەی خـۆمـان هێناوە و ڕێگەیەکمـان گـرتـووەتەبـەر، لەو بـڕوایەدام بەرەو شـەڕمـان دەبات. ئەمـە ئـەو کـاتـەیە دوژمنایەتییـە درێژخـایەنـەکان پێویسـتـیـان بە زرنگی و ورە و پشـوودرێژی

هەیە. ئەم شتانەش پێویستی بە ئازایەتی هەیە، چونکە دوایەمین فرسەت بۆ یەکلاییکردنەوەیەکی ئاشتییانە، بەردەوامبوونی سیاسەتی سزا ئابوورییەکانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی تر، بۆ ئەوەی فرسەتێکی بدرێتێ و ئاکامێکیشی هەبێت" .

لەم بڕوایەدا بووم ئەم مەنتیقە بۆ قەناعەتپێکردن بە چاکترین پێودانگیش، هێشتا هەر ساویلکانەیە. ساربانیس لە سیشیل ڕودسەوە منحەیەکی وەرگرتبوو، ئەزموونێکی فراوانیشی لە کاروباری نێونەتەوەییشدا هەبوو. هەروەک مەسەلەیەکی عەمەلیش، من دەمزانی نیمچە مەحاڵێکە بتوانرێت پارێزگاری لەو هاوپەیمانییە نێونەتەوەییە بکرێت، بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرەی ئەو پێشنیازی کردبوو.

ساربانیس هەرچییەکی هەبوو وتبووی، بەڕادەیەک نەیدەوێرا هیچ پرسیارێک بکات، بەڵام نەمدەویست بەبێ سزا بۆی دەرچێت. وتم: "سیناتۆر ڕێگەم پێ بدە بڵێم، من هەموو سپێدەیەک لە وەزارەتی دەرەوە دەچمە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی خۆم، بۆ ئەوەی گۆڕستانی ئەرلینجتۆنی نیشتمانی ببینم. من چاک دەزانم ئەوەی لێرەدا خەتەرناکە چییە و لەو بڕوایەدام سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانیش ئەمە بە چاکی دەزانێ. ئێمە لەو جۆرە نین هەڵەشە بین". جەنابی سیناتۆر: (من وەک وەزیرێکی دەرەوەی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان، هەست بە قورسیی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەم کە چاوەڕوانمە. هەروەها دەتوانم پێت بڵێم من لەو بڕوایەدام مەترسییەک لە خراپ هەڵسەنگاندنی ئەوەشدا هەیە کە ڕەنگە بمانگەیەنێتە چارەسەرێکی ئاشتییانە. ئەگەر نەتوانین قەناعەت بەم دیکتاتۆرە بکەین بە زەبری هێز لە کوەیت بکشێتەوە، ئەوا سەرکێشیی گەورەتر دەکات و ناتوانین بگەینە چارەسەری ئاشتییانە)

کۆبوونەوەکان گەیشتە نزمترین ئاستی خۆیان، کاتێ فاسیل و گەورە

ئەندامـانی دیموکـراتخـوازەکـان ژوورەکـەیان جێ هێـشت و سـەرکـردایەتی لێژنەکەیان تەسلیم بـە پیتەر کۆسـتمـایەر کرد. کۆسـتمـایەر وتـی: "تۆ وەک وەزیری دەرەوە و هـاولاتییـەکی زرنگ، پێتان وایە ئەم مـەسەلەیە سی یان چل یان پەنجا هـەزار سـەربازی ئەمەریکایی تیا لەدەست بدرێ؟". ئەم پرسـیارەی هـەر بۆ دروسـتکردنی کێـشـە بوو، چونکە لە خـراپتـرین سـینـاریۆکانیـشـدا زانیارییەکانی پنتاگۆن وایان خەمـلاندبوو کە زیانە مرۆییـەکان، تەنیا چەند هـەزارێک دەبێت. لەم کـاتەدا تەواو گـرژ بووم، لەبەر ئەو کـەللەڕەقیـیـەی بەم هێـرشـە سـووکـەوە دیاربوو. دواتر هـەر دوو جـێگرەکـەم کـە لەپشـتـمـەوە دانیـشتـبوون، وتیان پشـتەملـم زۆر سوور بووبووەوە، لە کـاتی گفتوگۆکردن لەسـەر ئەو مـەسـەلانـە. منیش وەڵامم دایەوە وتم: "ئەمـە تەنیـا پرسـیـارێکی گریمانەییە و ناتوانم وەڵامی بدەمەوە".

کۆستمایەر سوور بوو لەسەر ڕای خۆی و وتی: "نەکردنی ئەم پرسیارە لە خـۆت، وەک پیـاوێک کـە لـەوانەیە لە بڕیـارداندا هاوبەشـمـان بێت، بەوپەڕی ڕێزەوە پێت دەڵێم گـەورەم، بەلای منەوە هـەڵوێسـتێکی نامـەسئوولانەیە". ئەو درێژەی دایە و مـنیش لەشم گـەرم داهـاتبـوو. لە درێژەی قـسـەکـانیـدا وتـی: "ئەڵبەتە پێویستە لەسەرت ئەمـە بکەیت. هەروەها پێویستە چەند پرسیارێکی زۆر حـەسـاسـیش لەخـۆت بکەیت، سـەبارەت بەو کـاتـەی پێکدادانەکـان بخـایـەنێ، بەڵام نابێ ئەمـە لـە مونتـەدایەکی گـشـتیـدا بکەی". کۆسـتـمـایەر بەردەوام بوو لـەسـەر گـەمـە سـیـاسـیـیـەکـەی و دەیویست، بڕی زیانەکـانی جەنگی کەنداو لە منەوە بزانێ.

پرسـیـارێکی کـرد و وتـی: "لە پێنـاو ٢٥٠ هـەزار سـەربازدا، پێـویسـتـە لەسـەرت قسـە لەسـەر ئەو مـەسەلـەیە بکەیت؟" سووربووم لەسـەر ئەوەی وەڵام بدەمـەوە وتم: "ئەوکات جـەنابی کۆسـتمایەر دەنێرم بۆ سـەرکردایەتی سـوپا، لەبەرئەوەی تـەنیـا ئـەوان دەتوانن هەڵسـەنگاندنێکی مـەعـقـوول لەم بارەیەوە پێشکێش بکەن". کۆسـتـمـایەر وەڵامی دایەوە وتی: "سـەرکردەی سـوپا وەک

سەرکردەی دەریایی ئەدمیراڵ کروی شایەدی ئەوەیان داوە کە سزاکان ئەنجامی خۆیان دەبێ و باشترین ڕێگەچارەی سیاسییە). منیش بەرپەرچم دایەوە و وتم: "ئەمە تەنیا لە سەدا پەنجای هەڵسەنگاندنی سیاسیی دەنوێنێت" ویستم بڵێم کاتێک کروی سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی دەکرد، هەرگیز بەکارهێنانی هێزی نەویستووە لە هیچ شوێن و زەمانێکدا، چونکە ئەو بەردەوام بەهانەی خۆی هەبووە بۆ پشت نەبەستن بە هێز.

پێش دە ساڵ کاتێ ڕیگان بیری لە بەکارهێنانی هێز کردەوە لە گریناداء گوێم لە وتووێژێکی کروی گرت کە تێیدا دژی ئەو داگیرکارییە بوو. کۆستمایەر وتی: "جەنابی وەزیری دەرەوە، ئاخۆ پرسیارێک هەیە لەوە گرینگتر بێت لە ژمارەی ئەو ئەمەریکاییانە بپرسێت کە لە کەنداودا دەمرن، ئەگەر چوونە شەڕەوە؟". بەتوندی وەڵامم دایەوە: "ڕێگەم بدە ئەو کاتەت پێ بڵێم کە پێویستە پرسیارەکەی تێدا بکەیت. پێویستە ئەم پرسیارە کاتێک بکرێت کە بڕیاری بەکارهێنانی هێز درابێت. ئەو کاتە پێویستە پرسیارەکە بکرێت و باشتریشە ئاراستەی سەرکردە سەربازییەکان بکرێت".

هەروەک زۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ کۆنگرێسدا، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش بە بنبەست گەیشت. هیچ ژمارەیەکم بۆ دەستنیشان نەکردبوو سەبارەت بە قەوارەی زیانە مرۆییەکان، بەڵام دەنگی ئێجگار بەرز بوو لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆندا. لەو بڕوایەدا بووم کە ئەمە ستایلێکی سووکی تازەیە لە هێرشکردندا. ئەوەی زۆر تووڕەی کردم، ئەو قسەیەی بوو کە دەڵێت: ئێمە گوێ نادەین بەناردنی سەربازی ئەمەریکایی بۆ ئەوەی لەناو بچن. خۆم لە خۆمم پرسی لە کاتی ڕوودانی ئەم گەمە سووکەدا گەر دەورەکان گۆڕان، کۆستمایەر چۆن هەڵسوکەوت دەکات. لەم ئەوەی کۆستمایەر ئێمەی پێ تاوانبار دەکات، ئەوەیە ئێمە یاریی بە ڕۆحی سەربازەکانمان دەکەین، هەڵوێستێک بوو بەمەبەستی تەنگ پێهەڵچنین و کۆسپ دروستکردنی کە نەمدەتوانی لە دواڕۆژدا لێبوردە بم بەرامبەری.

له ٢٩ی تشرینی دووەمدا نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی لەسەر ئەوە دا کە ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز، کارێکی ئیلزامییە. بە دەنگدان دژی سەرۆک ئەوا کۆنگرێس نەک تەنیا پشتی دەکردە ئیلتیزاماتی تەقلیدیی ئەمەریکایی بە پشتگرتنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بگرە سووکایەتی بە ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەکرد.

بوونی سەدان سەرباز لە بیاباندا کێشەیەکی گەورەی دروست کردبوو، بۆ هەموو ئەوانەی پشتگیری سەرۆکیان نەدەکرد. گەر شەڕ دەستی پێ کرد و مەسەلە گرینگەکان ورووژان، ئەوا ئەندامەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن دەبنەوە، ئەگەر پشتگیری سەرۆکیان ڕەت کردەوە.

لەم سەروبەندەدا ڕەنگە کاری گرینگ، پێشنیازی ناردنی من بووبێت بۆ بەغدا و ناردنی تارق عەزیزیش بۆ واشنتۆن. لە ٣٠ی تشرینی دووەمدا مەبەستی کۆتاییمان ئەوەبوو، تا بۆ کۆنگرێس و گەلی ئەمەریکا و مێژووش ڕوون بکەینەوە کە ئێمە تائێستا بەدوای ڕێگەی خۆ دوورخستنەوە لە شەڕدا دەگەڕێین، نەک هەڵگیرسانی شەڕ.

لە پاش سێ ڕۆژ و لە ١٢ی کانوونی دووەمدا، کۆنگرێس دەنگی لەسەر بڕیاری سەرۆک دا بە بەکارهێنانی هێز لە چوارچێوەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ئەنجوومەنی پیرانیش ڕازی بوو بە بڕیارەکە بە زۆرینەی ٥٢ دەنگ بەرامبەر٤٧ دەنگ. لەو کاتەدا ڕوودانی هەر گۆڕانێک لە دەنگەکاندا، دەبووە هۆی گۆڕینی ئەنجامەکان.

***

٤

# باشترین دواهەل بۆ ئاشتی

ئەفسووس.

جیمس بیکەر

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ تاریق عەزیز،

٩/کانوونی دووەم/١٩٩١

کاتێک خوێندکاری کلاسیک بووم لە زانکۆی برینستون، خوێندنەوەی مێژوونووسی یۆنانی (سۆسیدیدیس)م دێتەوە یاد، لەبارەی شەڕی پیلوپۆنیزیانەوە. گومانی تێدا نییە هەر هەوڵدانێک لەلایەن منەوە درابێت، بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەم خوێندنەوەیە پێویستییەک بوو بۆ پرۆگرامی خوێندن.

لەو ڕۆژانەدا زیاتر مەیلی ئەوەم هەبوو خەریکی یاریی ڕەکبی بم، وەک لەوەی بە ڕەفەی کتێبخانەی فایرستۆنەوە خۆم سەرقاڵ بکەم. ڕاڤەکردنی سۆسیدیدیس لە ڕەوانبێژیدا ئەوەبوو کە (ئەوەی وای کرد جەنگ شتێکی حەتمی بێت، گەشەکردنی هێزی ئەسینا و ئەو ترسە بوو ئەم هێزە لە ئەسپارتەدا خوڵقاندی) ئەمە گوزارشتێکی جوانە لەو واقیعە سیاسییە. سەرباری ئەوە سۆسیدیدیس خۆی یەکێکە لەو مێژوونووسە دەگمەنانەی، بیری لەوە کردووەتەوە چۆن خۆی لە شەڕێک بپارێزێ، کە بە فیعلی ڕووی دابێت. بە مانایەکی تر ئەو بارودۆخە دیاریکراوە چییە کە دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕ؟ دوایەمین هەل کە ڕەنگە بتوانێ لە شەڕ دوورمان بخاتەوە چییە؟ چ کاتێک ئیرادەی ئینسانی و ئارەزووکردنی بۆ پاراستنی ئاشتی، ڕێگە لە بەردەم ماڵوێرانیدا دەخەنە سەر پشت و پێویستیی ناچارت دەکات بە هەڵایسانی شەڕ؟

بە لای کەسێکی لێکۆڵەرەوە ئەو پرسیارانە پرسیاری لۆجیکیی بەڵگەیین، بەڵام بە لای دەسەڵاتدارێکی دەوڵەتەوە کە پشت بە واقیع دەبەستێ، ئەوا پرسیارێکی عاتیفی و خۆڕسکانە. بەڵام بۆ ئەو سەربازەی لە ژێر مەترسیدایە، ئەوا بوارێکی زۆری بۆ پرسیاری لەو جۆرەی نییە، لەبەرئەوەی

بەزۆریی دوارۆژی خۆی وەک واقیعێکی خەتەرناک دێتە پێش چاو.

لە کاتی کێشەی کەنداودا، وەڵامی ئەو پرسیارانەم بەدەست کەوت. لەو ئێوارە ساف و بێگەردەی لە جنێفداو کاتێ کۆبوونەوەکەم لەگەڵ تاریق عەزیزدا کۆتاییی هات لە میوانخانەی ئینتەرکۆنتینتال و نامەکەی بۆش بۆ سەدام لەسەر مێزەکەی نێوانمان دانرابوو. ئەوەبوو دوا ئاگادارکردنەوەمان نەیتوانی رێگە لەو ماڵوێرانییە بگرێت کە خەریک بوو بەسەر گەلی عێراقدا دەهات. هەتا ئەو کاتەش لەو بڕوایەدا بووم هێندەی نەهامەتییەکانی شەڕ، ئومێدێک بە ئاشتی هەیە، ئەویش بەوەی عێراق بەبێ بەکارهێنانی هێز، لە کوەیت بکشێتەوە.

لەو ئێوارەیەدا، دڵم درکی بەوە کرد کە سەردەمانێکی پێشتر عەقڵم حسابی بۆ کردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەمەریکا بەم نزیکانە لە جەنگەوە دەگلێ. ئەرکی من لەمەودوا وەک دیپلۆماتییەک هەوڵی گەیشتن نابێت بە چارەسەرێکی سیاسی و بەرگرتن لە شەڕ، بگرە پاڵپشتیکردنی کۆکردنەوەی کۆمەک و باربوی شەڕە تا لەو جەنگەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنین. بەڵام چۆن گەیشتمە ئەو ڕایە، ئەوەیان گەشتێکی ناڕاستەوخۆیە لە دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠، بەرێگەدان بە بەکارهێنانی هێز بۆ کۆتایی پێهێنان بەدوژمنکاریی و لاسارییەکانی عێراق.

لە بنەڕەتدا دیداری من و تاریق عەزیز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ بۆشدا ئەنجامم دا، لە ئێوارەی دەنگدانە مێژووییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. ئەوەبوو لە ژوورێکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قسەم لەگەڵ کرد و خۆشحاڵ بوو بەو پشتگیرییە گەورەیەی بڕیاری ٦٧٨، ویستی لە هەنگاوەکانی دواتریش ئاگادار بێت و وتی: "دەمەوێت لەسەر مەسەلەیەک قسە بکەین". بەڵام لەبەرئەوەی لە ژوورێکدا بووم چەند کەسێکی تری تێ دابوو، تەلەفۆنەکەش جێگەی متمانە نەبوو، بۆیە بە وریاییەوە وەڵامم دایەوە

و وتم: "چەند بیرۆکەیەکم هەیە سەبارەت بە چۆنێتی کۆکردنەوەی پشتگیریی ناوەخـۆیی، ئـەوەتا ئێـستـا پـشـتگیـریی دەوڵـەتیـشـمـان بەدەست هـێناوە". سـەرۆک پێشنیـازی ئەوەی کرد کە سبـەی بەیانی یەکەم شت پێی هەسـتین، ئەوە بێت لەگەڵ سکوکروفت کۆ ببینەوە.

لەو کـۆبـوونەوەیەدا کـــە دوو ســـەعــاتی خـــایاند، ئەو پـێـشـنیـــازەی بۆش دەرکەوت کە بەدرێژایی سێ هەفتـە بیری لێ کـردبووەوە ئەویش. هەوڵدانێک بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستـەوخۆ لە پێناو دوورکەوتنەوە لە جـەنگ لە کەنداودا. ئەم دەسـتـپـێشـخـەرییە، شـتـێکی چاوەڕوانـنەکراو بوو بەدرێژایی قـەیرانی کـەنداو، بگرە لە هەمـوویـان زیاتر جـێی مـشـتـومـڕ بـوو. ئەوە بوو هـاوڕێکانمانی تووشـی سەرسـڕمـان و ئەوقبـوون کـرد و نەیارانمانی دڵـخۆش کرد. واتە بووە هۆی بێنەوبەردەی زۆر لەبارەی سووربوونی ئەمەریکاوە.

لانـی کـــەم بۆ مـــاوەیەکـی کـــاتی ڕاســـتگـۆییـــمـــان لای هەنـدێک لـە هـاوپەیمانیـیـەکـانمان کـەم بووە و نەمـا، هەلێکی پڕوپاگەندەیشـی بۆ سـەدام حـوسـێن ڕەخـسـاند. ئەم دەسـتـپـێشـخـەرییـە لەلایەن هەندێک لە ئـەندامـانی وەزارەتی بـەرگـری و هەنـدێکی کـە لەنزیکتـرین یاریدەدەرەکـانمەوە پەسـند نەکرا.

هەروەک چۆن بڕیـاری زیادکردنی هێـز لە ٨ی تشـرینـی دووەمـدا خـاڵێکی وەرچەرخـــان بوو لە کـۆکـردنەوەی هێـزی سـەربازی و بـڕیاری ٦٧٨ کلیـلـی پشتگیـریی بوو بۆ هـاوپەیمانێتییـە نێودەوڵەتییـەکە، ئاوەهـاش کۆبوونەوەکەی من لـەگـەڵ تـاریق عــەزیزدا، خـــاڵێکی وەرچەرخـــان بوو لـە کـۆدەنـگیــیــەکی ناوەخـــۆییــدا. پـاش کــۆبـوونەوەکــە کــۆنگرێس ڕێگە بە بـۆش دەدات، بۆ بەکـارهێنـانی هێز و هـاوپەیمـانـەکـانیش دواپلانی خـۆیان دادەنـێن و سـوپـاش دەست بە جموجووڵ دەکات.

### پێشنیازکردنی چوونی بیکەر بۆ بەغدا و تاریق عەزیز بۆ واشنتۆن

تا کۆتایی تشرینی دووەمیش هیچ ڕەزامەندییەکمان لە ئاستی ناوەخۆییدا بەدەست نەهێنابوو، بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. پاش دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆش خۆی لە هەڵوێستێکی نامۆ و سەیردا بینییەوە، چونکە تەواو باوەڕی بەوە هێنابوو کە شەڕ بەرپا دەبێت گەر سەدام تا ١٥ی کانوونی دووەم لە کوەیت نەکشێتەوە. بەڵام ئەوەتا تائێستاش نەیتوانیوە کۆنگرێس و ڕای گشتی بە تەواوەتی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

دوای وتووێژکردنم لەگەڵ بۆشدا و پاش دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا، لەسەر خوانی ئێوارە پێشوازیم لە وەزیرانی دەرەوەی پێنج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکە کرد لە میوانخانەی والدۆرف ئیستۆریا. کۆبوونەوەی ئەو ئێوارەیەمان تەنیا وەزیرانی دەرەوەی تیا ئامادە بوون و هیچ کەسی تر ئامادە نەبوو جگە لە وەرگێڕەکان. ئامانجی من لە سازدانی ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر خوانی ئێوارە، ئەوە بوو سوپاسی شیڤەر نادزە و دۆما و هێرد بکەم لەبەر خۆڕاگرییان و فشارخستنە سەر چیان، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر ڕازیبوون و کردنەوەی ئەو ئەگەرانەی لە ئایندەدا دێنە بەردەست.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا دۆما بەگاڵتەوە وتی: "ئێمە خۆشحاڵین کە دۆگلاس هێرد سەرکردایەتی وەزیرانی پێ نەسپێردراوە، چونکە نامانەوێ گروهەکەمان تێک بدەینەوە کە چالاکانە کارەکانی خۆی ئەنجام داوە". هێرد وەڵامی دایەوە: "پێم وایە کەی. بی. جی لە مەسەلەکەدا هەیە، وانییە؟". شیڤەر نادزەش بەڕوویەکی گرژەوە وەڵامی دایەوە و وتی: "ئێستا نایڵێم، بەڵام کاتێ یاداشتەکانم دەنووسمەوە، ئەو کات پێویستە لەسەرم زۆر شت بڵێم" لەگەڵ تەواوبوونی پێکەنیندا ،سەرلەنوێ شیڤەر نادزە دەستی بە قسەکردن کردەوە، بۆ ئەوەی ڕەوتی وتووێژەکە بگێڕێتەوە سەر زەوینەیەکی

لەبار و تۆکمە کە پێویست بوو لەسەرمان ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزینەوە. ئەویش خۆ دوورخستنەوە بوو لە شەڕێک کە ڕێگەمان پێ درابوو ئەنجامی بدەین و لە قسەکانیدا وتی: "پێویستە قۆڵ بەقۆڵی یەکتردا بکەین، چونکە سەدام دەزانێت چۆن یاری بەو دژایەتییە بکات کە لە نێوانماندایە. ئەو پیاوە بەڕادەیەک ترسناکە، ناتوانرێ پێشبینی هەڵسوکەوتی بکرێ". دۆما وتی: "پێویستە لەسەرمان وای لێ بکەین ڕاستیی هەست و نەستی ئێمە بزانێت، چەند ڕێنومایییەکم پێ گەیشتووە و لەو بڕوایەشدام جێگرەکانی بەپێی پێویست ئاگاداری ناکەنەوە. ئەمە پیشەی هەموو دیکتاتۆرێکە. ئەو نایەوێت گوێ بگرێت".

دۆگلاس هێرد وتی: "دی کوێلاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی تەمومژاوی کار دەکات، بەڵام سووره لەسەر سەردانێک بۆ عێراق لە ماوەی هەفتەیەکدا. لەو باوەڕەدام گرینگە پاڵپشتیی کار و ئەرکەکەی بکرێت". دۆما وتی: "هەست دەکەم بەپێی پێویست سەدام ئاگادار ناکرێتەوە، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم دی کویلار ڕاستەوخۆ نوسخەیەک لە بڕیاری ژمارە ٦٧٨ بداتە سەدام".

شیڤەر نادزەش گومانی ئەوەی کرد کە ڕەنگە بارودۆخەکە بەو جۆرە بێت. بەڵام من بەو جۆرە بیرم نەدەکردەوە و من پێم وابوو سەدام لەوە تێ دەگات کە هەیە و ڕاستییەکەشی دەزانێ. ڕەنگە چەند کەسانێکی هەلپەرست دەوریان دابێت، بەڵام ئاگاداری ئەوەیە لە جیهاندا چی ڕوو دەدات. ئەو دەزانێ گەمە بەو دژایەتییانە بکات کە لە نێوانماندایە. لەبەر ئەوە پێویستە هەر پێنجمان لە نێوان خۆماندا ڕێک بکەوین و دەبێت لە ڕێی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند کەس و لایەنێکی ترەوە ئەمە بڵێین بەڵام گرینگ ئەوەیە سەدام تەواو ئەوە بزانێ کە ئێمە هەر پێنجمان بەیەکگرتوویی هەڵسوکەوت دەکەین.

شیڤەر نادزە هەر ئەوەندەی لە قسەکانی بووەوە، پێشنیازێکی کرد و وتی:

"بۆچی کۆبوونەوەیەکی باڵا بۆ سەرانی پێنج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکە ساز نەکەین، پێش تەواوبوونی ماوە دیاریکراوەکە لە ١٥ی کانوونی دووەم".

هێرد گومانی خۆی دەربڕی و وتی: "پێویستە بزانین پێشبینی چی دەکەین لە کۆبوونەوەیەکی لەم جۆرە؟". شیڤەر نادزەش وەڵامی دایەوە: "تەنیا دڵنیابوون لەوەی کە دەکرێ کۆبوونەوەیەکی لەم جۆرە ببەسترێ، کاریگەری گەورەی دەبێت و پێویستە بیری لێ بکەینەوە. پێویستمان بەوەیە ڕێنوێنیمان لە سەرکردەکانمانەوە بەدەست بگات.

دۆما ئەم پێشنیازەی قۆستەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر چینییەکان لێمان جیا نەبنەوە و زۆر بەلێهاتووییەوە پێشنیازی بەستنی ئەو کۆبوونەوەیەی کرد لە پەکین. بەدڵنیاییەوە ئامانجی ڕازیکردنی لووتبەرزیی چینییەکان بوو. گەر قەناعەتپێکردنی سەرکردەکان ئاسان نەبوو بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، ئەوا ڕەنگە پێویست کات هەر پێنجمان لە چین کۆ ببینەوە، بۆ دەرکردنی بڕیارێکی هاوبەش.

شیڤەر نادزە سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت کۆبوونەوە باڵاکە، سەدام دڵنیا بکات لەوەی کەس هێرش ناکاتە سەری. ئەمە یەکێک بوو لەو ساتەوەختە دەگمەنانەی هەست بکەم لە کاتی شەڕدا شیڤەر نادزە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ. لە ڕێی ئەو هەوڵە زۆرانەوە عێراقییەکان بیروڕای خۆیان بەئاشکرا دەربڕیبوو دەیانوت ئەوان لەوە دەترسن گەر دەست بەکشانەوەش بکەن، هەر هێرش دەکرێتە سەریان. پێم وابوو ئەمە فێڵێکی تری پووچ و بێ بناغەی تری سەدام بوو بۆ کڕینی کات و قەناعەتپێکردنی هاوپەیمانەکان بەوەی گوایە دەکشێتەوە. بە تووڕەییەوە وتم: "ئەمە تەنیا کڕینەوەی ئابڕوو نییە، بگرە دوا هەوڵە بۆ قوتارکردنی خۆی".

چیان بەدرێژایی گفتوگۆکە بێدەنگ دانیشتبوو، پاشان وتی: "سەدام دەیەوێت لە بەرامبەر کشانەوەی لە کوەیتدا خەڵات بکرێت. دواتر چەند گرەنتییەکی دەوێت، هەروەها دەیەوێت. مسۆگەری ئەوە بکات کە کەس

هێرش ناکاته سەری و ئەو لە شەڕ دەترسێت". هاوکات چیان جەختی لەسەر بایەخی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراق کردەوە، بۆ ئاراستەکردنی پەیامێک بەوەی گەر سەدام بکشێتەوە، ئەوا هێزەکەی ڕووبەڕووی هێرشی هاوپەیمانەکان نابێتەوە. هێرد وتی: "سەدام دواجار لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەترسێ نەک لە بەریتانیا و فرەنسا یان لە عەرەبستانی سعوودی". بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم سەرۆک بۆش لەم بارەیەوە، بەڵێننامەیەک بەشێوەیەکی نهێنی بداتە بەغدا کە گرەنتی تێدابێ و سێ هەفتە پێش تەواوبوونی ماوەکە هەمان شت باس بکرێتەوە و پێداگیری لەسەر بکرێت. دەرهەق بەم مەسەلەیە.

شیڤەر نادزە وتی: "تائێستاش لەو بڕوایەدام لە کوەیت دەکشێتەوە. پێویستە سکرتێری گشتی بچێت بۆ بەغدا و هەریەکەمان بەتەنیا هەمان نامەی بدەینێ و دڵنیای بکەینەوە لەوەی هێرش ناکرێتە سەریان، گەر لە کوەیت بکشێنەوە. پاشان لە بەرواری ١ی کانوونی دووەمدا هەموو پێکەوە هەمان نامەی بدەینێ". دۆما ڕەزامەندیی خۆی نیشان دا و وتی: "هیچ گرەنتییەک هەیە لەوە باشتر بێ کە ئەو دەوڵەتانەی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕێوە دەبەن، پێی ڕا بگەیەنن هێرش ناکرێتە سەری. پێویستە سەدام هیوای بەوە هەبێ کە قوتاری دەبێت، گەر بێتو بەوەی ئێمە لە ئەمڕۆ دەیخەینە بەردەمی ڕازی بێت".

***

ئەو کۆبوونەوەیەی لەسەر خوانی ئێوارە کردبوومان، بەهیچ ئاکامێکی یەکلاکەرەوە نەگەیشت، جگە لە ڕێککەوتن لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە ڕۆژانی داهاتوودا. ئاشکرابوو کەس نەیدەویست ڕێگە بەوە بدات تا ئەو چل و پێنج ڕۆژەی مابووەوە (وەک دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە. ببێتە ماوەیەک تا چارەسەرکردنی کێشەی کەنداوی تێدا بگاتە بنبەست). من لەلایەن خۆمەوە پێم وابوو کۆبوونەوەیەکی نێوان پێنج دەوڵەتە

هەمیشە ئەندامەکە و عێراقییەکان گرینگییەکی زۆری دەبێت، بەڵام شتێکە زۆر بەهەند وەرناگیرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی جڵەوی خشتەی کاروبارە دیپلۆماتییەکان، چونکە بەدڵنیاییەوە لە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرەدا، ئەمەریکا ڕووبەڕووی فشار دەبێتەوە، تا واز لەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش بهێنێت کە هێندە نەبوو بڕیاری لەسەر درابوو.

لەو کۆبوونەوەیەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣٠ی تشرینی دووەم لە کۆشکی سپی بەستمان، سەرۆک بە من و سکۆکرۆفتی ڕاگەیاند کە هەست دەکات پێویستە لەسەری هەموو ئەگەرەکانی وتووێژکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقدا هەڵبسەنگێنێ و وتووێژکردنی لەم شێوەیە، ماوەی چەند هەفتەیەکە لە خەیاڵیدایە. بیرۆکەی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەدامدا بەدوور گرت، بەڵام ئامادەیە بۆ پێشوازیکردنی تاریق عەزیز و داواش دەکات من لەگەڵ سەدامدا کۆببمەوە.

بۆش وتی: "گەر سەدام لە ڕێی تۆوە لە هەڵوێستەکەمان ترسا، مانای ئەوەیە دەزانێت هەڕەشەکە جدییە". بیرۆکەی کۆبوونەوەی (دواهەمین هەل) لە واشنتۆن، لەسەر ئاستێکی بەرز و بەشێوەی جۆراوجۆر ڕەواجی پێ دراو پێش سێ ڕۆژ، هامیلتۆن شێوەیەکی ئەو پێشنیازەی بۆ خستمە ڕوو. پێشنیازەکەی سەرۆکیش هێندەی لە یادم مابێ- گەر دەستنیشانکردنی کاتەکەشی پێشبینی نەکرێ، ئەوا وتووێژکردنی ڕاستەوخۆ دوایین هەوڵی تایبەتیی سیاسی و دیپلۆماتییەتی بۆش دەبێت کە دەیخاتە ڕوو. بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ هەریەک لە تاچەر و میتران و گۆرباچۆف و فەهد و زۆربەی سەرانی وڵاتانی هاوپەیمانێتییەکەدا کۆ دەبێتەوە.

ئێستا بۆش دەیەوێ لە ڕێی خۆیەوە دواهەل بداتە نەیارەکەی. سەرۆک گەیشتە ئەوەی بڵێ گەر سەدام حوسێن دانیشتنەکانی کۆنگرێسی لە ڕێی کەناڵی (سی. ئێن. ئێن)ەوە بینی، ئەوا ڕەنگە گومان لە ڕاستگۆییمان بکات. بۆ ئەم قسەیەی منیش لەگەڵیدا بووم، چونکە ڕۆژێک لەوەوبەر و لە کاتی

کـۆبـوونەوەکـانی ئـەنجـوومـەنی ئاسـایشـدا، نوێنـەری عـێـراق لە نـەتەوە یەکگـرتووەکـان ئەو قـسـانەی بوب کـیـری سـیـناتۆری نـبـراسکای بە بـەڵگە هێنایەوە کە وتبـووی، بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی هێز هـەڵەیە و ئەگەرەکانی دامـەزراندنی سـیـسـتـەمێکی نوێی جـیـهـانی هەڵدەوەشـێنێـتـەوە. ئەمـەش لە بەرژەوەندیی تاکتـیک و شـێوازی سـیـسـتـەمـە کـۆنەکەدا دەبێت. هەروەها سەرۆک بۆش وتی: "ڕەنگە سەدام لە خـوێندنەوەی مێژوودا بەهەڵەداچووبێ و لە ئەزمـوونی ڤێتنامـەوە سـەیرمـان بکات. هەروەک حـافز ئەسـەد پێی وایە کشـانەوەمان لە بـەیرووت پاش تەقـینەوەی بارەگای هێزە دەریاییـیـەکانمان، بـەیرووت لـە تشـــرینـی دووەمـی ١٩٨٣دا ئـەوەی نیـــشـــاندابێ کـــە ئەمەریکاییەکان پشوویان کورتە".

تێـوەگـلان لـە شـەڕ دواین شت بوو بۆش هـەوڵی بۆ بدا. هەمـوو ئامـانجی ئەو، کشانەوەی عێراق بوو لە کوەیت. لە کاتێکدا گوێبیستی وتەکانی بۆش بووم، ئەو قسـەیەیم بیرهاتەوە کە مانگی ئەیلوول لە هلسنکی بە هەمـوومانی ڕاگەیاند و وتـی: "من ژن و پیاوانی ئەمـەریکاییم ڕەوانەی بیـابان کردووە و دواجار هەر خۆشم بەرپرسیارم لەو کارە".

هەسـتم کرد پێـشنیـازەکەی بۆش سێ شـتی تێدایە. یەکـەمیـان ئەوەیە، دواین هەلی دیپلۆمـاتیـمـان بۆ دوورکەوتنەوە لە شـەڕ بۆ برەخـسێنێ، چونکە کۆبوونەوەیـەکی ڕاستەوخـۆ ڕەنگە چەند پێویسـتیـیەکی سیـاسی و دەروونیی لێ بکـەوێتـەوە و لـەوانەیە وا لە ســەدام بکات بـکشـێـتـەوە. بێگومـان ئـەمـە هەلێکی دەخـاتە بەردەم و دەتوانێ بیـقـۆزێتـەوە بۆ خـۆپاراسـتن لـە شـەڕ گـەر بیەوێت.

ئەگەر لەو کۆبوونەوە ڕاستەوخۆیەدا نەتوانین قەناعەت بە سەدام بکەین بۆ کـشـانـەوە لە کوەیت، ئەوکات کـەس ناتوانێت گـومـان لەوە بکات کە ئێـمـە هەمـوو هەوڵ و توانایەکمان خستووەتە گەڕ. ئەمە یارمـەتیـشمـان دەدات بۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ سـۆڤیـەت و هەموو ئەوانـەی دوودڵن لە بەکارهێنانی هێز

له دژی عێراق. بەشێوەیەکی تایبەتی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک له مۆسکۆ وا له گۆرباچۆف دەکات، بێت دەمبەستی توندڕۆیەکانی وەک یەڤگینی پریماکۆڤ بکات کە دەیانەوێت هەڵبکوتنە سەر ئەو ئاراستە سەختەی شیڤەر نادزە گرتوویەتە بەر، له بەرامبەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دووەم ئەم پێشنیازە له ناوەخۆدا یارمەتیمان دەدات، چونکه گەر بۆش لەگەڵ تاریق عەزیزدا کۆبووەوە و منیش چووم بۆ بەغدا، ئەوکات کەس ناوێرێ تەنانەت نەیارەکانیشمان، بڵێن ئێمە ئەوەمان نەبردە سەر کە سەرۆک بەردەوام دووپاتی دەکردەوە و دەیوت: "دواجار خواستی ئێمە بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکەیە". ئەمە و سەرەڕای پشتگیریکردنمان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەتوندی. ئیتر هیچ ئەندامێکی کۆنگرێس ناتوانێ بەڕاستی دژ بە هەڵایسانی جەنگ بوەستێتەوە. گەر ئەو کۆبوونەوانەش کە لەسەر ئاستێکی بەرز دەکرێن نەتوانن وا له عێراق بکەن له کوەیت پاشەکشێ بکات، ئەوا دەتوانین له ناوەخۆدا بیر له بەدەستهێنانی کۆدەنگییەک بکەینەوە بۆ پشتگیریکردن له هەڵایسانی شەڕ.

سێیەم، پێشنیازەکە ئەوە دەردەخات لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوامۆڵەت کە دەستنیشان کراوە، ئێمە چەند کارێکی تریش دەکەین، نەک تەنیا خۆمان بۆ جەنگ ئامادە بکەین. هێشتا سەرقاڵی ئەو گفتوگۆیە بووم کە شەوی ڕابردوو لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی پێنج دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کردبوومان. هەستم کرد بەبێ دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماتی لەلایەن ئێمەوە، ئەستەمە بتوانرێ پارێزگاری له پتەویی یەکڕیزی هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکە بکرێت.

کاتێک سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی له بەرنامەی (بەیانیت باش ئەمەریکا)وە دەرکەوتم، کە تۆڕی (ئەی. بی. سی) پەخشی دەکات. نیگەرانییەک دایگرتم، چونکه بەرلەوەی ڕاستەوخۆ دەربکەوم گوێم له سکرتێری گشتیی نەتەوە

یەکگرتووەکان بوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە هیچ هەلێک بەفیڕۆ نەدرێت بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی، بەتایبەتی لەو ماوەیەی پێش ١٥ی کانوونی دووەم دەکەوێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی چارلی جیسون کردی، سەبارەت بەوەی ئێمە چی دەکەین لەو چەند ڕۆژەی ماوەتەوە لە پێش ١٥ی کانوونی دووەمدا وتم: "ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ پاڵی لێ دەدەینەوە، بگرە مانای ئەوەیە بۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ بە نیەتی پاکەوە سەرقاڵی چەند هەوڵێکی تاقەتپڕووکێن و جیدی دەبین، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی دیپلۆماتی و سیاسی و ئاشتییانەی ئەم کێشەیە".

هەروەها سکوکروفت لێی پرسیم: "چی بکەین، گەر سەدام چەند هەزار سەربازێکی پاشەکشێ پێ کرد و پێشنیازی کشانەوەی لە کوەیت کرد؟" پاشان زانیم خۆی و چەند کەسانێکی تر لەوە نیگەران بوون کە من تەنیا بۆ گفتوگۆکردن بچم بۆ لای سەدام، چونکە ڕەنگە بەڕێگەچارەیەکی مامناوەندییەوە بگەڕێمەوە. لەم خاڵەدا ئەوان تەواو هەڵە بوون، چونکە لە سەرەتاوە منیش هەواداری ئەو بیر و بۆچوونە بووم کە دەڵێن بەڕاست ناتوانین دانوستان بکەین لەسەر پاشگەزبوونەوە ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی ئاسایش کە هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ دەرکردنیان، چونکە ڕاستگۆیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەخاتە مەترسییەوە.

بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ ئامادە نین بە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ سەدام، ئەو دەستەواژەیەم بۆ بەیانەکە زیاد کرد: (هیچ شتێک نییە ئێمە ئامادە بین بۆ سەدام حوسێنی بکەین گەر عێراق نەکشێتەوە، چونکە نابێت وڵاتە یەکگرتووەکان جڵەوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات لە دەرکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا و پاشان تاکلایەنانە ڕێگر بێت لە بەردەم دانوستان ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقدا).

کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی، بۆش بەرەو هۆڵی کۆنگرە

ڕۆژنامەوانییەکانی کۆشکی سپی بەڕێ کەوت. لەوێدا بڕیاری دا ئامادەیە تاریق عەزیز ببینێ لەو هەفتەیەی کە ١٠ی کانوونی دووەمی تێ دەکەوێت. پاشان منیش دەنێرێ بۆ بەغدا بۆ بینینی سەدام حوسێن. ئەمە کاتێکی گونجاوە بۆ هەردوولا و دەکەوێتە نێوان ١٥ی کانوونی یەکەم تا ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ واتە دەکەوێتە کۆتاییی ئەو وادەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە بۆ پاشەکشێکردنی عێراق.

هیچ سازشکارییەک ناکرێت بۆ ئیغراکردنی سەدام تا لە کوەیت بکشێتەوە. هیچ ئاماژەیەکیش نادرێ بەکڕینەوەی ئابڕوو. کشانەوەی بێ مەرج، تەنها ئەڵتەرناتیڤی شەڕە. ئەم هەوڵە تەنها دەرفەتە لەبەردەم جیهاندا بۆ هەنگاونانێکی تر بەرەو ئاشتی، چونکە جۆرج بوش زیاد لە هەموو کەس ئەوە دەزانێ کە ئێمە قەرزاری پیاو و ژنە نەبەردەکانمانین لە کەنداودا و خێزانەکانیان لە نیشتماندا.

## بەرەنجام، پێکدادان لە بەرامبەر کۆدەنگیدا

بانگەوازەکەی سەرۆک، ناکۆکییەکی لە نێوان پێداویستییەکانی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکە و بەدەستهێنانی کۆدەنگییەکی ناوخۆیی دروست کرد. کاریگەریی بڕیارەکە باش لای ئەو هاوەڵانەمان باش نەکەوتەوە و هەستیان بەنارەزایی دەکرد لەبەرئەوەی پێشوەخت ئاگەدار نەکرابوونەوە. هەندێک لە هاوەڵەکانمان لە هاوپەیمانێتییەکەدا پرسیاری ئەوەیان کرد، ئاخۆ دوامۆڵەت کە ١٥ی کانوونی دووەمە، مۆڵەتێکی ڕاستەقینەیە. پێشنیازەکە یارمەتی ئەوەی دا کۆمەڵێک لە هاوپەیمانەکانمان لە عەرەب و ئەوروپاییەکان، پێشبینی ئەوە بکەن کە ئێمە بەڕاستی نامانەوێ هێز بەکاربهێنین، هەوڵیش دەدەین بەم ڕێگەیە خۆمان بپارێزین. پێویستمان بەوەی نهێنی بپارێزین کەشوهەوایەکی ناسەقامگیری خوڵقاند کە چەند ڕۆژێک سەرقاڵی ڕەوینەوەی بووین. پێدەچێ لە ڕاستیدا سەدام بە هەڵە

دەستپێشخەرییەکەمانی لێک دابێتەوە و بە ئاماژەیەکی لاوازیی دانابێت.

لە هەمان کاتدا دەستپێشخەرییەکە دڵنیایی گێڕایەوە بۆ ئەو هاوەڵانەمان کە سەختگر بوون، وەک سۆڤیەت و فرەنساییەکان و پێڕاگەیاندن کە ئێمە بە هەڵەشەیی بەرەو جەنگ ناڕۆین. هەروەها ڕێگەی ئەوەی داین بڵێین نابێت بەهۆی کۆنگرێسەوە دەستی سەرۆک بگرین، بەر لە دەستپێکردن بەوەی خۆی بە (باشترین دواهەل بۆ ئاشتی) ناودێری کردبوو لەنێو هاوپەیمانەکانماندا بەشێوەیەکی تایبەتی کوەیتییەکان و سعوودییەکان، زیاد لە هەمووان نیگەران بوون لەوەی وتووێژەکان بگاتە ڕادەیەک سەدام لە کوەیت بکشێتەوە، بەڵام ئامێرە سەربازییەکانی بە ساغ و سەلامەتی بمێنێتەوە. هەروەها خۆشحاڵیش نەبوون، چونکە پێشوەخت ئاگەدار نەکرابوونەوە.

پاش ٣ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی دەستپێشخەرییەکە، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی کوەیت و باڵیۆز سەباح لە بارەگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کۆ بوومەوە، بۆ ئەوەی دڵنیایان بکەمەوە کە بەهیچ جۆرێک نیازی پاشگەزبوونەوەمان نییە. پێم ڕاگەیاندن ئیشکردنمان بەشێوەیەکی نهێنی پێویستییەکی هێندە گرینگ بوو، تەنانەت نەمتوانی پێشتر ئەندامانی پێنج وڵاتە هەمیشە ئەندامەکەش ئاگەدار بکەمەوە. پاشان کەمێک لەو نیگەرانییەی ڕەوییەوە، کاتێک پێم ڕاگەیاند کە سەربارى ئەوەی ئارەزووی گەیشتن بەڕێگەچارەی ئاشتی دەکەین، بەڵام لە ناخەوە هەست دەکەم ناچار دەبین هێز بەکار بهێنین.

لە ناوەخۆدا پێشنیازەکە کۆنگرێسی ترساند و ئەو دیموکراتخوازانەشی تووشی سەرسوڕمان کرد کە پێداگیرییان لەسەر دژایەتیکردنی شەڕ دەکرد.

نەمزانی ئەوانە چۆن دەتوانن بەرهەڵستی سەرۆکێک بکەن کە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی پشتگیری دەکات، بەجۆرێک پێشتر ڕووی نەداوە؟ دەمزانی ئەم پێشنیازە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە بوو کە لە

کۆبوونەوەکانی کۆنگرێس کەوتەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی سام نان سەرۆکایەتی دەکرد و هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا ویلیام کرۆی، سەرۆکی پێشووی دەستەی ئەرکانی ئەمەریکایی بەرهەڵستی بەکارهێنانی هێزی کردبوو. یەکەم دەستپێشخەرییش ئەوەی دەرخست پێشنیازەکە پاڵپشتییەکی زۆری بۆ هەوڵەکانی سەرۆک مسۆگەر کردووە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە پاش نیوەڕۆ لە ژووری حکوومەت لەگەڵ سەرانی کۆنگرێس لە کۆشکی سپی بەسترا، سەرانی کۆنگرێس چەند پرسیارێکیان کردبوو، بەڵام زۆربەیان بە نهێنی دەستخۆشییان لە سەرۆک کردبوو. لەمەش گرینگتر ئەوە بوو ئەم دەستخۆشییەیان بەئاشکرا دەربڕیبوو، کاتێک چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکاندا کردبوو.

بەرپرسەکان تەواو بەم هەواڵە ڕاچڵەکین و بازاڕەکانی دراویش ناسەقامگیرییەکی زۆری بەخۆوە بینی، لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە هەواڵە. هیچ یەکێک لە نزیکترین جێگرەکانم، لەوەوپێش شتێکیان لەسەر پێشنیازەکە نەدەزانی. هەروەک چاوەڕوان دەکرا خۆشحاڵ نەبوون، لەبەرئەوەی لە پرۆسەی بڕیارداندا دوور خرابوونەوە. گومانیشیان هەبوو دەرهەق بە پێشنیازەکە. مارگرێت تاتویلەر پێی وابوو (گەر شەڕ هەڵبگیرسێ، ئەوا بەرپرسیاری شکستی دیپلۆماتی دەکەوێتە سەرشانی من). تەنانەت ئەگەر لەگەڵ عێراقیشدا لەسەر ئەوە ڕێککەوین بەبێ مەرج پاشەکشێ بکات، هێشتا هەندێک بەوە تاوانبارم دەکەن کە من شاباشی دیکتاتۆرم کردووە. هەروەها دینیس ڕۆسیش هیچی سەبارەت بە پێشنیازەکە نەدەزانی و کاتێک هەواڵەکەی بیست، پێی وتم ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام ددانی بەوەدانا کە دەستپێشخەرییەکە لەخۆیدا شتێکی باشە. بەتایبەتی لەو لایەنەوە کە پێویستە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریی ناوخۆیی لە سیاسەتەکەمان. بەڵام بیرۆکەی ١٥ی کانوونی یەکەم هەتا ١٥ کانوونی دووەم بیرۆکەیەکی هەڵەیە، چونکە عێراقییەکان دەڵێن ١٥ی

کانوونی دووەم کاتێکی باشە و دوای ئەوە ئەو بەروارەی ئێوە ڕەت دەکەنەوە. پێشتر دەستەواژەی (بەروارێکی گونجاو بۆ هەردوولا) بۆ بەیانەکەی سەرۆک زیاد کرابوو، لەو باوەڕەوەی کە ئەمە ڕێگەی دەربازبوونمان بۆ دەکاتەوە. جێی خۆیەتی بڵێین بەروارێکی نزیک لە بەرواری تەواوبوونی کاتە دیاریکراوەکە، نەگونجاوە بۆ هەردوولا.

بەردەوام هانی ئەوانەم دەدا کە لەگەڵمدا کاریان دەکرد بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی قسە بکەن، بەڵام چاوپۆشیم لەوە نەدەکرد کە بوترێ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان و دوو بەرپرسە باڵاکەی سیاسەتی دەرەوە هەڵەی گەورەیان کردووە.

***

بەدرێژایی مانگی دووەم هەردوولا چاوەڕێیان دەکرد، بۆ بەدەستهێنانی چەند دەسکەوتێکی دیپلۆماتی. پاش دوو ڕۆژ لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سەرۆک، حکوومەتی عێراق پێشنیازەکەی قبوڵ کرد کە ئەویش سازدانی وتووێژ بوو لە ٣ی کانوونی یەکەم. عێراقییەکان لەسەر ئەو پێشنیازەمان ڕازی بوون کە وتووێژەکان دووقۆڵیی بن و داوایان لێ کردین بەشداریکردنەکە سنووردار و دیاریکراو بێت. هەر زوو پێشنیازێکی عێراقییەکانمان ڕەت کردەوە کە داوای ئەوەیان دەکرد، گفتوگۆکان نوێنەری فەلەستینی تێدا ئامادە بێت. لە ٦ی کانوونی یەکەمدا و لە جموجوولێکی حساب بۆکراودا بۆ بێهێزکردنی بێدەنگیی نێودەوڵەتی لەسەر بەکارهێنانی هێز، سەدام دەستی کرد بە ئازادکردنی ئەو بیانییانەی بە بارمتە لە عێراق و کوەیتدا گرتبوونی و (٢٠٠٠)یان ڕۆئاوایی بوون. دوای ئەوەی ئەو هەنگاوە چاوەڕواننەکراوەی نا، تا خۆی وەک کەسێکی بەرپرس نیشان بدات، جارێکی تر سەدام دەستی کردەوە بە فشار خستنە سەرمان بۆ ئەنجامدانی وتووێژێکی بەرفراوان سەبارەت بە مەسەلەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەبەستی گواستنەوەی وتووێژکردن لە کوەیتەوە بۆ فەلەستین کە ئەمە

باسـێک بوو بەدرێژایی مـاوەی قـەیرانەکـە پەنای بۆ دەبرد. سـەرلەنوێ داواکـەمـان ڕەت کـردەوە و تـەنیـا بابەتێک کـە ڕازی بووین قـسـەی لەسـەر بکەین، کشانەوەی عێراق بوو لە کوەیت.

ڕۆژبەڕۆژ گـرژی و ئاڵۆزیی زیادی دەکـرد و بەغـداش دەیویست لە ١٢ی کانوونی دووەمدا چاوم بە سەدام بکەوێت، واتە سێ ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکە. ئەوەبوو پێشنیـازەکەی ئەوانمان پەسند کرد کـە تاریق عـەزیز لە ١٧ی کانوونی یەکەمدا سەردانی واشنتۆن بکات، بەڵام ئەوەمان بەدوور گرت کە سەردانەکەی من لە ١٢ی کانوونی دووەمدا بێت. بۆ ئەوەی نەرمونیـانیی نیشـان بدەین، پێشنیـازی ئـەوەمان کرد مۆڵـەتی ١٥ ڕۆژی تر دابنرێت وەک ئەڵتەرناتیـڤێک کە مـاوەی نێوان ٢٠ی کانوونی یەکەم هەتا سێی کانوونی دووەم دەگـرێتـەوە. ئـەمـە فـێـڵـێک بـوو، چونکە من ئـامـادە بووم لە کـاتێکی درەنگتـریشـدا کـۆ ببـمـەوە گـەر ناچار بووینـایە و حـاڵەتەکـەش پێـویسـتی بکردایە، بەڵام بەو هیوایە بووم بەیانەکەم فشارێک بخاتە سەر بەغدا.

لە ١٤ی کانوونی یەکەمدا، بۆش ڕایگەیـاند کۆبوونەوەکە لەگـەڵ عـەزیزدا ئەنجـام دەدرێت. سـەدامـیش گـرژ بوو، لەبـەرئەوەی دەیویست گـەمـە بەو ڕێککەوتنە بکات. پاشان بە ڕۆژنامـەنووسەکانی ڕاگەیاندبوو کە (گەر داوای لێ بکرێت ئەوا دوای چارەکە سەعاتێک دەتوانێت جۆن کۆنالی و محـەمـەد عـەلی و تیـدهـیس ببـینێت، بەڵام لە نێـوان ٢٠ی کـانوونی یەکـەم و سـێی کـانوونی دووەمـدا بـۆ بینیـنی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یـەکگرتووەکـان بواری تەنیـا سـەعـاتێکیش نییە). ڕۆژی دوایی سـەدام بڕیاری سەردانی عـەزیزی بۆ واشنـتـۆن بـەمـجـۆرە ڕەت کـردەوە: (گـەر وڵاتـە یەکگرتووەکـان بیـەوێت کـۆبـوونەوەکـان بـۆ دووبارەکـردنەوەی بڕیارەکـانی نەتەوە یـەکگرتـووەکـان بقۆزێتەوە، ئەوا پێویست بە سەردانەکەی عەزیز ناکات).

بەدرێژایی دوو هەفتـەی داهاتوو، هەردوولا سوور بوون لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆیان. لە یەکـەم ڕۆژی ساڵی تازەشدا، بۆش ڕاوێژکـارە گـەورەکانی لەسـەر

خـوانی ئێـواره کـۆ کـردەوە. ئێـمـە لەسـەر ئـەوە کـۆک بووین کـە بیـرۆکـەی کۆنگرەیەکی باڵا لە نێوان پێنج دەوڵەتە هـەمیشـە ئەندامەکەدا، بیرۆکەیەکی چاک نییـە، بەڵام ئەوەی بۆش لە ناوەندە تایبەتییەکانیدا بە دەستپێشخـەری (نیشـتمـان و نیـشـتمـان) وەسـفـی کـردووە، مـشـتومـڕی زۆری لەسـەر نەکرا. لەگەڵ ئەوەدا ئاگادار بووم کە بیرۆکـەی تری هـەبوو، سەبارەت بە ناردنی من بـۆ بەغــدا. پـاش نیــوەڕۆ لـە کـــاتێکدا بـۆش تەلـەفـــۆنـی بۆ کـــردم بـۆ پیـرۆزبـاییکردنی سـاڵـی نوێ، پێی ڕاگـەیانـدم هـەست بە نیگەرانـی دەکات لە ئەگـەری ئەوەی هـاوپەیمانەکـانمان کـۆبوونەوەکـەمـان لەگـەڵ سـەدامـدا وا لێک بدەنەوە کـە هـەوڵدانێکە بـۆ گەیـشتن بە سـەودا و مامـەڵەیـەک. منیش پێم وت: "پێویستـە لەسـەرمان ڕێگەچارەی گفتوگۆکردن لەگەڵ سەدامدا تا ماوەیەک بهێڵینەوە"، واتە ماوەی ئەو چەند هەفتە کەمـەی مابووەوە بەر لە تەواوبوونی کـاتە دیاریکـراوەکـان. هـەسـتـم کـرد لەبەر چـەند ئـامـانجـێکی ناوەخـۆیی، پێویستـە وا سـەیرمان بکەن کە زیاد لە پێـویست هـەوڵ دەدەین بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە.

ئەو ناکـۆکییـانەی لە نێـوان پێداویسـتییـە دەرەکییـەکان و داواکـارییـە ناوەخـۆییـیـەکانمانـدا هـەبوو، سـەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر لەو کۆبـوونەوەیەدا چارەسـەر کـرا کە من و کـوکرۆفت و سنونوی تێیدا ئـامـادە بووین و لە ژووره بچـووکەکـەی تەنیشـت کۆشـکی سـپیدا سـاز درا. بۆش وتی: "کۆبوونەوەکـەی بەغدا بەدوور دەزانم"، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆژی دواتر واتە ٣ی کـانوونی دووەم بە ئاشـکرا ئـامـادەیی منی ڕاگـەیاند بـۆ چاوپێکەوتنی عـەزیز لە جنێف، لە یەکێک لەم سێ ڕۆژەدا ٧ یان ٨ یان ٩ی کانوونی دووەمدا و عێراقیش ڕازی بوو. واتـە لە ٩ی کـانوونـی دووەمـدا لـە جنێف چاوم بـە عـەزیـز دەکــەوێت. بیـرۆکـەی کـۆبوونەوە لەگـەڵ سـەدامـدا کـۆتی کـردم، بەڵام کـاتێ بـۆ دواجـار ڕامـــان لەســـەر کـــۆبـوونەوەی جنێف جـــێگیـــر بـوو وەک چارەســـەرێکی مـامناوەندی، ئیـتر تووشـی نائومـێدیی گـەورە نەبـووم. دوای چەند ڕۆژێک لە

پێشنیازەکەی بۆش، لە ٣٠ کانوونی یەکەمدا، بەندەر تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم؛ دەبوایە بەغدا دواین جێگە بوایە کە من بیرم لە سەردانی بکردایەتەوە و وتی: "بێگومان تۆ شێت بووی دەچیت بۆ ئەوێ، ئەم پیاوە سڵ لەوە ناکاتەوە وەک بارمتە بتگرێت". من تا ئەو کاتە لەو بڕوایەدا نەبووم سەدام کارێکی لەو جۆرە بکات. ڕەنگە سەدام پیاوێکی عاقڵ نەبێت، بەڵام تەواو ئەوە دەزانێت کە گرتنی من وەک بارمتە، دەبێتە هۆی ئەوپەڕی تووڕەیی و تۆڵە لێکردنەوە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە. ئەوە بوو پاش هەفتەیەک بۆچوونەکەی من هاتە دی، کاتێک سەدام دەستی کرد بە ئازادکردنی ئەو ڕۆئاوایییانەی بە بارمتە گرتبوونی. بەندەر بە پلەی یەکەم داوای ئەوەی لێ دەکردم کە نەچم بۆ بەغدا، چونکە سعوودییەکان حەز بە ڕێگەچارەی مامناوەندی ناکەن، بەو جۆرەی سوپاکەی سەدام بە ساغ و سەلامەتی قوتاری بێت. بە ڕای من نیگەرانیی ئەو جێی مەترسی نەبوو، هیچ ڕۆڵێکیشی لە بڕیاری چاوپێکەوتنی سەدامدا نەبوو. بەڵام حەز دەکەم ددان بەوەدا بنێم کە حەماسەتی من تا ڕادەیەک بۆ ڕۆیشتن بۆ بەغدا، دوای وتووێژکردنم لەگەڵ بەندەردا کەم بووەوە، بەتایبەتی کە ڕۆسیش بەهەمان شێوە نیگەران بوو لەو مەسەلەیە. لەبەر ڕۆشنایی هەوڵی تیرۆرکردنی بوش لە کوەیت کە ساڵی ١٩٩٣ کە سەدام پیلانی بۆ دانابوو، ڕەنگە من متمانەیەکی وەهام دابێت بە سەدام زۆر زیاتر لەوەی شایەنی بووبێت.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی عێراق ڕازی بوو لەسەر کۆبوونەوەکەی جنێف، لەگەڵ ئیبرێل گلاسبی کۆبوومەوە بۆ ئەوەی پێش کۆبوونەوەکەم لەگەڵ عەزیزدا بیروڕای بزانم. لە کاتی قسەکردنماندا، بەسەرهاتی ڕووداوێکی بۆ گێڕامەوە کە باس لەو گەشتەی خۆی دەکات لەگەڵ چەند دیپلۆماتێکی تردا، بۆ یەکێک لە بەنداوەکانی باکوری عێراق کردبوویان. لەوێدا سەدام قسەی نابەجێی دەرهەق بەو کرێکارە ڤێتنامیانە کردبوو کە کاریان لە دروستکردنی بەندەرەکەدا کردووە و سەدام بە کەسانی گرگن و هیچ لەبارا نەبوو وەسفی

کـــردبوون. ســـەدام بە ســـــەرســـڕمـــانەوە وتبــــووی: "ئا ئەمـــانەبوون کـــە ئەمەریکاییەکانیان تێک شکاند!". بەدرێژایی چەند مانگی کێشەکە چەندین بەڵگەی دووبارەوەبووی لەو جـۆرەمـان هەست پـێ کـرد، لەسـەر ئەم جـۆرە عەقڵییەتەی سەدام. ئەو لەو بڕوایەدا بوو ڤێتنام بەڕادەیەک کاری لە ڕۆحی ئەمەریکایی کردووە، ئیتر لە توانایدا نییە جارێکی تر شەڕ بکات.

## کارێکی چاک و بەرەنجامێکی ئێجگار خراپ

کاتژمێر ٩ی ئێوارەی ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم، گەیشتمە جنێف. شتێکی سروشتییە لە کاتی گەیشتنی وەزیرێکی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ جنێف، دوو باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لەوێ ئیش دەکەن لە پێشوازیی ئەودا بن. ئەوانیش باڵیـــۆزی وڵاتە یەکگرتووەکـــانە لە ســـویســـرا و نوێنـەری وڵاتە یەکگرتووەکانە لە بارەگای ئەورووپای نەتەوە یەکگرتووەکان. لەگەڵ ئەوەشدا نەمـاندەویست دەسـتنیـشـانکردنی جنێف وەک جـێگەی کـۆبوونەوەکـان، کـەشوهەوای دانیـشـتنـەکەمـان تێک بدات. لەبەر ئـەوە تەلەفـۆنم بۆ کـردن و داوام لێ کردن نەیەن بۆ فڕۆکەخانە، بۆ پێشوازیی لێکردنم. لەگەڵ گەیشتنم بە میوانخانەی ئینتەر کونتینێنتاڵ، کۆمەڵێک لەوانەی دژی شەڕ بوون لە لای شـەقـامـەکـەوە پێشـوازییـان لێ کـردم. سـویسـرییـەکـان لە ڕێکوپێکی و ڕەفتـاریاندا بەمـجـۆرەن، بە ئـاسـتـێک کـارەکـە دەگـاتە ڕادەی دیمەنێکی سوریالی. ئەم سوریالییەتە لە ناوەوەش دەرکەوت، چونکە دەرگەی سەرەکیی چوونە ژوورەوەی میوانخانەکە بە کۆترێکی گەورەی لە تەختە دروستکراو ڕازابووەوە و چڵە زەیتوونێک بەدەنووکییەوە بوو. هەزاران ڕۆژنامەنووس لەو ناوە بوون و جگە لە گۆڕینەوەی پڕوپاگەندە نەبێت شتێکی تریان نەدەکرد.

لە کاتی خـۆئامـادەکردنمدا بۆ ئەم کۆبوونەوەیە، دەمـویست توانای ئەوەم هـەبێت وا لە تاریق عـەزیز بکەم، هەست بە بڕی ئەو مـاڵوێرانییـە بکات کـە شـەڕ بەسـەر عێراقدا دەیهێنێت. لەبەر ئەوە پێش سـێ ڕۆژ و کاتێ لە لەندەن

بووم، داوام له هێوارد جریفز کرد کورتەیەک لەو پلانەی بۆ شەڕ دامانابوو (بەشێوەیەک کە بەنهێنی نەبوو)، ئامادە بکات و ئامادە بێت لە کاتی کۆبوونەوەکەدا پێشکێشی بکات. داوام لە پنتاگۆنیش کرد ٦ وێنەی گیراو بە مانگە دەستکردەکان ئامادە بکات لەسەر ئەو شوێنانەی ئەگەری لێدانی لێ دەکرێت لە بەغدا، بۆ ئەوەی لای جریفز بێت لە کاتی کۆبوونەوەکەدا. پێویستە سەرکردایەتی عێراق درک بەوە بکات کە ڕێگەیان پێ نادرێت شەڕێکی خوێناوی بە وێنەی ئەوەی لەگەڵ ئێراندا ماوەی بۆ هەشت ساڵ کردیان بەرپا بکات، چونکە هێزەکانی ئێمە ڕێساکانی شەڕ و پێکدادان دیاری دەکەن نەک هێزەکانی ئەوان.

لەگەڵ ئەوەشدا دیک چینی و کۆڵن پاوڵ ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکە، چەند بیرۆکەیەکی لابەلایان هەبوو. ئەوان لەوە نیگەران بوون کۆبوونەوەکە برێکی زۆر لە پلانە تاکتیکییەکانیان ئاشکرا بکات. پاوڵ بەشێوەیەکی تایبەتی لەوە نیگەران بوو گەر ئێمە زیادەڕەویمان کرد لە قسەکردن سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییەکانمان، ئەوا عێراقییەکان خۆیان دەپارێزن و ئەمەش کاروبارەکانمان ئاڵۆز دەکات، بۆ لەناوبردنی هێزە مۆڵخواردووەکانی عێراق و دواجار شەڕیش درێژە دەکێشێت.

لە ئەنجامی ئەوە ئەو وێنانەمان دڕاند کە بە ئامێرە تەکنەلۆجییە پێشکەوتووەکان گیرابوون. پێشنیازەکەی جریفز هێندە بەتەنگ مەسەلەکەوە بوو، خۆی لە قەرەی ئەو ڕێگەیانە نەدەدا کە ڕەنگە هێزەکانمان تێیدا تووشی مەترسی ببن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسخە ڕاستکراوەیەی ڕۆژێک بەر لە کۆبوونەوەکە نیشانی دا، پوختەکردنێکی لێهاتووانەی توانا و هێزی ئەمەریکایی بوو. جریفز وتی: "ژمارەیەک زۆر تانک لەو جێگەیانەدا هەن کە مووشەکی سکۆدی لێوە دەهاوێژرێ و دەتوانین لە چەند ڕۆژێکدا هەموویان لەناو بەرین، ئێمە دەزانین ١٠ هەزار چەکی هێرشبەری زەوینیتان هەیە لە ناوچەکەدا و جێگەکانیان پێ دەزانین، ئاگادارین کە ٢١٠٠ تانکتان هەیە و

دەبێت ئەوەش بزانن کە تانکەکانی ئێمە دەتوانن سەرکەوتووانە لە کاتی جوولاندا بۆمب بهاوێژن دەتوانین لە دووریی دوو کلیۆمەترەوە نیشانە لە تانکەکانتان بگرینەوە و لەناویان بەرین. لە کاتێکدا بەخێراییەک دەڕۆین کە ٦٠ کیلۆمەتره لە سەعاتێکدا، گەر بڕواش ناکەن، چاوەڕوانبن تا ببینن".

پاشان جریفز وتی: "تۆپە دوورهاوێژەکانمان لە کەشتییەکانەوە لە توانایاندایە شوێنی کۆبوونەوەی هێزەکانتان تەفروتوونا بکەن. ئەو مووشەکانە لە جۆری تۆماهۆکن و نەک تەنیا وێرانکەرن، بگرە بەڕادەیەک ئاراستە دەکرێت دەتوانێت بەشێکی دیاریکراو لە ئەپارتمانێ لەناو جەرگەی بەغدا بپێکێ، دوای هاویشتنی لەناو ئەو کەشتییانەی لە کەنداودان". باسی ئەوەشی کرد کە چۆن فڕۆکە شەبەحەکانمان دەتوانن بچنە قووڵاییی ئاسمانەوە، بێ ئەوەی ڕادار بتوانێ کەشفیان بکات. چەکەکانی ئێمە دەتوانێ تواناکانتان لەناو بەرێت، ئێمەش ئامادەین بەکاریان بهێنین.

***

ئەو قسانەی جریفز باسکردنێکی وردی توانای هاوپەیمانەکان بوو بۆ سزادانی عێراق. منیش بە جریفزم وت: "لێمان گەڕێ با چاوەڕوان بین و بزانین وەزعەکە چۆن دەڕوات. ئەگەر دەرکەوت مشتومڕێکی جیدییە، ئەوا ڕەنگە پێویستی بەو خستنە ڕووی ئەو شتانەی ئێوە نەبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئێوە ئامادەبن". پلانی من ئەوە بوو ئەوان مامەڵەیان چۆن بێت، ئێمەش بەو جۆرە وەڵامی تاریق عەزیز بدەینەوە. گەر بەجۆرێکی هیچ لەباردانەبوو قسەی کرد و مەیلی بۆ شەڕ هەبوو، ئەوا جریفز ئەو کەلێنانەی قسەکانی من پڕ دەکاتەوە و ئەگەر دەرکەوت پۆلیسێکی دڵسۆزە بۆ سەدام، ئەوا موحازەرەی هەڕەشەکردن سەبارەت بە سەرکەوتنی سەربازی، چەند بەرەنجامێکی پێچەوانەوەی دەبێت.

لە ڕاستیدا بەهیوای ئەوە بووم عەزیز بیر و ڕای بگۆڕێ، کاتێ گوێبیستی قسەکانم دەبێت، بەڵام تووشی هیچ خۆشخەیاڵییەک نەبووم. گریمانەی

ئەوەم کرد کە وتوویژەکان سەرکەوتوو نابێت و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا شەڕ هەڵدەگیرسێ. بەشێکی زۆری ئەو بەیانە ڕەشبینەی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوای کۆبوونەوەکە خوێندمەوە، ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکە ئامادە کرابوو.

لە کاتێکدا دەمویست بخەوم، دەنگی ئەو خۆپیشاندەرانە بە کزیی دەگەیشتە ژوورەکان کە دروشمیان دژی شەڕ بەرز کردبووەوە، ئەمە لە کاتێکدا خۆئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو. ئەو گرووپەی ئێمە کە پێکهاتبوو لە کارین گرۆمێر و کێم هوگارد و جودی بارینس لەو کۆبوونەوەیەی کە هەتا ٣ی سەرلەبەیانی خایاندبوو، لەگەڵ عێراقییەکان لەسەر مەسەلەی پرۆتۆکۆڵ و ئەو ڕاگەیاندنەی لەسەر مێزی گفتوگۆ باس دەکرێن، ڕێک کەوتبوون. تەنانەت سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر پێش ئەوەی وتوویژەکانمان دەست پێ بکات، ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی دیپلۆماتی بوومەوە. شتێکی ئاسایی بوو کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە بە تەوقەکردن دەست پێ بکەین لە بەردەم کامێرادا، بەڵام من ڕازی نەبووم بەو تەوقەکردنە. نەمدەویست تەوقەکردنەکەم ئاماژەی ئەوە بدات کە ئەمە تەنیا کۆبوونەوەیەکی ڕۆتینیی بوو، لە نێوان هەردوو وەزیرانی دەرەوەدا. مەسەلەکە زۆر بەجیدی ئەمەی تێ پەڕاندبوو... تائێستاش من و عەزیز دیپلۆماتێکی قاڵ بووین. نامەوێ هیچ بەهانەیەک بدەم تا هەندێک بیقۆزنەوە، بۆ ئەوەی گوایە ئێمە نامانەوێ هەنگاوێکی باشتر بنێین. لەبەر ئەوە بڕیارم دا بێ ئەوەی پێبکەنم تەوقەی لەگەڵدا بکەم، سیمای ڕق و بێزاری بەئاشکرا دیار بوو.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساتی وێنەگرتنەکە، دانیشتین بۆ وتوویژکردن لە هۆڵی نەتەوەکان لە ژووری Dی میوانخانەکە. عەزیز لە بەرامبەرمدا دانیشت و چەند کەسێکی لە تەنیشتەوە بوو کە دیارترینیان بەرزان تکریتی دایک برای سەدام بوو. بەرزان سەرکردایەتی موخابەراتی عێراقی دەکرد تا ساڵی

١٩٨٣و دواتر لەبەر چەند هۆیەکی خێزانی، پێوەندییان لەگەڵ سەدامدا تێک چوو. بۆ ئەوەی لە خۆیی دووری بخاتەوە، سەدام بەرزانی ڕەوانەی سویسرا کرد وەک نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە بارەگەی ئەورووپایی نەتەوە یەکگرتووەکان. هێندەی نەبرد بەرزان ئیعتیباری بۆ خۆی گەڕاندەوە، لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی نهێنییەوە لەگەڵ تاراندا بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی نێوان عێراق و ئێران. بەرزان بەدرێژایی کۆبوونەوەکە یەک وشەی چییە نەدرکاند، بەڵام لە ڕێگەی ژمارەیەک لە ئەندامانی تیمەکەیەوە لە جنێف چەند یاداشتێکی پێ گەیشت.

لە کاتی کۆبوونەوەکەدا چەند جارێک چووە دەرەوە. بوونی ئەو لە پاڵ عەزیزدا ئاماژەیەک بوو بەوەی، سەدام ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر کۆبوونەوەکە دەوێت. گەر شتێک هەبێت مایەی گومان بێت، ئەوا بێ چەندوچوون دانیشتنی وەرگێڕە تایبەتییەکەی سەدام بوو لە پاڵ عەزیزدا. چونکە وەزیری دەرەوە (واتە تاریق عەزیز) خۆی ئینگلیزییەکی تەواو دەزانێ و ئاشکراشە عەزیز بە موو لە ڕێنوێنییەکان لا نادات.

***

وتووێژ دەستی پێ کرد و جەمال هیلالی تازە وەرگێڕ بۆ زمانی عەرەبی، لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو. پێم وایە ئەمە یەکەم هەلی ئەو بوو لە وەرگێڕاندا و گرینگترین هەلیش بوو بۆ ئەو. هیواخواز بووم سەرکەوتوو بێت تێیدا، ئەوەبوو سەرکەوتووش بوو. بەبێ هیچ گومانێک ئامادەی کۆبوونەوەکە بووم. تەنانەت گەر سەدام حوسێن پلانی کشانەوەی لە کوەیتیش دانابێت، ئەوا عەزیز هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەل لەو بارەیەوە نادات، بگرە لەبری ئەوە هەڵدەستێ بە کردنی چەند پرسیارێکی نابەجێ و بەرپەرچدانەوەی قسەکانم بە بەهانەی بێ بناغە، چونکە فێڵە سەرەتاییەکانی کشانەوە لەگەڵ هەنگاوە فیعلییەکاندا پێویستە دواتر لە ڕێگەی سەدام خۆیەوە ڕابگەیەنرێت. لەبەر ئەوە هەوڵم نەدەدا بۆ ئەوەی بگەمە پێشنیازێکی

دیاریکراو، بەڵام ئومێدی ئەوەم دەکرد بگەینە هەنگاوێک بە ئاراستەی ڕاستیدا، سەرباری پێشبینی نەکردنی شتێکی وا، بەڵام ئەو هەنگاوە بەهیچ جۆرێک نەنرا.

بەڕێگەی دایەلۆگی دیپلۆماتی کە زیاتر زەمەن شکۆی پێ بەخشیوە، من و عەزیز بە تەعمیمکردن دەستمان پێ کرد و وتم: "ئەمە کۆبوونەوەیەکی گرینگە، هیوادارم لەو ڕایەدا لەگەڵمدا کۆک بن کە ئێمە وەک نوێنەری دوو دەوڵەت کۆ دەبینەوە و هەر دەوڵەتەش سەروەریی خۆی هەیە، سەرباری جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوانمان. نابێت ئامانجمان ئەوە بێت هەریەک لە ئێمە فشار بخاتە سەر ئەوی تر. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت سەرسام بن لەوەی من لێرەم، بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەو بڕیارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داون. من لێرەم بۆ ئەنجامدانی پێوەندیکردنێک کە تەنیا وتووێژکردن ناگرێتەوە، بگرە گوێگرتنیش دەگرێتەوە. هیوادارم هاوڕای من بیت لەو ئارەزووەی هەمە بۆ گوێگرتن و وتووێژکردن. پاشان بەو سیستەمە ڕازی دەبم کە دەتەوێت، بەڵام پێش ئەوەی بڕیاری خۆت بدەیت، ڕێگەم بدە نامەیەکت بدەمێ لە بۆشەوە بۆ سەدام و داوات لێ دەکەم بیدەیتێ. ئەسڵی نامەکە لە زەرفەکەدایە و ئەوەیش نوسخەیەکیەتی، نامەکەم دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دامنا"

لەو کۆبوونەوەیەی سەرەتای ساڵی تازە بەستمان، بۆش بڕیاری ناردنی ئەو نامەیەی دابوو وەک دواهەوڵی ڕاستەوخۆ بۆ پێوەندیکردن بە سەدامەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئەوەمان هەبوو تارق عەزیز نامەکە وەربگرێت، بۆیە بڕیارمان دا لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ئەو نامەیە بنێرین بۆ باڵیۆزی عێراق لە واشنتۆن. هەموومان کۆک بووین لەسەر ئەوەی ئەسڵی نامەکە بخەینە زەرفێکی داخراوەوە و وێنەیەکی لێ بدەین بە عەزیز. گەر فەرمانی پێ کرابێت نامەکە وەرنەگرێت، ئەوا فشارێکی زۆری دەکەوێتە سەر تا بتوانێ خۆی لە خوێندنەوەی وێنەکەی بپارێزێت.

وتووێژ دەستی پێ کرد و وتم: "جەنابی وەزیر سوپاس، هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی بەرهەمدار بێت و ئەوەش بەوە دەبێت هەریەک لە ئێمە گوێبیستی ئەوی تر بێت". داوای کرد کاتێکی بدەینێ بۆ خوێندنەوەی نامەکە و پاش تەواوبوونی لە خوێندنەوە وتی: "جەنابی وەزیر، تۆ باسی ئەوەت کرد ئامانجی کۆبوونەوەکە ئەوە نییە فشار بخەینە سەر یەکتر. نامەکەم خوێندەوە و پڕیەتی لە دەستەواژەی هەڕەشەئامێز. ئەمەش جیاوازە لەو شێوازەی سەرانی دەوڵەتان لەنێو خۆیاندا قسەی پێ دەکەن. لەبەر ئەوە ناتوانم پەسندی بکەم. ڕەنگە بتوانن لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکانتانەوە بڵاوی بکەنەوە و هیوادارم ئەمە نەبێتە هۆی پەکخستنی کۆبوونەوەکەمان. بەدرێژایی ماوەی قەیرانەکە ئێمە هیچ وتووێژمان نەکردووە، لە کاتێکدا هەردوو گەلی ئەمەریکایی و عێراق ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە، بۆیە پێویستە لە هەموو ئەو توانایانە بکۆڵرێتەوە کە دەبێتە هۆی ڕێگایەکی ئاشتیانە بۆ هەردوولا".

منیش وەڵامم دایەوە وتم: "دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بەهیچ جۆرێک ئەم نامەیە بە نەگونجاو دانانێم. ئەم نامەیە گرینگە تا هەر یەکێک لە ئێمە بەئاشکرا لەوەی تر تێ بگات. ناتوانم زۆرتان لێ بکەم بۆ ئەوەی ئەو نامەیە لەگەڵ خۆتان ببەن، هەوڵیش نادەم ئەوە بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بزانیت ڕەنگە بڵاوی بکەینەوە، ڕەنگە بڵاویشی نەکەینەوە. تۆ تەنیا کەسیت لەلایەن خۆتانەوە واتە عێراقییەکان کە ناوەڕۆکی نامەکە بزانێت. پێدەچێت بەرپرسیارییەکی کوشندە بێت کە مرۆڤ لە ئەستۆی بگرێت. گەر ئەمە ئەوە بێت ئێوە دەتانەوێت، با وا ببێت". تەزوویەک بەدەستی عەزیزدا هات و نامەکەی سەرۆک و وێنەکەی عەزیزم لەسەر مێزەکە واز لێ هێنا. لە یەکەم پشوودانی داوام لە کارین گرومیز و ڕون مانزری سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی کرد، لە جێی خۆی بەجێی بهێڵن. دوای دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکان بە تارق عەزیزم وت: "ئامانجی کۆبوونەوەکەمان ئەوەیە واز لە

کـوەیت بهـێنن، چونکە ئەمــە تەنیـا چارەســەرە پەسندی بکەین. ئەگــەر نەکشـێنەوە، ئەوا خـۆمـان لە گـۆڕەپانی شـەڕدا دەبینینەوە. گـەر بەرامبـەر هاوپەیمانەکان بچنە شـەڕەوە، بەدڵنیاییـەوە دەیدۆڕێنن. ئەم شەڕەش دوور و درێژ نابێت، وەک ئـەوەی لەگەڵ ئێراندا کردتان. ئێمـە بـە هەمـوو شـێوازێک لەگـەڵتاندا دەجـەنگین و هەمـوو جـۆرە چەکـێک بەکـار دەهێنین. هەمـوو ئەو ئامـرازانەمـان هەیە، تا ئـێمـە سـروشـتی ئەو جـەنگەی پێ دیاری بکەین کە هـەڵدەگــیــرســێت نـەک ئـێــوە. ئـەمــە هـەڕەشــەکــردن نـیــیــە، بگـرە ئـاگــادارکــردنـەوەتانـە. ڕەنگە بـڕوا نەکــەن بـەوەی دەیڵــێـین، بەڵام ئـەو بەرپرسیـارییـەمـان لەسـەرە تا پێتـان ڕابگەیـەنین کە هێزەکانمان تەیارن بە تەکنەلۆجیـای ئێجگار سـەرکەوتوو. بۆچوونی ئێمـە ئەوەیە کە ئەگەر جەنگ هەڵگیـرسـا، بە ڕای ئێمـە ئەوا ڕووبەڕووی هـێـزێکی پێـشکەوتووی تاقـەت پڕووکێن دەبنەوە. ڕەنگە لەم بۆچوونەدا لەگەڵماندا نەبن و ڕەتیشی بکەنەوە. هێـزەکـانمـان ئەو توانایـەتان لەنـاو دەبات کـە بۆ بـەڕێوەبردنی وڵاتـەکـەتان هەتانە، بگرە توانای سـەرپەرشـتیکردنی هێزەکانیشـتان لەناو دەبـات. ئێمـە ناچارین پێتان ڕابگەیەنین کە هیچ سـسـتییـەک ڕوونادات، چونکە گەر شـەڕ هەڵگیرسـا، بەهۆی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ڕاناگیرێت و هیچ بوارێکیش بۆ دانوسـتـان نامێنێتەوە. گەر شەڕ بەرپا بوو ئەوا شەڕێکی گشتگیر دەبێت و ئەمەش نابێتـە ڤێتنامێکی تر. گەر شەڕ بەرپا بوو، ئەوا مـەبەستی گەیشتن بە ئاکامێکی خێرا و یەکلاییکەرەوە دەبێت".

پاشــان ئـامــاژەم بە لایەنی نائـاشکرایی مــەســەلەکــە دا و تێــیــدا بە دیاریکراوی کـۆڵن پـاوڵ داوای لێ کـردم بـە ڕوونی قـســەی لە بارەوە بکەم. لەوەش ئاگادارم کردنەوە کە ئەگـەر چەکی کیمیـاوی و بایۆلـۆجییـان بەکـار هێنا دژی هێـزەکـانمان، ئەوا گەلی ئـەمەریکایی داوای تـۆڵەکردنەوە دەکات و ئێمـەش ئامـرازەکانـی تۆڵەکردنەوەمـان هەیە. ئەوەی پێـوەندیـی بەم لایەنەی قـسـەکـانمەوە هـەیە، هەڕەشـەکـردن نیـیـە، بگرە پەیمانـێکە، چونکە ئەگـەر

چەکێکی لەم جۆرە بەکارهێنرا، ئەوا ئامانجمان تەنیا ئازادکردنی کوەیت نابێت، بگرە لەناوبردنی ئەم ڕژێمەی ئێستای بەغدا دەبێت و ئەو کەسەی بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی ئەو چەکە، تووشی لێپرسینەوە دەبێت.

***

بۆش لە کانوونی یەکەمدا لە کامپ دیڤید بڕیاری دابوو، باشترین ڕێگە بۆ بەرگرتن لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی لەلایەن عێراقەوە، ئەوەیە هەڕەشەی لەناوبردنی بەعس خۆی بکەین. هەروەها بڕیاریشی دا گەر عێراقییەکان چەکی کیمیاوییان بەکار هێنا، ئەوا ئەمەریکاییەکان بەهەمان چەک تۆڵە دەکەنەوە و هیچ پێویستیش ناکات عێراق لەمە ئاگادار بکرێتەوە. بەو هیوایەی قەناعەتی ئەوەیان پێ بکەم کە پێشبینی ئەوە بکەن شەڕ چ نەگبەتییەکە و هەر بەمەبەست ئەو بۆچوونەم لەلا دروست کردن کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی لەلایەن عێراقەوە، بەشێوەیەکی حەتمی تۆڵەکردنەوەیەکی ئەتۆمیی تەکتیکی دەخوازێت. (ئێمە نازانین ئاخۆ ئەمە بووە هۆی ئەوەی عێراق لە کاتی شەڕەکەدا چەکی کیمیاوی بەکارنەهێنێت. بە ڕای من ئەو تەمومژە حساب بۆکراوەی پێوەندیی بە چۆنیەتی ئەگەری وەڵامدانەوەی ئێمەوە هەبوو، ڕەنگە بەشێک بووبێت لەو هۆیەی ئەوان ئەو چەکەیان بەکار نەهێنابێت).

دواجار گەیشتمە ئەوەی بڵێم: "شەڕکردن هەموو ئەو شتانە لەناو دەبات کە هەوڵتان داوە عێراقی پێ بنیات بنێن. بەهۆی ئامادە نەبوونتان بۆ کشانەوە لە کوەیت، ململانێیەک دروست دەبێت کە عێراق دەکاتە وڵاتێکی لاواز و دواکەوتوو". نیگەرانیی خۆشم بۆ عەزیز دەربڕی بەوەی عێراقییەکان خەریکن هەڵەیەکی تر دەکەن، لە حسابکردن بۆ سووربوونی ئەمەریکا و وتم: "چەند سەرۆکێکی تر هەبوو بە هەڵە توانای دیموکراتییانەی ئەمەریکایان لێک دایەوە و دواجار باجەکەیان وەرگرت، لەبەر ئەوە هەڵەی ئەوان دووبارە مەکەنەوە. بە هەڵە ئەو دەنگە جیاوازانە تەفسیر مەکەن کە لەناو کۆمەڵگەی

ئەمەریکاییەوە گوێتان لێ دەبێت، ئێمە خاوەنی بەهێزترین سیستەمی فەرمانڕەوایین لە جیهاندا و گەر بوارێکمان بۆ نەهێڵنەوە، ئەوا ئەمەریکا یەک دەگرێت بۆ بەرپاکردنی شەڕ".

کاتێک هەوڵم دا بۆ ئەوەی ئەم لایەنە تاریک کەم بە لایەنێکی ڕۆشن بگۆڕم، تاریق عەزیز قسەکانی پێ بڕیم و بە هەڕەشە و گوڕەشەوە کەوتە دوان، منیش لە بەرامبەردا ستایشی ئەو زیرەکییەیم کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بیهێنمە پێکەنین کە کارێکی ئاسان نەبوو. وتم: "ئاگادارم لەو نیگەرانییەی هەتانە سەبارەت بە هێرشکردنە سەرتان، لە کاتێکدا پاشەکشێ بکەن یان پاشەکشێ نەکەن. ڕێگەم بدە ڕاستەوخۆ دڵنیایی سەرۆکتان بۆ دووبارە بکەمەوە کە هێرشتان ناکرێتە سەر ئەگەر لە کوەیت بکشێنەوە". لە ڕاستیدا ئەوەم بیر دەهێنایەوە کە ئەمەریکاییەکان لە پشتەوە تەقە لە دوژمنەکانیان ناکەن. قسەکانم بەوە کۆتایی پێ هێنا و وتم: "ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین عێراق و کوەیت بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە کێشەکانیان یەکالا بکەنەوە، بەڵام پاش کشانەوەی عێراق. من خۆشحاڵم کە سەرۆکەکەتان تۆی ڕەوانەی جنێف کردووە، چونکە ئەمە باشترین دواهەلە بۆ ئاشتی".